دەزگای میدیایی کەرکوك دەریدەکات
تصدر عن مؤسسة كركوك الاعلامية

مجلة گۆڤاری TV

ئاب
2021
4

نیشتیمانێکی تر
لای شێرکۆ بێکەس

الفنان هـــابة
ترك بصمات واضحة
في المقامات
والقوريات

د. شیلان فەتحی:
هێرۆخان وەك دایکێکی میهرەبان
مامەڵەی لەگەڵ کارمەندەکانی
راگەیاندن دەکرد

خنده كركوكي و احمد نجيب
يحصدان الجائزة في المهرجان الوزاري

مجلة
گۆڤاری TV

لەم ژمارەیەدا

جرائم داعش ضد الايزيديين

الحقوقي علي جمال قدوري ..... ص ١٠

باجی هەر بەرمیلێك نەوتی هەناردەکراو لەڕێگەی تورکیاوە

فەرهاد حەمزە ..... ل ١٤

ماهي مواصفات نجاح المجلة ؟

زيد محمود ..... ص ٣٢

گەڕەکەکانی کەرکوك لە ڕوانگەی مێژووە

سمکۆ بەهرۆز ..... ل ٣٦

مجلة شهرية عامة
تصدر عن مؤسسة كركوك الاعلامية باللغتين الكوردية والعربية

رقم الاعتماد في نقابة الصحفيين العراقيين ١٩١٩ في ٢٠٢١/٤/١٩

گۆڤارێکی مانگانەی گشتییە دەزگای میدیایی کەرکوك بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی دەریدەکات

ژمارەی سپاردن لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی عێراق ١٩١٩ لە ٢٠٢١/٤/١٩

سەرپەرشتیاری گشتی - المشرف العام
عیماد ناسیح

سەرنووسەر - رئیس التحریر
رەوان تاڵیب

دیزاین - تصمیم
دڵشاد زەنگنە

بۆ ریکلامکردن - للاعلانات

KRT

07707273939
07503203929

هاوپەیمانی کوردستان... هیوای کۆمەڵانی خەڵکە

ڕەوان تاڵیب

دروستکردنی هاوپەیمانی کوردستان، پێویستییەکی هەنووکەی بوو بۆئەمڕۆی کوردستان و ناوچە جێناکۆکەکان، سەردەمانێك بوو جەماوەر و کادران و هەڵسوڕاوان، ئاواتە خوازی یەکگرتوویی و یەك تیمێکی وابوون لە یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان و بزووتنەوەی گۆڕان، چونکە درێژە پێدەری کۆبوونەوەو ڕێککەوتنی دەباشانی کۆچکردووان سەرۆك مام جەلال و کاك نەوشیروان بوو، بەجێهێنانی ئەو وەسێتەش، سەرەتاییەکی گرنگە بۆ بوژانەوە و ئاوەدانکردنەوەی زیاتری کوردستان و ئاسایش و ئارامیش بۆ ناوچەکە.

هاوپەیمانی کوردستان، ئەزموونی کارەکتەرەکانی و سەرۆکەکەی، ئەوەی سەلماندووە، شارەزایی و لێهاتوویی لە دانوستاندن و لە گفتوگۆکان لە بەغداد، گەواهیدەری ئەوەیە کۆمەڵانی خەڵك متمانەو دەنگی خۆی بە کاندیدەکانی ببەخشێت.

جگە لەوەی دەنگدان مافی هەر تاکێکی کۆمەڵگایە، بەڵام گرنگە دەنگدان لەسەر بنەمای لێهاتوویی و کارامەیی بێت، بە لیستێك کە لیستی گشتگیرو خەمخۆرو نشتیمانی بێت، کاربکات بۆ بونیادنانی کۆمەڵگایەکی سەردەمیانەو گەیاندنی هەرێم و کەرکوك و ناوچە جێناکۆکەکان بە قۆناغێکی ئارام کە تێیدا یاسا کارابێت.

هاوپەیمانی کوردستان، هاوپەیمانیی خەڵکەو هەموان لە دەوریدا کۆبوینەتەوە، زەروورەتی هاوپەیمانێتیەکی وەها بۆ بەغداد، نەك تەنها بۆ بابەتی بودجەو مووچە، بەڵکو بۆ بەدەستهێنانی مافە نەتەوایییەتیەکان گرنگەو خەمی کوردبوون و کوردستانیبوونی لە کۆڵ ناوە.

بۆ یارو نەیار ڕوونبوو کە یەکگرتوویی و یەك تیمی کاریگەری دەبێت بۆ پاراستنی قەوارەی هەرێمەکەمان کە یەکێتی ڕووبارێك خوێنی لە پێناو بەخشیوە.

بۆ ئەزموونی دانوستادنەکانی وەفدی هەرێم بەسەرۆکایەتی هەڤاڵ قوباد تاڵەبانی ئەوەی سەلماند کەوا ئێمە پێشەنگین لە هەڵگرتنی خەم و ئازارەکانی میللەتەکەمان، چونکە ئەزموونی حکومڕانیش بە خەبات و شۆڕش و قوربانیدانی شۆڕشی نوێی میللەتەکەمان بوو بە سەرۆکایەتی رابەرو سەرۆك مام جەلال، بۆیە تەنها ئومێدی سەرکەوتن و دەربازکردنی هەرێمیش لە قەیرانەکان و پاراستنی قەوارەکەی و هێشتنەوەیەتی بە ئارامی لەسەر دەستی هاوپەیمانی کوردستان.

مانەوەو بەرەنگاربوونەوەی گەلەکۆمەی دوای ڕووداوەکانی ریفراندۆم، شاهێدی ئەوەبوون کە سیاسەتی یەکێتی سیاسەتی خەڵکە لە کەرکوك و ناوچە جێناکۆکەکان کە بەمانەوەی نەیهێشت هەژموونی نەیاران جێبەجێ بکرێت و بۆیان یەکلابکرێتەوەو سیاسەتی خۆیانی تێدا جێبەجێبکەن.

بۆیە نەك تەنها بۆ زیادکردنی نوێنەر، گرنگە هەموان لە دەوری هاوپەیمانی کورستان بین، بەڵکو بۆ زامنکردن و پاراستنی شکۆی کورد بوون لەم ناوچەیەو زیادکردنی ئاشتی ئاوەدانی بۆ پێکهاتەکان، هاوپەیمانی گرنگە.

گرێ کوێرەو ناکۆکییەکانی هەرێم، کە لەدوای کۆچی دوایی سەرۆك مام جەلالەوە بەرۆکی میللەتی گرتوەو ناکۆکییە سیاسیەکان شۆڕکراوەتەوە بۆ بڕینی مووچەو بودجەو تەعریبکردنی خاك و کاری نارەواو نابەجێی شۆڤێنیانە، هاوپەیمانی کوردستان دەتوانێت سیاسەتێکی دروست دابڕێژێت، لەسەر بنەمایەکی واقعی و کوردستانیبوون و عاقڵانیبوون، چونکە قفڵی ناکۆکەییەکانی هەرێم و بەغداد، زۆر کەس و لایەن ویستیان بە کلیلی بەرژەوەندییەکانیان و سیاسەتی تاك لایەنە، دەرگای گفتوگۆ و لاپەڕەیەکی نوێ هەڵبدەنەوە، بەڵام نەیانتوانی، بۆیە چارەسەرەکەی تەنها بە سیاسەتێکی کوردانەی یەکگرتوویی وەك هاوپەیمانی دەتوانرێ کلیلەکەی بکرێتەوە.

هاوپەیمانی پشت ئەستوورە، چوونکە هاوپەیمانی خەڵکەو میراتگری ڕێککەوتنامەی دەباشانی سەرۆك مام جەلال و کاك نەوشیروانە، بۆیە بە شوێن پێ و سیاسەت و فەلسەفەی کارکردنی ئەواندا دەچین و خەرمانی سەرکەوتنەکان زیاد دەکەین.

هاوپەیمانی کوردستان لیستێکی گشتگیری کۆمەڵانی خەڵکە

* ئامادەکردن : محەمەد تاهیر

هەڵبژاردن ئەو پرۆسە گرنگ و چارەنووسسازمیە، کە باڵانسی هێزو قەبارەی لیست و هاوکێشەکان دەگۆڕێت، جا هەندێ جار بەئاراستەی باش و باڵا، هەندێ جاریش بەپێچەوانەوە، بۆ بەشداری کاراو کاریگەریش وا دەخوازێت لەهەندێ کاتدا هاوپەیمانێتی لەگەڵ حزب و بزووتنەوەی دیکە بکەیت، هاوپەیمانێتی (یەکێتی نشتیمانی کوردستان) و (بزووتنەوەی گۆڕان) بەناوی (هاوپەیمانی کوردستان) کە درێژکراوەی رێکەوتنی دەباشان بوو بەئامادەبوونی کۆچکردووان سەرۆك مام جەلال و کاك نەوشیروان مستەفا، هەنگاوێکی ژیرانە بوو کە خواستی زۆرینەی خەڵکی کوردستانە، بەو پێیەی ئەو دوو حزبە پێکەوە دەتوانن قورسایی خۆیان لەهەڵبژادنەکانی داهاتووی عێراقدا بسەپێنن کە بڕیارە لە ٢٠٢١/١٠/١٠ ئەنجامبدرێت، بۆ ئەم مەبەستەش لیستی هاوپەیمانی کوردستان (٤٣) کاندیدی بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەستنیشانکردووە، کە بەمجۆرەی لای خوارەوە بەسەر پارێزگاکاندا دابەشکراون:-

پارێزگای کەرکوك حەوت کاندید، پارێزگای هەولێر حەوت کاندید، پارێزگای سلێمانی پانزە کاندید، پارێزگای نەینەوا حەوت کاندید، پارێزگای دهۆك دوو کاندید، پارێزگای بەغداد دوو کاندید، پارێزگای سەلاحەدین دوو کاندید، پارێزگای دیالە یەك کاندید.

لەو کاندیدانەش ٢٥یان لەڕەگەزی نێرن و ١٨شیان رەگەزی مێن، سەرجەمیشیان لەسەر بنەمای توانا و لێهاتوویی و رۆڵ و پێگەیان لەکۆمەڵگەو شارەکانیان دەستنیشان کراون، لەهەموو ئەمانەش گرنگتر، سەرۆکی هاوپەیمانێتیەکەیە هەڤاڵ قوباد تاڵەبانییە و هەمووان هیوای زۆریان لەسەر هەوڵەکانی هەڵچنیوە، رۆڵ و پێگەی کاك قوباد بەجۆرێکە کە لای هەمووان قبوڵکراوەو زۆرینەی دەنگدەران بەوپەڕی دڵسۆزییەوە لەداهاتووی خۆی و هەوڵەکانی دەڕوانن، بۆیە تەنانەت بەشێك لەپسپۆڕانی هەڵبژاردنەکانیش بەگەشبینییەوە شیکاری و شرۆڤەی لیستی هاوپەیمانی کوردستان دەکەن کە پێیانوایە سەنگ و قورسایی خۆی دەبێت.

لەپارێزگای کەرکوك لیستی هاوپەیمانی حەوت کاندیدی بۆ هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، دەستنیشانکردووە ، کە کاندیدەکان کەسانی پسپۆڕ و خاوەنی ئەزموونن، لە بووارە جیاجیاکانن و پارێزگای کەرکوکیش بۆ سەر سێ بازنە دابەشکراوە بەپێی شوێنی نیشتەجێبوونی دەنگدەران.

کاندیدەکانی هاوپەیمانی کوردستان لەکەرکوك، بەسەر دوو بازنەدا دابەشکراون، بەشێوەیەك لە بازنەی یەك، هاپەیمانێتیەکە ٥ کەسی کاندید کردوە ٤ کەسیان لە لایەن (ی.ن.ك) و کاندیدێکیش لە بزووتنەوەی گۆڕان، هەروەها لە بازنەی دووی پارێزگای کەرکوکیش، هاوپەیمانێتیەکە خاوەنی دوو کاندیدە و لەلایەن (ی.ن.ك) وە دیاریکراون.

یەکێتی نشتیمانیی کوردستان، مەبەستێتی هەموو هەوڵ و تواناکانی لەکەرکوك و ناوچە جێناکۆکەکان بخاتەگەڕ تاکو لیستی هاوپەیمانی کوردستان زۆرترین دەنگ بەدەستبهێنێت، بۆ ئەمەش متمانەی تەواوی بەدەنگدەران هەیە، چونکە هاوڵاتیان ئەو راستییە دەزانن، کە یەکێتیی حزبی خەڵکەو پێگەی جەماوەریی هەمیشە لەهەڵکشاندایەو، لیستی هاوپەیمانی کوردستانیش هێندەی دیکە وایان لێدەکات کە بە پەرۆشییەوە بچنە سەر سندوقەکانی دەنگدان و بەدەنگیان پێگەی خۆیان و لیستەکەیان بەهێزبکەن و باڵانسی هێزو سیاسەت جارێکی دیکە رابگرنەوە، کەرکوك و ناوچە جێناکۆکەکان، لەدوای لێکەوتەکانی ریفراندۆمەوە بەئاقارێکی خراپ رۆیشتوومو دۆخی خەڵك و خاکەکەشی بووەتە مایەی نیگەرانی هەموو کوردێکی خاوەن ویژدان، هەر لەوکاتەوە (ی.ن.ك) وەك هێزێکی کاریگەر لەکوردستان، عێراق هاوڵاتیانی لەو سنوورانە جێنەهێشت و سەرباری ململانێی و ئاڵۆزییەکان مانەوەیان لەگەڵ هاوڵاتیان هەڵبژاردوو بەکردار جارێکی تر وتیان لەژێر هیچ فشارو گوشارێك لێرە نارۆین و جێی ناهێڵین، بەپێچەوانەی ئەو حزب و لایەنانەی کە تەنها لەدوورەوە موزایەدەی سیاسیان ئەکردو ئامادەنەبوون بۆ تەنها جارێکیش بێنەوە کەرکوك و لەگەڵ خەڵکەکەی خەم و ئازارەکانیان لەکۆڵ بنێن، لەکاتێکدا، دەیان جار سەردانی بەغدایان دەکردو لەگەڵ ئەو بەرپرسە باڵایانەی عیراق کۆدەبوونەوە کە بەقسەو وتەی خۆیان داگیرکاری کەرکوکن، تا کار گەیشتە ئەوەی دانیشتوانی کەرکوك بەهۆشیاری خۆیان لەو یارییە تێگەیشتن ، بۆیە لەهەڵبژاردنی رابردوو بڕیاریان دا جارێکی دیکە کەرکوك سەوز پۆش بکەن و سەرباری ئەو دۆخە ناهەمووارەی ئەوێ رۆژێ، یەکێتییەکەیان بکەنەوە خاوەنی شەش کورسی، ئێستاش کە سەرکردایەتی (ی.ن.ك) و (بزووتنەوەی گۆڕان) لیستی هاوپەیمانی کوردستانیان پێکهێناوە، تەنها لەبەر ئەوەیە تا دەنگدەران دەنگیان بەفیرۆ نەچێت و بەبێ جیاوازی خزمەتی سەرجەم چین و توێژەکانی کەرکوك و ناوچە کێشە لەسەرەکان بکەن، بۆیە لایەنگران و جەماوەری هەردوولا بەگرنگییەوە لەداهاتووی هەڵبژاردن دەڕوانن، ئەوەی وایکردووە کە لەهەموو کات و ساتێکدا یەکێتی خۆشەویستی جەماوەرەکەی بێت، درێژەدانە بەرێبازەکەی سەرۆك مام جەلال کە هێندەی خەمی کەرکوك و کەرکوکییەکانی بوو، لەئەوجی دەسەلات بوو، کە پۆستی سەرۆك کۆمار بوو، ئەگەرچی ئەرکی زۆر قورس بوو، لێپرسراوێتی وڵاتێکی وێرانەی لەسەر بوو ، بەڵام هێندە پەرۆشی کەرکوك بوو، زۆرجار ئەهات و چەندین رۆژ ئەمایەومو دیدارو کۆبوونەوەی لەگەڵ سەرجەم حزب و لایەنە سیاسییەکان دەکردو سەرجەم کەسایەتی و چین و توێژەکانی دەبینی و گفتوگۆوی لەگەڵ دەرکردن و بەحەکیمی و ژیری و لێهاتوویی خۆی چارەسەری زۆربەی کێشەو گرفتەکانی خەڵکی کەرکوکی لابوو، بۆیە لە ئێستاشدا خوێندکارانی رێبازی سەرۆك مام جەلال، هەموو هەوڵێکیان خستوومتەگەڕ لەپێناو هەستانەوەی یەکێتی، باڤڵ تاڵەبانی هاوسەرۆکی (ی.ن.ك) بەوپەڕی دڵسۆزی و توانایەوە دەیەوێت جارێکی دیکە یەکێتیی بکاتەوە حزبی خانووە قورەکان و کەسوکاری شەهیدان بکاتەوە خاوەنی راستەقینەو قوباد تاڵەبانیش سەرۆکی هاوپەیمانی کوردستان و جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەموو هەوڵێکی بۆ ئەوەیە زۆرترین دەنگ بۆ لیستی هاوپەیمانی کوردستان کۆبکاتەوە تاکو جارێکی دیکە بەخزمەت و هەوڵە بەردەوامەکانیان کوردستان بەکەرکوك و ناوچە کێشەلەسەرەکانیشەوە ببوژێننەوەو هەمووان دەست لەناو دەست، یەکریزی بپارێزن، ئەمەش خواست و هیواو داواکاری راستەقینەی خەڵکی کوردستانەو دەیانەوێت بۆ هەمیشە سیاسەت و رێبازەکەی سەرۆك مام جەلال پارێزراوبێت.

«تغيرات ديموغرافية في الحدود الادارية لكركوك»

اجرتها الحكومات المتعاقبة ومستمرة من قبل اطراف سياسية الان

سعد ملا علي

الحكومات العراقية المتعاقبة اجرت تغيرات ديموغرافية كثيرة في مختلف أنحاء العراق وخصوصا في كركوك والمناطق الكوردستانية الاخرى، وبدأت بتعريب المناطق الكوردية وهدم القرى واخلائها من ساكنيها وجمعهم في مجمعات بعيدة عن كركوك، ناهيك عن عمليات الانفال سيئة الصيت وهدم مئات الالاف من القرى الكوردية، حيث اجرت تغيرات كبيرة وواسعة في الحدود الادارية لكركوك لاسباب سياسية وعنصرية منذ تموز عام ١٩٦٨الى نيسان ٢٠٠٣ ولغاية الان ايضا.

كان على مجلس الوزراء بعد ٢٠٠٣ كاول خطوة له تنفيذ المادة ١٤٠ الدستورية التي شرعت لتطبيع كركوك والمناطق المتنازع عليها واعادة العراق الى المسار الديمقراطي الاتحادي الحر الذي يعيد الاعتبار للشراكة التاريخية بين العرب والكورد ولالتام الجروح العميقة التي لا تزال تنزف الالم والدموع في قلوب ومشاعر عشرات الالاف من ذوي الضحايا من العرب والكورد والتركمان والمسيحيين جراء جرائم النظام المباد.

ففي عام ١٩٦٨ كانت محافظة كركوك تتكون من قضاء كركوك الذي يضم مركز قضاء كركوك ونواحي قره حسن والتون كوبري وشوان وتازة... وايضا قضاء كلار وقضاء كفري الذي يضم مركز قضاء كفري وناحية قره تبة... وقضاء جمجمال يضم مركز قضاء جمجمال وناحيتي اغجلر وسنكاو... وقضاء طوزخورماتو يضم مركز قضاء طوزخورماتو وناحيتي داقوق وقادر كرم، اما قضاء الحويجة يضم مركز قضاء الحويجة وناحية الرياض.

هذا واصدر النظام البائد عددا من القرارات اجرى من خلالها تغيرات كبيرة في الحدود الادارية لمحافظة كركوك، ابرزها المرسوم الجمهوري المرقم ٤١ الصادر من قبل احمد حسن البكر لابدال اسم محافظة «كركوك» الى «التأميم» في ١٩٧٦/١/٢٩.

ومن خلال المرسوم الجمهوري المرقم (٦٠٨) في ٦/١١/١٩٧٥ حيث تم فك ارتباط قضائي جمجمال وكلار من محافظة كركوك وربطهما بمحافظة السليمانية وفك قضاء كفري من محافظة كركوك وربطه بمحافظة ديالى.

اما من خلال المرسوم الجمهوري المرقم (٤١) في ٢٩/١/١٩٧٦ تم فك قضاء خورماتو مع توابعه باستثناء ناحية داقوق من محافظة كركوك والحاقها بمحافظة صلاح الدين.

اما بالمرسوم الجمهوري المرقم (٣٣) الذي صدر في ٢٥/١٢/١٩٧٦ تم تغيير في الحدود الادارية للقرى التابعة لقضاء مخمور وبصورة خاصة في ناحيتي (كنديناوه وقراج) وربطهما بناحية دوبز.

اما من خلال المرسوم الجمهوري المرقم (٥١٤) في ١-١-١٩٨٤ تم فك ناحية الزاب من قضاء الشرقاط التابع لمحافظة نينوى وربطها بقضاء الحويجة في محافظة كركوك.

واستنادا الى الامر الصادر من محافظة كركوك - التاميم انذاك بموجب كتاب المحافظة المرقم ١/١٣/٨/٧٦٤ في ١٢/٧/١٩٨٧ تم بموجبه الغاء نواحي قره هنجير وشوان ويايجي وقره حسن.

اما المرسوم الجمهوري المرقم (٤٣٤) في ٢٥/٩/١٩٨٩ تم من خلاله فك وحدات ادارية من قضاء كركوك والتون كوبري وبعض المقاطعات والحاقه بمحافظة اربيل.

والمرسوم الجمهوري المرقم (٢٤٥) في ١٥/١٠/٢٠٠٠ تم بموجبه استحداث ناحية (سركران) وربطها بقضاء دوبز حيث ان هذه الناحية كان سكانها من الكورد وتم ترحيلهم؛ ووزعت اراضيهم الزراعية على العشائر العربية الوافدة.

وتم بموجب المرسوم الجمهوري (٢٣٥) في ١/١/١٩٩٦؛ بعض التغيرات في المقاطعات بين محافظتي اربيل وكركوك؛ الغرض منها تعريب تلك المناطق.

كما وتم بموجب المرسوم الجمهوري (٥٠٨) في ١/١/١٩٨٧؛ الغاء ناحية قادر كرم التابعة لقضاء جمجمال في محافظة السليمانية، حيث كانت تلك المناطق ارضا محرمة؛ وتعرض سكان تلك المناطق الى ابشع عمليات الانفال.

وفي محاولة لحل هذه الاشكالات واعادة ترسيم الحدود الادارية للمحافظات التي اجريت عليها تغيرات ادارية، قدم الرئيس مام جلال في تشرين الأول ٢٠١١ مشروع قانون إلى مجلس النواب والغاء جميع المراسيم الجمهورية التي صدرت بهذا الخصوص.

وينص القانون على إلغاء المراسيم والقرارات كافة وأية تشريعات أخرى كان النظام البعثي المباد قد أصدرها بغية تحقيق أهدافه السياسية، وتضمنت تغييرات غير عادلة وتلاعبا بالحدود الادارية للمحافظات والاقضية والنواحي في العراق.

وقرر الرئيس مام جلال بناء على ما اقره مجلس النواب طبقا لأحكام البند أولا من المادة ٦١ والبند ثالثا من المادة ٧٣ من الدستور؛ على الغاء المراسيم والقرارات كافة وأية تشريعات أخرى كان النظام

الوقائع العراقية
في جمهورية العراق
محافظتان جديدتان واسم صلاح الدين وتنتهي
بدال اسم محافظة كركوك الى التأميم

المباد قد أصدرها بغية تحقيق أهدافه السياسية في أنحاء جمهورية العراق.

وبتطبيق هذا القانون؛ فان العديد من المحافظات المشمولة بالقانون ستفقد مساحات واسعة وكبيرة من أراضيها خصوصا محافظة صلاح الدين التي لم يكن لها وجود قبل عام ١٩٦٨؛ وشكلت بقرار من نظام صدام حسين مطلع سبعينات بعد ضم بعض الاقضية والنواحي إليها من محافظات بغداد وكركوك.

هذا ولحد الان تستمر محاولات بعض اطراف سياسية في كركوك وبغداد لتغيير ديمغرافية محافظة كركوك من خلال الاستلاء على اراضي الكورد في قرى داقوق ودوبز وسركران، ولا تزال مشكلة أراضي المزارعين الكورد مستمرة دون حل؛ وقد تمكن الوافدون العرب من الاستيلاء على أراضي الكورد في قسم من قرى كركوك، هذا ما عدا احراق محاصيل العديد من المزارعين الكورد اثناء موسم الحصاد في الاعوام السابقة.

دهور غابرة في مشاهدة نادرة:

مدرسة محو الامية ، كركوك عام 1933

الكتابة والبحث : شرف الدين جباري

هي صورة اخرى كركوكية نادرة وجميلة وتنشر هنا لاول مرة، توضح بمافيها الكفاية. الواقع الحياتي والاجتماعي البسيط والاصيل انذاك ولاتحتاج لتفاصيل اكثر هنا والتي هي بحاجة الى تلك التفاصيل ولكن لندع الصورة والتمعن بدقائقها تبين للناظر الكريم الكثير حولها وهي لاحدى مدارس مكافحة الامية بمركز مدينة كركوك وعلى الارجح مكان المدرسة هي في البناية المؤقتة للمكتبة المركزية العامة .

حيث يظهر اولئك المجموعة من الطلبة الناشدين للتعلم ومحو الامية من حياتهم والذين هم من فئات عمرية مختلفة، في حالة غمرة وسعادة وقد تدثروا بالالبسة الشعبية الوطنية المعروفة والذين هم بالتأكيد جدود للاجيال الكركوكية الحالية ويظهر في الصورة التعايش الانساني بابهى صورها وهي ضمن فترة الحكم الملكي (١٩٢١ - ١٩٥٨).

ومعلوم بان حملات مكافحة ومحو الامية هي من البرامج التي طبقت ولاتزال في المجتمعات منذ القدم بموازاة انظمة التربية والتعليم الاخرى ولم يكن كركوك، المدينة ذات التأريخ العريق، بمعزل عن تلك البرامج والانظمة منذ القدم وحتى يومنا هذا. والصورة المنشورة هنا دليل حي على ذلك.

فتحية لكل جهد خير ومخلص على طريق محو وازالة الامية والتخلف من المجتمع و السير نحو تطور ورقي المجتمعات الانسانية نحو الافضل .

لەکەناڵێکی لۆکاڵیــیەوە، بۆ دەزگایەکی میدیایی

ئامادەکردنی : محەمەد تاهیر

پـرۆسـەی ئـازادی لـە ٢٠٠٣ سـاڵێکی تێپەڕاندبوو ، بەدیاریکراوی لەجەژنی نەورۆز، لە ٢١ / ٣ / ٢٠٠٤ ، بەهەوڵ و خەمخۆری سەرۆك مام جەلال، مەکتەبی راگەیـانـدنـی (ی.ن.ك) کەنـاڵێکی لۆکاڵیی بەکەرکوکییەکان بەخشی و یەکەم بەڕێوەبەری ئەو کەناڵەش (عارف قوربانی) نووسەرو ڕۆژنامەنووس بوو، کە هـەر لـەسـەرەتای پەخشی ئـەو کـەنـاڵـەوە لەگەڵ کادرو کارمەندەکانی توانییان قۆناغێکی نوێی راگەیاندن لەسەر بنەمای ئازادی و پێکەوە ژیان بەرجەستە بکەن و ببنە جێی رەزامەندی بینەران لەکەرکوك و ناوچەجێناکۆکەکان ، کاریگەری ئـەو کـەنـاڵە لۆکـاڵییە بـووە هـەوێنی ئـەوەی دوای حـەوت سـاڵ هەنگاوێکی دیکە بهاوێژێت و بیر لەئاسمانی بوونی بکرێتەوە، تا دواجار دیسانەوە بەهەوڵ و خەمخۆری سەرۆك مام جەلال، دیارییەکی بەنرخ ببەخشرێتە شارێك کە لەراگەیاندن و میدیای راستەقینە بێبەشبوون، ئەوە بوو، لە ٣ / ٩ / ٢٠١١ پەخشی ئەزموونی خۆی دەستپێکردو چاوی بینەرانی پێ شادبوو، سـەرەتـای کـردنـەوەی کـەنـاڵـەکـەش بە وتارێکی زێڕینی سەرۆك مام جەلال بوو، کە تەئکیدکردنەوە بوو لەرۆڵ و پێگەو گرنگی کـەرکـوك و ناوچـەکـێشە لەسـەرەکـان، بەسەرجەم نـەتـەوەو ئاین و ئاینزاکانییەوەو بوونی کەناڵێکی لەو چەشنەی بەشایەنی کەرکوکییەکان زانی و یەکەم کەسیش بوو پیرۆزبایی لێکردن، ئیدی هـەر لەوکـاتـەوە، (نـزار خـەسـرەو) بـووە بـەڕێوەبـەری کەناڵەکەو شان بەشانی کادرو کارمەندەکان رۆڵی باش و کاریگەری بینی و توانی بینەری کەرکوکی بە دوونیای راگەیاندن ئاشنا بـکـات، سـەرەڕای ئـەو دۆخـە نـالـەبـارەی رووبـەڕووی عـێراق بـەگـشـتی و سـنـوری پارێزگای کەرکوك بووەوە، کەناڵەکە ئەگەرچی پێداویستی و کەمووکوڕی زۆر هەبوو، بەڵام خەمخۆری بەشێك لەکادران و کارمەندەکان وایکرد بەو حاڵەشەوە نەوەستێ و پەخشی بەردەوام بێت.

قـۆنـاغـێـکـی دیـکـەی ئـەو کـەنـاڵـە، هاتنی (رزگـاری حاجی حەمە) بوو، وەك بەڕێوەبەری کەناڵەکە، هەڵبەت ئەویش بێ درێغیکردن، هەوڵی خۆیداو چەندین گۆڕانکاری کـردو توانی بـرەو بەبەشە جیاجیاکانی بدات.

کـەنـاڵـەکـە هـەر لـەپـەخـش بـەردەوام بـوو، بـەڵام بـەڕێوەبـەرەکـان مـاوە مـاوە گۆڕانکارییان بەسەردا دەهات، هەر بۆیە دلێر مامۆستا قادریش بەتواناو دڵسۆزی خۆی چەند ساڵێك ئەرکی بەڕێوەبردنی کەناڵەکەی لەئەستۆگرت و هەوڵی خۆی بۆ بەرەوپێشبردنی کەناڵی کەرکوکدا.

هەڵبەت هـەر یەکێك لەو بەڕێوەبەرانە شێوازو پلانی کارکردنی تایبەت بە خۆیان هەبوو بۆ سەرکەوتن لەپۆستەکانیان و خزمەتکردنی بینەران.

دواتریش (شوان داودی) وەك سەرپەرشتیاری کەناڵەکە دەستبەکاربوو، ئەویش هەوڵی خۆی بۆ بەرەوپێشبردنی کەناڵەکە دا، لەئێستاشدا سەرپەرشتیاری دەزگـای میدیایی کـەرکـوك (عیماد ناسیح)، لـە مـانـگـی رابـردووە وەك بـەڕێوەبـەری گـشـتی دەزگـای مـیـدیـای کـەرکـوك دەستبەکاربووە، بێگومان ئەویش پلان و ئەزموونی خۆی لەم پۆستەدا بەکاردەهێنێت و لـەسـەرەتـاوە لـەهـەوڵی بـەرەو پێشبردنی دەزگاکەیە.

لـەوتـەیـەکـیشـیدا لـەدەیـەمـین سـاڵـیادی کەناڵی ئاسمانیی کـەرکـوك، (عیماد ناسیح) تەئیکید لـەوە دەکـاتـەوە کە بەهەوڵ و هیمەت و خەمخۆری هەموو لایەك و بەپاڵپشتی مەکتەبی راگەیاندنی (ی.ن.ك)، وێستگەیەکی تری پڕ لەداهێنان و سەرکەوتنی دەزگاکە بەردەوامدەبێت تا ئەو ئاستەی بینەر کەناڵەکە بەموڵکی خۆی بزانێت.

کەناڵی کـەرکـوك هەمیشە پیشەییانە ئەرکەکانی جێبەجێکردووەو دوای هاش و هوش نەکەوتووەو توانیوێتی هاوسەنگی لـەنـێـوان هـەمـوو پـرسـە هـەسـتـیـارەکـان رابـگـرێـت، بـەتـایـبـەتـی ئـەو پـرسـانـەی پـەیـوەسـتـن بـە گـەلـی کـوردو ئـەمـنـی قەومییەوە، هەر بۆیە زۆربەی کات دەستی بۆ هـەنـدێ بابەت نـەبـردووەو هەمیشە لە خەمی ئاسایش و ئۆقرەیی و پێکەوە ژیانی کـەرکـوکـیـەکـان و کـۆمـەڵانـی خەڵك بووە و کـاریـکـردوە بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتی چەپکە گوڵەکەی سەرۆك مام جەلال، بە هەر چوار زمانی نەتەوە و پێکهاتەکانی کەرکوك بەردەوامە لە پەخش و بڵاوکردنەوە.

لەئێستادا کە داگیرساندنی مۆمی ١٠ ساڵەی کەناڵەکەیە، دەزگـای میدیایی کەرکوك، لەم بەشە گرنگە پێکهاتوون:-

١- کەناڵی ئاسمانیی کەرکوك
٢- رادیۆی کەرکوك ئێف ئێم
٣- کەناڵی کەرکوك سپۆرت
٤- سایتی کەناڵی کەرکوك بەهەردوو زمانی کوردی و عەرەبی
٥- بەشی سۆشیال میدیای کەناڵی کەرکوك
٦- گۆڤاری تیڤی

چەندین بەش و ناوەندی تریش لەبووارە جیاجیاکان کە سەرجەمیان بەپاڵپشتی مەکتەبی راگەیاندن لەخزمەتی بینەرو خوێنەرو هاوڵاتیان بەگشتی دەبێت.

لـە بـەش و یـەکـەکـانـی تـیـڤـی جـگـە لـە پێکهاتەی کـورد، هـەریـەکـە لە پێکهاتەکانی دیکەی وەك تورکمان و عەرەب و ئاشووری بوونیان هەیەو هەر یەك لەوان بەزمانی خۆیان هـەواڵ و بەرنامەیان هەیەو سیاسەتی چەپکە گوڵەکەی سەرۆك مام جەلال و یەکێتیی پەیڕەو دەکەن.

بـەشـی هـەواڵ و بـەشـی بـەرنـامـەکـان بـەتـەواوی یـەکـەکـانـیـەوە هـەمـیـشـە لـەهـەوڵی پێشکەشکردنی باشترینن بۆ بینەرانی شاشەکە،سەرجەم کادرو کارمەندەکانی تریش بەوپەڕی دڵسۆزییەوە کارەکانیان رایی دەکـەن و توانیویانە ماندوو نەناسانە خزمەت بکەن.

مەڵبەندی کەرکوکی (ی.ن.ك)یش، لـەسـەرەتـای دامـەزراندنـی دەزگـاکـەوە رۆڵی باڵای هەبووە لەپاڵپشتی و پشتیوانی دەزگاکە.

هـەروەك نـووسـەرو رۆشنبیرو هونەرمەندو سەندیکای رۆژنامەنووسانی شارەکەش بەپێی توانای خۆیان توانیویانە هەر کەس و لـەبـووارە خـۆی رۆڵ ببین بـەو پێیەی کەناڵەکە بەبەشێك لەخۆیان دەزانـن، بۆیە ئەگەر ئەم پرسیارە لەخۆمان بکەین کە ئایا پاش تێپەڕبوونی ١٠ ساڵ، پێویستە ئەرکی نوێی کەناڵەکە چیبێت؟!

وەڵامـی ئـەم پرسیارەش لەداگیرساندنی مۆمی یانزەیەمین ساڵەی کەناڵەکەدایە واتا پاش ساڵێکی دیکە کارو پرۆژەو بەرهەمی ئەمساڵ بەدیار دەکەوێت.



جرائم داعش ضد الايزيديين

أعداد : الحقوقي المقدم علي جمال قدوري

الايزيديون هم اقلية عرقية ودينية تعتبر من اقدم الديانات ويكتنفها العزلة والغموض لاسيما قبل المأساة التي الحقتها بهم الدولة الاسلامية المزعومة ، واسم الايزيدية نفسه مثير للجدل والبعض يربطه باسم اليزيدية اي اتباع يزيد بن معاوية الخليفة الاموي الذي عرف بقتاله الشيعة وضلوعه في تدبير مقتل الامام الحسين (ع) في كربلاء، والبعض ربط الاسم الايزيدية بكلمة إيزيد EZID اي «الله» باللغة الكردية وتعني الكائن الاسمى وهو يشدد على التأثر بالزرداشتية والثقافة الهندية الإيرانية ، يتراوح عدد سكان الايزيديين بين ٧٠٠ الف- مليون نسمة، يعيش معظمهم في العراق والبعض في سوريا وتركيا والمانيا وجورجيا وارمينيا.

بداية المأساة وهجوم داعش:

في اوائل آب ٢٠١٤ شن تنظيم داعش هجومه على منطقة سنجار شمال العراق واحكم السيطرة على الاقليم ما دفع حوالى ٣٥ الى ٥٠ الف شخص من المجتمع الايزيدي ومعظمهم من النساء والاطفال إلى اللجوء إلى مواقع في جبال سنجار للنجاة بأرواحهم، كما فر نحو ١٣٠ الفا منهم الى مدن دهوك واربيل في كردستان العراق.

شكل هجوم سنجار بداية حملة عالية التنظيم وبالغة الوحشية لمحو الهوية الايزيدية قتل فيها الآلاف من الايزيديين مباشرة، في حين اختطفت المئات من الفتيات الايزيديات والاطفال واخذوا اسرى لدى التنظيم ليتم بعد ذلك مقايضتهم وبيعهم واسترقاقهم. تضمن تقرير البعثة الفيديرالية لحقوق الانسان شهادات كثيرة لنساء وفتيات ايزيديات تم استرجاعهم من التنظيم تحدثن فيها عن الممارسات الجنسية الوحشية لعناصر داعش في حقهن، ما يؤكد أن التنظيم اعتمد ايدولوجية ممنهجة من الاسترقاق والعنف الجنسي يرتقي إلى وصفه بالجرائم ضد الانسانية او جرائم الابادة الجماعية.

جرائم الابادة الجماعية :

هي اي فعل يرتكب بقصد اهلاك جماعة قومية او اثنية او عرقية او دينية بصفتها هذه اهلاكا كليا ام جزئيا: قتل افراد الجماعة، الحاق ضرر جسدي او عقلي جسيم بأفراد الجماعة، اخضاع الجماعة عمدا لأحوال معيشية يقصد بها الاهلاك الفعلي كليا ام جزئيا، نقل اطفال الجماعة عنوة الى جماعة أخرى ومن هنا يمكن تصنيف ما تم ارتكابه بحق الايزيديين على أنه جريمة إبادة جماعية يجب ان تتخذ بحقه الإجراءات الدولية والمحلية بصورة ضرورية وانصاف مظلوميتهم بصورة عادلة، وحسب قانون روما الأساسي للمحكمة الجنائية الدولية عام ١٩٩٨ م والمادة الثانية الفقرة الأولى من قانون منع إبادة الجنس البشري للعام ١٩٤٨ فأن جرائم داعش ضد الايزيديين هي جرائم إبادة جماعية.

الجرائم المرتكبة ضد الايزيديين

وفقا للشهادات التي جمعتها البعثة الدولية لحقوق الانسان، ارتكب تنظيم داعش نمطا واضحا من جرائم الابادة الجماعية من طريق الحاق اذى جسدي او عقلي جسيم بأفراد الجماعة ومن طريق تعهد خوض احوال معيشية يقصد بها انزال الهلاك الجسدي بالجماعة كليا او جزئيا، وتبين ان داعش ارتكب جرائم ضد الانسانية من خلال هجومه على منطقة سنجار في شمال العراق، أي منطقة وجود الايزيديين وكان عملا بسياسة تنظيم الدولة الاسلامية وفق نمط ممنهج من اعمال العنف الجسدي والعنف الجنسي ضد النساء والفتيات الايزيديات وضمن سياق واسع النطاق ووفقا لشهادات الفتيات الضحايا اللواتي خضعن للاسترقاق الجنسي على يد افراد التنظيم من مختلف الجنسيات.

دور المحكمة الجنائية الدولية

بعد هجوم داعش على منطقة سنجار تلقى مكتب المدعية العامة في المحكمة الجنائية الدولية رسائل ودعوات من المجتمع المدني ومن حكومة اقليم كردستان، طالبها بالتدخل والتحقيق في الجرائم المرتكبة من تنظيم داعش في حق الايزيديين باعتبارها جرائم إبادة جماعية وجرائم ضد الانسانية.

الا انه في ٨ نيسان ٢٠١٥ اصدرت المدعية العامة لدى المحكمة الجنائية الدولية السيدة فاتو بمسودة بيانا اعلنت فيه «تبدو احتمالية قيام مكتبي بالتحقيق وملاحقة اولئك الذين يقع عليهم اكبر قدر من المسؤولية ضمن قيادة تنظيم داعش محدودة»، وبررت قرارها بقولها ان الاساس القضائي لفتح تحقيق مبدئي في تلك المرحلة ضيق جدا باعتبار سوريا والعراق دولتين غير طرفين في بروتوكول روما المؤسس للمحكمة.

وباعتبار ان جريمة داعش ضد الايزيديين هي إبادة جماعية يجب على المحكمة الجنائية الدولية أن تتخذ كافة الإجراءات اللازمة لتعويض المتضررين واخذ حقوقهم من مرتكبي الجرائم بحقهم مهما كانت جنسيتهم التي يحملونها لأنهم تعرضوا للعنف والاتجار بهم وممارسة الجنس والتهجير القسري والقتل وهذه هي جزئيات تصنيف ما ارتكب بحقهم كإبادة جماعية .

رد فعل مجلس الامن بحق الإبادة الجماعية الايزيدية

منذ بدء هجوم داعش على الايزيديين في العام ٢٠١٤ وحتى ٢٠١٧ لم يتحرك مجلس الامن لاتخاذ اي قرار في شأن احالة القضية الايزيدية على المساءلة الدولية امام القضاء الدولي رغم المطالبات العديدة من منظمات المجتمع المدني والدول الاعضاء الى ان صدر القرار رقم ٢٣٧٩ حول محاسبة تنظيم داعش عن الجرائم التي ارتكبها في العراق، بما في ذلك الجرائم التي ترقى الى مستوى جرائم حرب وجرائم ضد الانسانية والابادة الجماعية، وطالب القرار بانشاء فريق تحقيق برئاسة مستشار خاص للامين العام لدعم الجهود المحلية الرامية الى مساءلة تنظيم داعش من طريق جمع وحفظ وتخزين الادلة في العراق على الاعمال التي ترقى الى مستوى جرائم حرب والابادة الجماعية والجرائم ضد الانسانية.

ورغم ترحيب العراق على لسان وزير خارجيته ابراهيم الجعفري بالقرار واعتباره انتصارا للعدالة الانسانية وللضحايا، وتعبيرا عن الرفض العملي لوحشية داعش الا ان هذا غير كاف. مهمة فريق التحقيق اقتصرت على القاء المسؤولية على تنظيم داعش حول الجرائم المرتكبة ضد افراد المجتمع الايزيدي وتوثيق الادلة من دون الاحالة الى المحكمة الجنائية الدولية. ما اعتبره البعض فرصة ضائعة لتحقيق العدالة الدولية الشاملة.

الإجراءات الواجب على منظمة الأمم المتحدة القيام بها حول الايزيديين

١- اعتبار جريمة الإبادة الجماعية (الايزيدية) من الجرائم الخطرة والتي تثير قلق المجتمع الدولي بأسره وفقا لما جاء في ديباجة نظام المحكمة الجنائية الدولية لعام ١٩٩٨ وفي المادة الخامسة منه .

٢- اعتبار جريمة الإبادة الجماعية (الايزيدية) انتهاكا لحقوق الإنسان قد يصل وصفها الى (تهديد للسلم والأمن الدوليين) تستوجب تدخل مجلس الأمن استنادا للفصل السابع من ميثاق الأمم المتحدة .

٣ - الاعتراف الدولي بالاختصاص الشامل والذي يعني ملاحقة الفاعل ومقاضاته أمام المحاكم الجنائية الوطنية بصرف النظر عن مكان ارتكاب الانتهاك أو جنسية الفاعل أو الضحية نفسها .

٤- اعتبار قاعدة (أما التسليم أو المحاكمة لمرتكبي جرائم الإبادة بحق الايزيديين) قاعدة معترف بها على المستوى الدولي حيث تلزم الدول في حالة عدم محاكمة فاعلي الجريمة بتسليمة للقضاء الدولي بأعتبار هذا الاخير قضاء مكملا للقضاء الوطني وفقا لما جاء في (نظام روما) للمحكمة الجنائية الدولية عام ١٩٩٨ .

٥- التأكيد على منع جواز منح المتهمين بهذه الجرائم الحماية واللجوء في كافة الدول .

القرارات الدولية حول داعش ضد الايزيديين باعتبارها جريمة ابادة الجماعية وعقوباتها

توجد العديد من النصوص الاتفاقية الدولية حول جريمة الإبادة الجماعية أهمها :

١- معاهدة حظر الابادة والمعاقبة عليها لعام ١٩٩٨ .

٢- معاهدة حظر الأبارتهيد لسنة ١٩٧٣ والتي نصت في المادة (٢) منها على اعتبار قتل أعضاء من مجموعة بشرية جريمة دولية .

٣- مشروع تقنين الجرائم ضد السلام وأمن الانسانية لعام ١٩٩٦ .

٤ - نظام روما بشأن المحكمة الجنائية الدولية لعام ١٩٩٨ والذي دخل حيز النفاذ في عام ٢٠٠٢ .

ما يجب ان تفعله الحكومة العراقية حول الابادة الجماعية ضد الايزيديين

يجب على الحكومة العراقية أن تتخذ القرارات المناسبة ضد مرتكبي جرائم الإبادة الجماعية بحق الايزيديين ، إضافة الى ذلك أن الحكومة العراقية لا تمتلك ولاية قضائية لتطبيق الاحكام على الجرائم الدولية التي ارتكبت في العراق بحق الايزيديين والتي تنص عليها بنود القانون رقم (١١١) للعام ١٩٦٩ ، كما أن العراق غير منضم الى النظام الأساسي للمحكمة الجنائية الدولية لذلك لم يتبن إحالة الصراع الحالي الى المحكمة الجنائية الدولية وفقا للمادة ١٢ من النظام الأساسي للمحكمة .

من هنا لا بد للعراق اجراء مجموعة من التعديلات على قانون العقوبات العراقي رقم ١١١ للعام ١٩٦٩ لضمان اكتساب المحاكم العراقية الوطنية الولاية القضائية فيما يتعلق بالجرائم الدولية التي ارتكبت في العراق .

كما يجب على العراق الانضمام الى نظام روما الأساسي للمحكمة الجنائية الدولية لكي يتسنى له إحالة الوضع الخاص في البلد الى الولاية القضائية للمحكمة وفق المادة ١٢ من قانون روما .

إضافة الى ما تقدم يجب على العراق ان يقوم بتعويض المتضررين من جراء هذه الجرائم ماديا ونفسيا ومحاولة توفير العيش الكريم لهم والعمل ليعودوا طوعيا الى أماكن سكنهم ليشيعروا بالطمأنينة إضافة الى ضرورة اجراء برامج أعادة التأهيل للمتضررين نفسيا وخاصة النساء اللواتي تعرضن للتعنيف والاغتصاب او الأطفال الذين تم قتل ذويهم وتعرضوا للتهجير القسري .

التوصيات التي يجب القيام بها حول الجرائم التي حدثت بحق الايزيديين

١. ضرورة احالة مجلس الامن ملف الجرائم الارهابية على المحكمة الجنائية الدولية تحت بند الفصل السابع باعتبار ان جنسية معظم المجرمين من دول موقعة على اتفاق روما المنشئ للمحكمة.

٢. قبول اختصاص المحكمة الجنائية الدولية من الدولة العراقية .

٣. تطوير برنامج دعم وحماية الشهود والضحايا الموجهة الى المجتمع الايزيدي المتضرر.

٤. التعاون بين العراق وبعض الدول العربية والاوربية الأخرى لغرض التحري والبحث عن النساء الايزيديات المفقودات واعادتهن الى ذويهن في العراق .

٥. جمع المعلومات والوثائق من اجل توثيق هذه الجرائم ابان سيطرة داعش من اجل توصيف هذه الجرائم كجرائم إبادة جماعية يعاقب مرتكبوها وفقا للقانون الدولي .

٦. اتخاذ المحكمة الجنائية الدولية الإجراءات اللازمة بحق مرتكبي هذه الجرائم لما لها من تأثير على العراق والدول المجاورة والعالم بوصفهم مجرمين من الممكن ان يضروا الامن والسلام الدولي .

ڕەوشت بەرزی پەیامنێرێکی کەناڵی کەرکوك وەزیری بەرگری عێراق دەهێنێتە دەنگ

هێزە ئەمنییەکان پیشەیی بوونی

مامەڵەی نێوان پەیامنێرێکی دەزگای میدیایی کەرکوك و سەربازێکی سوپای عیراق لەکاتی ڕومالْکردنی ڕوداوی نەمانی ئۆکسجین لەنەخۆشخانەی شیفای ١٤ی تایبەت بەتوشبووانی کۆرۆنا لەشارەکە، بوە جێی سەرنجی بینەران و ڕۆژنامەنوس و فەرماندە سەربازییەکان، تا ئەو ئاستەی گرتە ڤیدیۆییەکە گەیشتە بەردەستی وەزیری بەرگری عیراق.

ڕووداوەکە لە شەوی ٢٦-٢٧ /٢٠٢١/٧ ڕویدا، کاتێك سیستەمی ئۆکسجین لە نەخۆشخانەی شیفای ١٤ی کەرکوکی تایبەت بە توشبوانی کۆرۆنا پەکی کەوت و کەناڵی کەرکوك وەك تاکە دەزگای ڕاگەیاندن، ڕووداوەکەی ڕوومالْ کرد، لەو کاتەدا سەربازێکی عیراقی داوای ڕێگە پێدان لە شالاو عومەر پەیامنێری کەناڵەکە دەکات، لەبەرامبەردا پەیامنێری کەناڵی کەرکوك بەوپەڕی ڕەوشت بەرزی و پابەندبوون بە ئیتیکی ڕۆژنامەوانییەوە وەلامی سەربازەکە دەداتەوە و وێڕای بەردەوامی لەرومالْکردن، ناهێڵێت دۆخەکە تێکبچێت و ئەرکی سەربازەکەش لەبەرچاودەگرێت.

ڕەوشت بەرزی شالاو عومەر پەیامنێری کەناڵی کەرکوك دەبێتە مایەی سەرنجی فەرماندەیی هێزە هاوبەشەکان لەکەرکوك، و لە ٢٠٢١/٧/٢٨ دوای بانگهێشتکردنی بۆ بارەگای پێشکەوتوی ئۆپراسیۆنە هاوبەشەکان، لەلایەن فەریق ڕوکن عەلی فرێجی فەرماندەی بارەگاکەوە دەستخۆشی لێکرا و پیشەیی بونی پەیامنێرەکەش بەرزنرخێندرا.

لەدیدارەکەدا، فەریق ڕوکن عەلی فرێجی، فەرماندەی بارەگای پێشکەوتوی ئۆپراسیۆنە هاوبەشەکانی کەرکوك، ڕایگەیاند: گرتە ڤیدیۆیی ڕومالْەکە چوەتە پێش دەستی وەزیری بەرگری عیراق و ڕایسپاردووم بەنوێنەرایەتی ئەو، ڕەوشت بەرزی و پیشەیی بونت بەرزبنرخێنم وەك چۆن کەناڵەکەتان لەڕومالْکردنی ڕوداو و گواستنەوەی بابەتەکاندا بەوپەڕی پیشەییوونەوە مامەڵە دەکات و ڕەچاوی دۆخی پێکەوەژیانی شارەکەی کردوە.

لای خۆشیەوە عەمید ڕوکن عەمار ئەحمەد، سەرۆك ئەرکانی بارەگای پێشکەوتوی ئۆپراسیۆنە هاوبەشەکانی کەرکوك، ڕایگەیاند: ڕۆلی پەیامنێری کەناڵی کەرکوك بەرز دەنرخێنین کە بە مامەڵەی جوان و دروستی، ڕەوشت بەرزی سەربازەکەی دەرخست .

ئەو سەربازە عێراقیەی لەگەڵ شالاو عومەر دەرکەوت لە ڕوومالْی ڕاستەوخۆ، باسی لە چۆنێتی ڕووداوەکە دەکات و سوپاسی شالاوش دەکات کە بەو کارە جوانەی نەیهێشتوە سەربازەکە تووشی لێپرسینەوەی سەربازی ببێت.

عەباس خدر ، سەربازەکەی سوپای عیراق، ڕایگەیاند: ئێمە هەمیشە لەخزمەت هاوڵاتیانی شارەکەداین و کار بۆئەوە دەکەین نمونەیەکی جوانی برایەتی بگوازینەوە.

وتیشی: لەکاتی ڕوومالْە ڕاستەوخۆکەدا داوام لە پەیامنێری کەناڵی کەرکوك کرد کە ناتوانم ڕێگەبدەم بچیتە نێو نەخۆشخانەکەوە تاوەکو نوسراوی ڕێگەپێدانم پیشان نەدەی، ئەویش بەردەوام بوو لە ڕوومالْکردنەکەی و پابەند بوو بەبێ ئەوەی تووشی لێپرسینەوەمان بکات.

شالاو عومەر بەرز دەنرخێنن

هاوکات دەزگای میدیای کەرکوك، مەراسیمێکی ڕێزلێنانی بۆ شالاو عومەر پەیامنێری کەناڵی ئاسمانی کەرکوك و ستافەکەی ڕێکخست.

ستران عەبدولا ، سەرپەرشتیاری مەکتەبی ڕاگەیاندنی (ی.ن.ك)، بەشداری لە مەراسیمەکەدا کرد و ڕایگەیاند: دەستخۆشی لە هەڤاڵ شالاو و ستافەکەی دەکەم، بۆ ئەو ئاستە بەرزەی ئەخلاقی ڕۆژنامەوانییەی پیشانیاندا.

وتیشی: کەناڵی ئاسمانی کەرکوك بەردەوام کاری لەسەر ئاشتی و پێکەوەژیانی نێوان نەتەوەکانی کەرکوك کردوەو هەر چاوەڕوانی کاری وا باشیان لێدەکرێت.

لای خۆشیەوە، عیماد ناسیح، سەرپەرشتیاری دەزگای میدیایی کەرکوك ڕۆڵی پەیامنێرو ستافەکەی لە ڕوماڵکردنی لەوماڵە ڕاستەوخۆکەدا بەرز نرخاند، کە ڕوومالْە ڕاستەوخۆکە وایکرد هەموو لایەنە بەرپرسەکان بێنەسەرخەت و ژیانی توشبوانی کۆرۆنا ڕزگار بکەن.

عیماد ناسیح، ئاماژەی بۆئەوەشکرد: کەناڵی کەرکوك هەمیشە کاری لەسەر ئاشتی و پێکەوەژیانی پێکهاتەکان کردوە و لەو ڕوومالْەشدا ستافی کەناڵەکە، بە واقعی سیاسەتی کەناڵەکەی بۆ سەرجەم هێزە ئەمنیەکان و بینەران و دانیشتوانی شارەکە پیشاندا.

کەرکوك.. نەخۆشخانەی شیفا 14 سیستەمی مەرکەزی ئۆکسجینی نەخۆشخانەکە تێکچووی

دەزگای میدیایی کەرکوك بە هەر چوار زمانی شارەکە (کوردی، عەرەبی، تورکمانی و سریانی) هەواڵەکان دەگوازێتەوەو هەمیشە مینبەرێك بوە بۆ پەیامی نەرم و چاندنی توی پێکەوەژیان و پتەوکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان پێکهاتەکانی کەرکوك.

باجی هەر بەرمیلێك نەوتی هەناردەکراو لەڕێگەی تورکیاوە

فەرهاد حەمزە محەمەد

لە سەردەمی حوکمی پاشایەتیەوە کاربەدەستانی حکومەتی عێراق هەوڵدەدەن جگە لە هێڵی سوریا ڕێڕەوێکی تر بۆ فرۆشتنی نەوتی کەرکوك بدۆزنەوە بەڵام هۆکارە سیاسیەکان ڕێگر بوون لە بەدیهێنانی ئەو ئامانجە ، تا ئەو کاتەی بەعسیەکان دەسەڵاتیان گرتە دەست و ڕێگایان لە بەردەم تەخت بوو، سەرەتا لە ساڵی ١٩٧٢ نەوتی کەرکوکیان لە دەست ئینگلیزەکان دەرهێناو خۆماڵییان کرد، پاشان لە ١٩٧٤/١٢/٢٦ ڕێکەوتنامەی دامەزراندنی هێڵی عێراق–تورکیا لەنێوان هەردوو حکومەتدا ئیمزاکرا، لە٧ی نیسانی ١٩٧٥ دەستکرا بە کارکردن لەو هێڵە لەلایەن کۆمپانیای (مانسمان)ی ئەڵمانییەوە، پرۆژەکەش بریتی بوو لەراکێشانی لوولەیەکی ٤٠ ئینجی بەتوانای ٧٥٠هەزار بەرمیل لەرۆژێکدا ، ئەمە جگە لەدانانی چەند وویستگەیەکی پاڵنان (محطات ضخ) لەهەردوو بەری عێراق وتورکیادا، لەگەڵ دانانی وێستگەیەکی ژماردن (محطة القياسات **Metering station**) لە نزیك زاخۆ ، درێژی هێڵەکە ٩٨٥.٣ کم لەوێستگەی **IT1** کە دەکەوێتە دووری ٢٦کم لە رۆژئاوای کەرکوکەوە دەستپێ دەکات، ماوەی ٣٤٥کم-ی پرۆژەکە دەکەوێتە ناوخاکی عێراقەوە واتە لەکەرکوکەوە تازاخۆ ، ٦٤٠.٣کیلۆمەتریشی دەکەوێتە خاکی تورکیاوە، هێلەکە بەتەریبی لەگەڵ هێڵی عێراقی سوری دەڕوات لە رووباری دجلە و زێی خاپوور دەپەڕێتەوە دەچێتە خاکی تورکیاوە .

لەکانونی دووەمی ١٩٧٧ کە (محی الدین معروف) جێگری سەرۆك کۆماری ئەوسای عێراق پرۆژەی بۆڕی نەوتی عێراق تورکیای کردەوە، لەکاتی کردنەوەکە دا ئاهەنگێکی گەورە سازکرا کە سلێمان دیمیرل سەرۆك وەزیرانی ئەوسای تورکیاو ژمارەیەك وەزیری تری لەگەڵدا بوو ، لەسەرەتای ئاهەنگە کە (تایە عبدالکریم) وەزیری نەوتی عێراقی وتی : ئەمڕۆ لەگەڵ میوانە ئازیزەکانمان لەدراوسێی دۆستمانەوە تورکیا کۆئەبینەوە .

لەم بارەیەوە رۆژنامەی (وطن) کە لەتورکیا دەردەچێ ستایشی پرۆژەکەی کردو نووسیبوی عێراق پاش خەباتێکی دژوار دژی کۆمپانیا مۆنۆپۆڵەکان نەوتی خۆی خۆماڵی کردوومو ئەو ئاواتەی بەدی هێناوە کەگەلی عەرەب لەماوەی ٥٠ ساڵ خەبات دژی مۆنۆپۆڵە بێگانەکاندا خەونی پێوە دەبینی .

لەساڵی ١٩٨٦ هێڵەکە فراوانییەکی تری بەخۆوە دی ولوولەیەکی تری ٤٦ ئینجی بۆ راکێشرا، کە توانای هەناردنی هەردوو لوولەکە گەیشتە١.٦٠٠.٠٠ بەرمیل لەرۆژێکدا .

لەبەری عێراقی هێڵەکە سێ وێستگەی پاڵنان(محطة الضخ) هەیە لەبەری تورکیاش سێ وێستگەی پاڵنانی سەرەکی هەیە **ps3** (جەزیرە) **ps4** ، (ماردین) ، **ps5** (غازی عەنتاب) دواجار دەگاتە بەندەری (جەیهان)ی تورکی لەناوچەی (ئەدەنە).

ساڵانی هەشتاکانی سەدەی رابردوو سەردەمی زێڕینی ئەم هێڵەبوو لە توانایدا بوو ١٦٠٠٠٠٠ بەرمیل لە رۆژێکدا هەنارده بکات، بەڵام لە رۆژگاری ئەمڕۆدا هەناردەکردن لە ١٠٠ هەزار بەرمیل رۆژانە تێناپەڕێت .

بێگومان عێراق بەرامبەر هەر بەرمیلێك نەوتی هەناردەکراو بڕێك پارە باجی بە تورکیا دەدا، لە سەرەتادا ڕێککەوتن بە (٤٢) سەنت بەرامبەر هەر بەرمیلێك ئەگەر بڕی هەناردەکردن لە سەرووی (١،٥) ملیۆن بەرمیل بێت ، (٧٥) سەنت ئەگەر بڕی هەناردەکردن لە خوار (٧٥٠) هەزار بەرمیلەوە بێت . لەدوای ساڵی ٢٠٠٣ ئەم ڕێکەوتنە دەستکاری کراو بەم چەشنەی لێهات :-

(٧٠) سەنت ئەگەر بڕی هەناردەکراو لە ٤٠٠ هەزار بەرمیل زیاتر بێت ، (١١٢) سەنت ئەگەر بڕەکە لە ٢٠٠ هەزار کەمتر بێت .

ئاهەنگی کردنەوەی هێڵی عیراق - تورکیا ساڵی ١٩٧٧

كركوك تستذكر الفنان الراحل صابر كوردستاني

كركوك / رزكارشواني

باشراف نقابة فناني كوردستان فرع كركوك وبرعاية الاستاذ صباح شيخ حبيب مرشح التحالف الكوردستاني في كركوك ، شهد المركز الثقافي في مدينة كركوك مساء يوم الاحد ١٥ اب ٢٠٢١ مراسيم الذكرى السنوية الاولى لرحيل الفنان الكوردي صابر كوردستاني حضرها مسؤولين حزبيين وحكوميين و ذوي الراحل .

والقيت خلال المراسيم كلمات اشارت الى الدور الكبير الذي لعبه الراحل صابر كوردستاني في اغناء المقامات والاغاني الكوردية .

وقدم گروب شباب كركوك و ابناء الفنان الراحل صلاح داودة اغاني الراحل صابر كوردستاني .

وفي ختام المراسيم وزعت دروع التقدير لعدد من الموسيقيين فيق كركوك .

يذكر ان الراحل صابر كوردستاني اقيم له تمثالا تم وضعه في باحة المركز الثقافي بمدينة كركوك ، وانجز التمثال على يد الفنان ارام هوكر وبدعم من د. طه رسول.

ولد الفنان الراحل صابر محمد احمد كوردستاني بمدينة كركوك في العام ١٩٥٥ حيث فقد كوردستاني عينيه منذ الصغر و اصبح ضريرا ، ولكن وهبه الله صوتا شجيا واصبح مغنيا معروفا منذ بداية السبعينيات من القرن المنصرم وذاع صيته في مدينة كركوك و من ثم على مستوى كوردستان، سجل العديد من الاغاني الكوردية الاصيلة في الاذاعة والتلفزيون الكوردية والفضائيات، واعجب به كبار الفنانين الكورد الذين اشادوا بصوته وقدراته الابداعية. فضلا عن مشاركاته الواسعة في العديد من المهرجانات الفنية في كوردستان و خارجه.

توفي اثر مضاعفات فايروس كورونا في شهر اب من العام ٢٠٢٠ ليلتحق بركب الخالدين .

خنده كركوكي و احمد نجيب يحصدان الجائزة في المهرجان الوزاري

كركوك / رزكارشواني

استطاعت الفنانة المتالقة خندة كركوكي و الفنان احمد نجيب من الحصول على الجائزة الاولى في المهرجان الوزاري الاول للانشودة والابتهالات الدينية للمعلمين والمدرسين والمشرفين الفنيين الذي جرى بكركوك موخرا .

وعبرت الفنانة خندة عن سرورها البالغ لحصدها المركز الاول في اداء اغنية مقامية التي نالت استحسان الحضور وبالاخص اللجنة الوزارية في المهرجان .

يذكر ان الفنانة خندة كركوكي تواصل حضورها المتميز في المهرجانات التي تقام في كركوك و خارجها .

من جهة اخرى و نظرا لادائه المتميز في تقديمه غناءا مقاميا في المهرجان الوزاري الاول للانشودة والابتهالات الدينية للمعلمين والمدرسين والمشرفين الفنيين الذي شهدها مدينة كركوك ، حصل الفنان احمدنجيب على المركز الاول في اداء المقام العراقي الانفرادي .

وهذا الفنان هو احد ابرز الفنانين الشباب المتخرجين من مركز علي مردان للمقامات في مدينة كركوك الذي يواصل عطائه من خلال ابداعاته في اداء اصول المقامات .

وفي هذا السياق قال الفنان احمد نجيب: اود ان أشكر اللجنة الوزارية من بغداد والنشاط المدرسي في كركوك لاختياري من الفائزين بالمركز الاول، مثمنا بدور الفرقة الموسيقية التي كانت وراء تالقه في المهرجان وبالاخص الأستاذ الفنان حسين رشيد، موكدا مواصلة سعيه لاثبات وجوده في الساحة الفنية وابراز دوره المتالق في المهرجانات محليا ودوليا .

د.شیلان فەتحی:
لە رابردوو کارکردنی کچانی کورد لە راگەیاندن کارێکی زۆر سەخت بوو

د.شیلان فەتحی، راگەیاندنکاری دێرینی (ی.ن.ك) و هەروەها مامۆستای زانکۆ لەبەرنامەیەکی تایبەتی(کەناڵی ئاسمانی کەرکوك)، باس لە وێستگەکانی ژیانی لە کاری راگەیاندن دەکات و پێیوایە: لە رابردوو کارکردنی کچانی کورد لە راگەیاندن کارێکی زۆر سەخت بوو.

*** کاتێك چویتە ناو کاری راگەیاندنەوە، لەو کاتەدا راگەیاندن کارێکی سەخت نەبوو؟**

- لەوانەیە پێتان سەیر بێت، لە قۆناغی هەرزەکاری و تا زانکۆشم تەواوکرد، بیرم لەوە نەکردبۆوە رۆژێك لە رۆژان بچمە بواری راگەیاندنەوە، چونکە ئەو کاتە سەردەمی رژێمی بەعس بوو، کارکردنی کچانی کورد لە راگەیاندن کارێکی زۆر سەخت بوو، بگرە خۆشیان لێ بە دوور دەگرت، کاتێك لە ساڵی ١٩٩٦ لە کەرکوکەوە راگواستراین بۆ سلێمانی، کە چوینە سلێمانی راستەوخۆ وەك مامۆستا لە یەکێك لە خوێندنگەکان دامەزرام، رۆژێکیان لە تەلەفزیۆنەوە رێکلامێکم بینی کە رۆژنامەی (الاتحاد) داوای هەڵەچنی زمانەواییان دەکرد، منیش بە حوکمی ئەوەی دەرچووی زمانی عەرەبی بووم، داواکاریم پێشکەشکرد، دوای تاقیکردنەوە وەرگیرام و ئیدی ئەوە بووە سەرەتای کاری راگەیاندنم.

*** راگواستن لە کەرکوکەوە بۆ سلێمانی چی لێسەندیتەوەو چی پێبەخشیت؟**

- کە مرۆڤ رادەگواسترێت دوور لە ویستی خۆی، تۆ واز لە لایەنە سیاسی و ئابوورییەکەی بهێنە، بەڵام لە رووی کۆمەڵایەتی و دەروونیەوە ئەو مرۆڤە تەواو دائەماڵرێت لە بەها کۆمەڵایەتییەکان، کە راگواستراین بۆ سلێمانی نەورۆز بوو، نەورۆز لە سلێمانی زۆر خۆشبوو بە تایبەت لە سەهۆڵەکە، خەڵك هەموو بە جلوبەرگی ئاڵاو والای کوردییەوە خۆیان رازاندبۆوە، بەڵام هەستی من لەو کاتەدا بەشێوەیەك بوو وام دەزانی تەنها خۆمم لە ناو ئەو هەموو خەڵکە، هەست بە دەوروبەرەکەت ناکەیت، ماوەیەکی زۆرت دەوێ تا سەر لەنوێ پەیوەندی دروست دەکەیتەوەو خۆت بە کۆمەڵگا دەناسێنیتەوە .

*** چۆن چویتە ناو کاری بێژەرییەوە، ئەوەیان حەز بوو یاخود ئەویش هەر رێکەوت بوو؟**

- لەو کاتەدا دوو کەس کاری هەڵەچنی رۆژنامەی(الاتحاد)مان دەکرد، خوالێخۆشبوو(عەباس بەدری) ئەوکات جێگری خوالێخۆشبوو (عادل موراد) بوو لە (الاتحاد)، کوردساتیش تازە دامەزرابوو، بەشی عەرەبی کوردسات بە کاك عەباس سپێردرابوو، وتی:» شێوزاو دەنگتم بە دڵە بۆ نایەی بۆ کوردسات وەك بێژەر لەو کەناڵە ئاسمانییە کار بکەیت، منیش لە راستیدا نەڕۆیشتم، دواتر لە بۆنەیەکدا راگەیاندنکارەکان بانگکرابوون، سەرۆك مام جەلال و خاتوو هێرۆخانیش لەوێ بوون، خاتوو هێرۆخان هەمان داوای لێکردمەوە، منیش وتم مادام تۆ پێت خۆشە بەسەرچاو، دواتریش تێستم کردو وەك بێژەر دەست بەکاربووم.

*** باسی سەرۆك مام جەلال و خاتوو هێرۆخانت کرد، چ رۆڵێکیان لەسەر راگەیاندن هەبوو، یاخود هیچ یادگارییەکت لەگەڵیان هەیە؟**

- دەتوانین وەك دوو کەسایەتی گرنگ باسیان بکەین، سەرۆك مام جەلال لەو کاتەدا زۆر گرنگی بە کاری راگەیاندن دەدا، پێیوابوو راگەیاندن بە تەنها خۆی جەبهەیەکە بۆ روبەڕوبوونەوەکان، لە کۆبونەوەیەکدا زۆر سەرسام بووم پێی، کاتێك سەرۆك مام جەلال باسی رۆژنامەی کوردستانی نوێ و رادیۆی دەنگی گەلی کوردستان و کوردساتی کردو کۆمەڵێك وردەکاری لەسەر هەواڵ و مانشێتەکانی چەند رۆژی رابردوو باسکردو رێنمایی کردن بەو جۆرە کاربکەن و بە گشتی ئاگاداری وردو درشتی هەموو هەواڵەکانی راگەیاندنی یەکێتی بە بینراوو بیستراوو خوێندراو هەبوو، هەروەها خاتوو هێرۆخانیش وەك سەرپەرشتیاری کەناڵی کوردسات وەك دایکێکی میهرەبان مامەڵەی لەگەڵ کارمەندەکان دەکرد.

*** لە رووی کۆمەڵایەتییەوە، لایەنی کۆمەڵایەتیت لەبەر چاو گرتبوو؟**

- بیرم لەوانە هەر نەکردبۆوە، هەتا چیتر خەڵك روخساری تۆی پێ قبوڵ نەبێت و بێزار بێت، بە داخەوە لە کۆمەڵگای ئێمەدا وایە، هەرچەندە لە وڵاتانی دیکەی جیهان پێچەوانەیە، بیرم لەوە دەکردەوە، لە دوای کاری راگەیاندن بگەڕێمەوە بواری

> **هێرۆخان وەك دایکێکی میهرەبان مامەڵەی لەگەڵ کارمەندەکانی راگەیاندن دەکرد**

ئەکادیمی و ماستەرم خوێندو دواتریش دکتۆرام تەواوکردو ئێستا لە زانکۆم، پێمویە هەردوو بوارەکە هەمان ئەرك بەرامبەر کۆمەڵگا دەگەیەنن.

*** جیاوازی نێوان کاری راگەیاندن لە ئێستا بەراورد بە رابردوو چییە؟**

- پێشتر کەناڵەکان کەمتر بوون، کێبڕکێی نێوان کەناڵەکان روونتر بوون، وەك ئەوەی هەڵسەنگاندن بۆ خۆت بکەیت لەبەرامبەر بە کەناڵێکی تر بۆ ئەوەی بەرەو پێشچ بچیت، ئێستا بوارەکە زۆر فراوانە، خەڵکیش ئەوەندەی پشت بە سۆشیال میدیا دەبەستێت بە دەگمەن دەچێتە سەر کەناڵەکان، بۆیە پێمویە ئێستا کارەکە سەختترە لە رووی تەکنەلۆژیاوە، بەڵام لە رووی کاری کەسێتییەوە ئەوکاتە بۆ ژنان زۆر قورس بوو کە دەهاتنە بواری راگەیاندنەوەو ژمارەیان زۆر کەم بوو، بەتایبەت لە رووی کۆمەڵایەتییەوە ئازادی کەسیت نەدەماو خەڵکی بە چاوێکیتر تەماشایان دەکردی.

*** ستران عەبدولای هاوسەرت، تا چەند رۆڵی لەسەرکەوتنەکانت هەبووە؟**

- بە بڕوای من هەموو ژنێك هاوسەرەکەی لە پشت بێت سەرکەوتوو دەبێت، بە پێچەوانەشەوە بۆ پیاویش هەروایە، لە هەموو کارێکدا پرس و را بەیەکتر دەکەین و بڕیارەکان بە هاوبەشی دەدەین و ئەگەر لە کارێکدا نەیتوانیبێت هاوکارم بێت، دواتر دڵنەواییکردووم و پلانی بەدیلی بۆم داناوە.

*** کەرکوك بەلای تۆوە چیدەگەیەنێت و پەیامت بۆ کەرکوکییەکان چییە؟**

- کەرکوك بۆمن منداڵی و گەنجی و یادگارییە جوانەکانە، ئەو شوێنەیە کە منی پێگەیاند، سوپاسی ئەو سادەیی و پاکی و نیشتیمانپەروەری و خۆڕاگرییەی کەرکوکییەکان دەکەم، داواکاریشم لە گەنجانی کەرکوك سود لەو فرە رەنگییەی شارەکەیان ببینن خۆیان دەوڵەمەند بکەن لە رووی زمان و فەرهەنگ و ئەو کەلتورە جیاوازەی کە لە شارەکانی تری جیادەکاتەوە.

دەزگای میدیایی کەرکوك بەرهەمی (سۆزێك بۆ کوردستانی) کلیپ دەکات

بەرهەمەکە تایبەتە بە رۆحی هونەرمەندی گەورەی کورد سابیر کوردستانی

دەزگای میدیایی کەرکوك، بەرهەمی (سۆزێك بۆ کوردستانی) کلیپ دەکات، بەرهەمەکەش تایبەتە بە رۆحی هونەرمەندی ناسراوی کۆچکردوو (سابیر کوردستانی)، کە سالانێك خزمەتی هونەری رەسەنی کوردی کردووە.

هۆنراوەی بەرهەمەکە لە نوسینی (یەحیا بەرزنجی)یەو ئاوازو وتنی هونەرمەند(حەمە رەئوف کەرکوکی)یەو (چالاك سدیق) کاری میوزیکی بۆ کردووەو هەروەها (چالاك صدیق، شێرزاد حەیدەری، عادل حسێن، خەلیل عەبدولا، عومەر عەبدولاو ئیبراهیم نەجمەدین) کاری ژمنینی مۆسیقایان بۆ بەرهەمەکە کردووە.

کاری ریکۆردو ماسترینگی بەرهەمەکە لە ستۆدیۆ لاوە لە شاری سلێمانی ئەنجامدراوەو کاری دیکۆریش هەریەك لە (جەزا عەزیز و فارس سەفەر) ئەنجامیانداوەو نواندنیش (حازم محەمەد)ە، کە رۆڵی شاعیری بەرهەمەکە دەبینێت و روناکی و شاریۆ (مەحەمەد عەلوان و هەستی تاهیر) و کامێرا (ئەردەلان غەریب و ئاریان سالار) و مۆنتاژو گرافیك (ئاری شەکەوت) و لەسیناریۆو دەرهێنانی (ئاسۆ حسێن)ە.

لەبارەی بەرهەمەکەوە، ئاسۆ حسێن، دەرهێنەری کلیپی (سۆزێك بۆ کوردستانی) تایبەت بە گۆڤاری (تیڤی) وتی:» بەرهەمەکە پێشکەشە بە گیانی کۆچکردوو، هونەرمەندی گەورە (سابیر کوردستانی) کە خزمەتێکی زۆری بە هونەری رەسەنی کوردی کردووە«.

ئاسۆ حسێن، وتیشی:» سەرجەم گرتە ڤیدیۆکانی کلیپەکە لە شاری کەرکوك ئەنجامدراون «.

بە وتەی دەرهێنەری کلیپەکە، هەرچەندە دەزگای میدیایی کەرکوك خاوەندارێتی بەرهەمەکەی کردووە، بەڵام دەدرێتە سەرجەم کەناڵەکانی راگەیاندن و لەسەرجەمیان بڵاودەکرێتەوە.

هونەرمەند سابیر کوردستانی، ناوی تەواوی سابیر محەممەد ئەحمەد، لە شاری کەرکوك لە ساڵی ١٩٥٥ لەدایکبووە و خاوەنی چەندین گۆرانی بوو بە زمانی کوردی.

سابیر کوردستانی، لە منداڵییەوە بەهۆی بەکارهێنانی چارەسەری پزیشکی بەهەڵە بینایی لەدەستدا و لە کەرکوك لە ١٠ی ئابی ٢٠٢٠ بەهۆی کاریگەریەکانی ڤایرۆسی کۆرۆناوە لە شاری سلێمانی گیانی لەدەستدا.

هونەرمەندی کۆچکردوو خاوەنی چەندین گۆرانی جوان و ناوازەییە و لە ساڵی ١٩٧٠ وە دەستی بە وتنی گۆرانی کردووە و یەکەم ڤیدیۆ کلیپیشی لە ساڵی ١٩٧١ لە تەلەفزیۆنی کەرکوکی جاران بڵاوکردۆتەوە.

شیلان کایا: شیعرەکانم رەنگدانەوەی خەم و ئازارەکانی کچان و ژنانی کۆمەڵگاکەمانە

ژنە شاعیری شاری کەرکوک شیلان کایا لە دیدارێکی تایبەتدا لە کەناڵی کەرکوک باس لەئەزمونی شیعری خۆی دەکات، رایدەگەیەنێت: هەستی هاوەسەرەکەم بەرامبەر من بوو بەئیلهامی شیعری من.

*** شیلان کایا کێیە؟**

- من شیلان نەوزاد دانیشتوی شاری کەرکوکم و دەرچوی کۆلێژی پەروەردەی ئینگلیزیم، ماوەی چەند ساڵێکە دەستم کردووە بەنوسینی شیعر و یەکەم هۆنراوەشم بەناوی قەڵەم لەساڵی ٢٠٠٧ نووسی.

*** تائێستا بەشداری هیچ کۆڕێکی شیعریت کردووە چ هاوبەش یاخود تایبەت بێ؟**

- بەڵێ لە چالاکی قوتابخانەکانەوە دەستم بەچالاکی هونەری کردوە لەبواری شیعر نوسین و یەکەم چالاکیشم لەساڵی ٢٠١٤ بوو کەچالاکی شیعر خوێندنەوە بوو بۆ زمانی کوردی و عەرەبی، لەسەر ئاستی زمانی کوردی توانیم پلەی یەکەم بەدەست بهێنم و بەشداری کۆڕی هاوبەشیشم کردوە، ئەویش لە فێستیڤاڵی ساڵانەی خولی لەتیف هەڵمەت بەهەمانشێوە پلەی یەکەمم بەدەستهێناوە، لە ساڵی ٢٠١٨ کۆڕێکی شیعری تایبەتم ئەنجامدا.

*** نازناوی کایا چییەو بۆچی ئەم نازناوەت هەڵبژاردوە؟**

- بەوپێیەی هاوسەرەکەم هەمیشە پاڵپشتی سەرەکیم بووە لە نوسینی شیعر و ئەو هەستەی ئەو بووە بەئیلهامی شیعری من و وەبەهۆی ئەوەی کەخەڵکی کورستانی باکورە و لەعەشیرەتی(کایا)ن بۆیە ئەونازناوەم بۆخۆم هەڵبژاردوە .

*** شیلان کایا هیچ وشەیەکی بیانی بۆهۆنراوەکانی بەکارهێناوە یاخود بەکاری ئەهێنێ؟**

- هەرچەندە لەئێستادا تەکنەلۆجیا کاریگەری لەسەر زۆر بواری ژیان کردووە وشەی نوێ هاتوەتە نێو زمانە جیاوازەکانەوە، بەڵام من هیچ کات وشەی بیانیم بەکار نەهێناوەو زیاتر هەوڵمداوە بە وشەی کوردی پەتی هۆنراوەکانم بنووسم.

***وەکو ئەبینرێت ئەدایەکی تایبەتت هەیە بۆ خوێندنەوەی هۆنراوەکانت باسی ئەم ئەدایەتمان بۆ بکە چۆن دروستبووە؟**

- ئەدای خوێندنەوەی هۆنراوە سەرەتا راهێنانە واتە بە راهێنانی چەند جارێك ئەدای تایبەتی خۆت دەدۆزیتەوە، پاشان ئەبێ هەستێکی تەواو شیعریت هەبێ بۆئەوەی بتوانی سەرنجی بەرامبەرەکەت راکێشی، و رۆح بکەی بەبەری هۆنراوەکانتا، من بەوپێیەی بەشداری زۆر چالاکی شیعریم کردوە بۆیە هەوڵمداوە بەئەدایەکی تایبەتی خۆم هەستێکی تایبەتیش بدەم بە هۆنراوەکانم.

*** ئاستی بەشداریکردنی ژنان و کچان لەشاری کەرکوک لەکۆڕە ئەدەبی و هونەرییەکان چۆن دەبینی وە ئەو ئاستەنگ و بەربەستانە چین دێتە رێیان؟**

- هەرچەندە هەرسەردەمەو ئاستەنگ و گرفتی خۆی هەیە بەتایبەت بۆ ئێمەی ژنان لە بوارەکانی ژیان بەگشتی و بەشداریکردن لە کۆڕە ئەدەبی و هونەرییەکان بەتایبەتی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تاڕادەیەك لە ئێستادا دەرکەوتنی ژنان و کچان لەکایە هونەری ئەدەبییەکان لەئاستێکی باشدایە بەتایبەت لەشاری کەرکوك، پێموایە ژنان ئەگەر بیانەوێ شیعر بنوسن دەبێت بەجۆرێك بێت چۆن جۆگەلەیەکی ئاو رێگای خۆی دەکاتەوە بەهەمانشێوە ئەوانیش رێی خۆیان بدۆزنەوە.

*** وەك ژنە شاعیرێك ئەو هۆکارانە چین کە پاڵپشتین بۆت بۆ بەرەو پێشچون و پێشکەوتنی زیاتر لە بواری شیعر نوسیندا؟**

- هەرچەندە شیعر نوسین بەهەرمیەکەو خوا بە مرۆڤی بەخشیوە، بەڵام بۆ بەرەو پێشچونی زیاتری شاعیر لە بواری شیعر نوسیندا خوێندنەوە بەگشتی و خوێندنەوەی دیوانی شاعیرانی کلاسیك رۆڵێکی سەرەکی و گرنگی هەیە لەو بوارەدا.

***بیرت لەوە نەکردوەتەوە شیعرەکانت لە کتێبێکدا کۆبکەیتەوەو بەچاپیان بگەیەنیت؟**

- بۆنا بەدڵنیاییەوە زۆر پێم باشە وەك ژنە شاعیرێك کتێبێکی شیعری تایبەتی خۆم هەبێ،بەڵام بۆ ئەمە پێویستم بە پاڵپشتییەکی مادی بەهێز هەیە، هەروەها ئەمەوێ برەوی زیاتر بە شیعرەکانم بدەم تا جوانترین هۆنراوە پێشکەشی هەوادارانم و دۆستانی شیعر بکەم.

*** لەگەڵ تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان چۆنی؟**

- زۆر بەکەمی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەکار ئەهێنم ئەویش بەهۆی سەرقاڵی ژیانی رۆژانەمەوە.

***کاراکتەری پیاو چ رۆڵێکی هەیە لەشیعرەکانتا؟**

- پێموایە ئەبێ بابەتێك یان چیرۆکێك یاخود کەسێك هەبێت بۆی بنووسی، بۆیە کاراکتەری پیاو لە شیعرەکانی مندا بوونی هاوسەرەکەمە، بەوپێیەی گەورەترین پاڵپشتی منە بۆ بەردەوامیم لە نێو دونیای شیعر نووسین.

***تاچەن هۆنراوەکانت گوزارشت لەژیانی تایبەتی خۆت دەکەن؟**

- هۆنراوەکانم بەشێوەیەکی گشتی دەنوسم وە خۆشەویستی نیشتیمان و شەهیدانی میللەتەکەم گرنگترین ئیلهامی شیعری منن.

***خەم و کێشەو ئازاری ژنان و کچان تاچەند لەشیعرەکانتادا رەنگی داوەتەوە؟**

- تارادەیەکی باش و بەپێی توانام هەوڵمداوە شیعرەکانم رەنگدانەوەی خەم و ئازارەکانی ژنان یاخود کچانی کۆمەڵگاکەم بێت و دەربری خەمەکانیان بم.

***پشتگیریکردنی کەسانی بەهرەمەند لەلایەن خانەوادەکانیانەوە تاچەن گرنگە بەتایبەت تۆ وەك خانمێك کە زۆرجار باسی پاڵپشتی هاوسەرەکەت کردوە لە ژیانتدا؟**

- پاڵپشتی خانەوادە بۆ کەسانی بەهرەمەند زۆر گرنگە بەتایبەت بۆ ئێمەی ژنان، من وەك خۆم بەشێکی زۆری سەرکەوتنەکانم ئەگەڕێتەوە بۆ پاڵپشتی بەهێزی هاوسەرەکەم بۆ بەردەوام بونم و بەرەو پێشچونم.

***لەکۆتاییدا چیت هەیە بیڵێی؟**

- زۆر سوپاسی ئێوەو کەناڵە بەرێزەکەتان ئەکەم کەئێمەی کەسانی بەهرەمەند بەسەر دەکەنەوە بۆئەوەی بەشێوەیەکی باشتر پەرە بەبەهرەو تواناکانمان بدەین.

هەستی هاوسەرەکەم بەرامبەرم بووە بەئیلهامی شیعرەکانم

نیشتیمانێکی تر لای شێرکۆ بێکەس

نوسینی:هەڤاڵ دارا

شێرکۆ بێکەس وەکو شاعیری نیشتیمان ناسراوە و هەردەم لە ڕێگەی دەقەکانییەوە خزمەتی بە شۆڕشی چەکداریی کردووە، دەقەکانی ساڵانی شەست و حەفتاکانی کە هەردەم نیشتیمان هەڵگری کۆمەڵێك هیمای گرینگن و ڕوحی بزواندنی دەقەکانی بووە، واتە شیعر و شاعیر بوون لەو قۆناغەی بەستووە بەوەی لە خزمەت شۆڕش بێت، شۆڕشیش وەکو هەنگاوێکی بەهێز بۆئەوەی چەکی مەردایەتیی بکاتە شان و خزمەت بە دایك بکات کە نیشتمانە، ئەم دەربڕینانە لە هەناوی دەقەکانی چەسپاوە و هەردەم وشەی و چەمکی نیشتمان بە مانای (مەردایەتیی، کوردایەتیی، دایك، کەرامەت، بوونی ئینسان..هتد)، واتە هەڵگری کۆمەڵێك مانای موقەدەس و جێگیر کەبەردەوام لە ژێرکاریگەری ئایین و سێبەری تێگەیشتنە کۆمەڵایەتییەکان بووە، وەك ناساندنی نیشتیمان بە ناموس ، لەڕووی ئایینیشەوە چووواندنی نیشتیمان بەدایك، ئەمە لە ئاینی ئیسلام دەڵێت (بەهەشت لە ژێر پێی دایکان دایە)، دوو دەق بەنموونە وەردەگرین لەوەی کە من ناوم ناوە(دەقی نیشتیمانی کوردایەتیی)، کە شێرکۆ بێکەسیش بانگخوازی ئەو تێزە بووە، دەڵێت:

تەنیا هەر چرای دەس کوردایەتیی
شەوی خاکەکەم ڕوون ئەکاتەوە
بە تەنیا بازووی ڕێی مەردایەتی
تەوقی گەردنم_ لێك ئەکاتەوە.

لەم دەقە کە هی ساڵانی شەستەکانە شاعیر هەموو ڕێگەی گەیشتن بە ڕووناکی بە ڕێچکەی کوردایەتیی دەبەستێتەوە، واتە لەم دەقانە وەك شاعیرێکی نەتەوەپەرست مامەڵە دەکات ، خەونی ئەم نیشتیمانە(نیشتیمانیی کوردایەتیی) غەمی کۆیە نەوەك تاك، واتە هەوڵێکە بۆ سرینەوەی هەوڵ و مافی تاك لە پێناوی کۆ کە وتمان نیشتمانە، دواتر لە دەقی باوکی شەهید کەلە ساڵی ١٩٦٣ نوسیویەتی و دەڵێت:

بەڵام مادام، مردنەکەت، جێی شانازییە
بژئەم خاکە،بۆ نیشتمان، بۆ سەربەرزییە
مادام خوێنت، ڕژانە سەر، سەنگەری ناموس
بووی بەمۆمێ، کە بسوتێی، بۆ ڕێی چارەنوس
بۆ ئەو ڕێیەی، کە کاروانی، شەبەقی ئاوات
مژدەی ڕۆژی سەرفرازیی بەم کوردە بدات
مادام مردی بۆئەوەی گەل بژی و سەربەست بێ
نیشتمانت سەربەخۆ بێ، نەوەك ژێردەست بێ
شانازیمە تۆ باوکمی شەهیدی کوردی
بۆ باوەڕی کوردایەتی بەمەردی مردی

واتە (شەهیدبوون) لێرە گەیشتنە بە خۆشەویستی دوا ترۆپ، باوێنەکە وا ڕوون بکەمەوە کە ئەگەر بتەوێت تۆ خۆت و ئارەزوو و مافە تاکییەکانت بخەیتە خزمەت نیشتیمان پێویستە بچیتە شۆڕش و چەکداریی بکەیت و دواتر خۆت فیدای ئەم نیشتمانە بکەیت کە دوا قۆناغی کە شەهیدبوونە، وێنەی یەکەمی نیشمانیی کوردایەتیی ئەوهایە(وێنەیەکی پیرۆزە و پێویستە هەموومان وەك پێغەمبەر منالّ و خۆمانیش بکەینە قوربانیی تەنیا لە پێناو نیشتمان)، هیچ غەمێك پێش نیشتیمان نییە و وێنەیەکە گشت وێنەکانی تری داپۆشیوە، واتە وێنەی تاقانەی قۆناغی یەکەمە.

دواتر ئەم شاعیرە لە تەمەنی حەفتاکان دەقێك دەنوسێت لە ژێر ناونیشانی (ئێستا کچێك نیشتمانمە)، هەر بۆخۆی ناونیشانەکە هەڵگری پڕاو پڕە لە شۆڕش ، وەك بەختیار عەلی دەربارەی ئەم چامەیە دەڵێت (تەنیا شاعیرە گەورەکان دەتوانن لە پیریدا بێترس خیانەت لە مەعشووقەکانیان بکەن)، ئەم دوو وێنەیە پێمان دەڵێن کە شێرکۆ هێندە عاشقی نیشتیمان بووە کە وەك پێشتر ئاماژەمان پێی کرد، بۆخۆی ئەم خیانەتە پڕە لە شۆڕش، پێشتر دایك نیشتمان بوو هەرخۆی نیشتمانیش دایکبوو کەچی ئێستا کچێك نیشتمانمە، واتە لەم قۆناغە غەمەکانیش لە هی کۆوە دەگۆڕێت بۆ غەمی تاك و شەڕ لەسەر ژیانە و بۆ دەستەبەرکردنی ژیانێکی پڕ لە کەرامەت، دواتر ئەم دەقە لە ژێر حکومداریی کوردیی نوسراوە، لە ڕێگەی چوار دەقەوە باس لەو نیشتمانەی تری شێرکۆبێکەس دەکەین.

دەقی یەکەم:
من (کامەران)م
یەکەم درۆی نوساو و بەرجەستە
بەخۆمەوە
ناوەکەمە.

لێرە بە ئاشکرا یەکەم درۆی کە دەوترێت ئەمەی کە هەیە نیشتمانمە بەدڵنیایی درۆیەکی زۆر گەورەیە و ئەوەی من(شێرکۆبێکەس) دەڵێت کە شۆڕش و شیعرم کردە قوربانیی، یاخود ئەوەی من خەونم پێوە دی ئەم نیشتمانە نەبوو، واتە کامەران یەکسان نییە بە نیشتیمان، واتە بەس ناو و شیعارات و دواتر وێنەکە تەواو دەکات و دەڵێت:

هەروەك ئەوەی(درۆدۆنگ) ناوی
(دڵنیا) بێ و
(قاقر)یش ناوی (داستان).

دەقی دووەم:
لێرە وەك وتمان غەمی تاك دێتە پێشەوە ئەویش باسکردنە لە بوونی عەدالەت و دەڵێت:

ئەومتەی هاتوومەتە ئەم نیشتمانەوە
کەس نامناسێ و کەس نامبینێ و
ئەوەی ناوی نەبێ منم.

عەدالەت وەك پایەیەکی گرینگی سیستەم دێتە ژماردن و مرۆڤ لە دوای ڕۆشنگەرییەوە بەردەوام دەیەوێت دادپەروەریی بچەسپێنێت چونکە هەوڵ بۆ دروستکردنی هاونیشتمانییەکی دادپەروەر و حکومڕانییەکی تەندروست دەدات، نیشتمانیش بەبێ بوونی دادپەروەریی(عەدالەت)، نابێتە ئەو نیشتمانەی کە هی هەمووان بێت، واتە شێرکۆ باوەشێك غەمی دژی (نیشتمانی سەپێنراو) ، دژی وێنە ساختەکەی بەناوی نیشتمان بەخەڵك دەفرۆشێتەوە زیاد دەکات، بۆیە دەڵێت:

ئەم نیشتمانە ئەومندە ڕقی لە منە
هەر هەلێکی بۆ هەڵکەوێ سەرم ئەبڕێ.

بگاتە ئەو ئاستەی لەنیشتمانی یەکەم شێرکۆ بێکەس خۆی بۆ(شەهید) دەکرد ، کەچی لێرە سەرم ئەبڕێ(نیشانەی نەبوونی عەدالەت و سیستەمی ستەمکارە سەربڕین وەك چەمك).

دەقی سێیەم:
شێرکۆ بێکەس چۆن وەسفی نیشتمانی ئێستا دەکات و دەڵێت:
لەئێستەدا
دەموچاوی نیشتمان
لەدەموچاوی پەنجەرەیەکی چڵکن ئەچێ
کەبەردەوام داخرابێ و
گرژ و مۆن و ساڵی جارێك پێنەکەنێ.

لە دەقی(ئێستا کچێك نیشتمانمە)، ١٦٣جار وشەی نیشتمان هاتووە، ئەم نیشتمانە چڵکنەی وەك شێرکۆ دەڵێت(١٦٣ جار دڵی شکاندووم)، وەك لە وێنەی نیشتمانی ساڵانی(شەست و حەفتا و هەشتا) کە دەموچوی نیشتمان یەکسان بوو بە ڕووی گشت کۆمەڵ و هەموومان ئەرك بوو لەسەرمان ڕوویەکی جوان پێشکەش بە نیشتمان بکەین و هەموومان ئەو بووین، کەچی لێرە ئەوە نیشتمانە ڕوویەکی ناشرین و داخراوە بە ڕووی شێرکۆ و نەوەی دڵشکاوی ئەم سەردەمە، دەمەوێت بڵێم ئەم دەقە دەردە دڵییە لەو وێنە ناشرینەی کە کوردایەتیی پێشکەشی کردووە بە ئەو کەسانەی کە خەونەکانیان ئەم وێنەیەی لێ بەرهەم نایە واتە وێنەی خەونەکانیان لەگەڵ دۆخی وێنەی چەسپێنراو زۆر جیاوازن.

دەقی چوارەم:
زۆر دەقی شیعری هەیە لەم بەرهەمە کە نیشتمان و تێگەیشتنی نوێی شاعیرمان بۆ دەردەخات، بەڵام ویستمان بە چوار نموونە ئەو وێنەیە کە مەبەستمان بگەیەنین، واتە گۆڕانی نیشتمان و دۆزینەوەی نیشتمانێکی تر و شێرکۆ لە دەقی چوارەم بە بێ هیچ شرۆڤەیەك پێمان دەڵێت نیشتمانەکەی تری کێیە، من ئەو نیشتمانەی ئێوەم ناوێت، بۆخۆم نیشتمانێکی تر دەدۆزمەوە و دەڵێت:

من ئێستا ڕۆزانا نیشتمانە
من ئێستا لەم نیشتمانە تازەیەدا
بووم بە کەمانچەیەکی کامەران و
شەپۆل لێئەدەم
درەخت ئەژمنم.

في ذكرى رحيله ..

الفنان هـــابة ترك بصمات واضحة في المقامات والقوريات

تقرير اعده / رزكارشواني

عبد الوهاب برغش حسين المعروف ب»هابه» من مواليد كركوك ١٩٤٥، هذا الفنان و المطرب الشعبي لعب دورا كبيرا في اغناء المقامات والقوريات التركمانية على مدى سنين من عمره ، ونظرا لامتلاكه صوتا شجيا ترك بصمات واضحة لدى المعجبين وعشاق المقامات .. ولد هابة ونشأ في منطقة پريادي بمدينة كركوك . وانه ينتمي الى عائلة كادحة وقد فقد والده وهو صغير السن ، وبدأ اولى خطواته في عالم الغناء التركماني حيث تتلمذ على يد الفنان التركماني القدير عزالدين نعمت والذي قام بتعليمه اصول المقام القوريات الى ان قام باصطحاب (هابه) الى المناقب النبوية وحفلات الاعراس التي كانت تقام في مدينة كركوك ، وقد اعجب به كبار الفنانين امثال الفنان الكبير عبد الواحد كوزه جي واكرم طوزلو ومحمد رؤوف و احمد محمد اربيلي .

وفي العام ١٩٧٠ دخل الفنان التركماني الشعبي هابه الوسط الفني و بدأ هابة يشارك الحفلات الخاصة ويؤدي الخوريات والاغاني التركمانية الفلكلورية وبالاخص في حفلات الاعراس التي كانت تقام في الاحياء الشعبية بمدينة كركوك ليكسب جمهورا هائلا .

واصبح هابة فنانا ومطربا قديرا حيث سجل طوال مسيرته الفنية المئات من الاسطوانات الكاسيت و كاسيتات الفيديو ، و كان له حضور دائم في الحفلات الغنائية التي شهدتها خارج كركوك منها بغداد والموصل و اربيل و پردئ وتلعفر و خورماتو و كفري .

في ثمانينيات القرن الماضي دخل الفنان هابه الاذاعة التركمانية ، و سجل الكثير من المقامات والقوريات التركمانية و غنى لرواد المقام العراقي ..

من دواعي الفخر والاعتزاز ان الفنان هابه كان لا يميز بين القوميات المتآخية في كركوك وكان له قلبا نابضا بالمودة وحب الاخرين .

لقد ترك وراءه حوالي ٢٥٠٠ كاسيتا مسجلا و ٥٠٠ كاسيتا بالصوت والصورة عدا عن عدد من الحفلات الخاصة له .

وفي العام ٢٠٠١ تلقى هابة الدعوة من قبل الفنان الكوردي (ناصر رزازي) لزيارة مدينة السليمانية لكي يقوما سوية بإحياء حفل حيث قدما معا العديد من الأغاني والمقامات الكوردية والتركمانية، منها الأغنية الشهيرة (ئه ى ئاغا و ئاغا) .

في يوم ٢٠٠١/٨/١٧ ودعت مدينة كركوك الفنان هابة بعد صراع مع المرض ، و نظم له تشيع مهيب الى مثواه الاخير ، تاركا بعده ولدان اسمهما شاهين و خالد .

يقال ان الراحل هابه تم تسميمه من قبل الاجهزة الامنية حيث وبعد عودته من الدعوة التي وجهت له من السليمانية تعرض إلى مراقبة شديدة من قبل الأجهزة الأمنية ، وتم إستدعاء هابة إلى دائرة الأمن للاستفسار عن حضوره للحفل الخاص بالسليمانية .

آراء وانطباعات حول الراحل هابة

نظرا للدور الكبير الذي لعبه الفنان الراحل (هابة) كان لمجلة TV هذه الوقفات مع عدد من الفنانين والمثقفين في كركوك الذين اشاروا الى هذا الفنان الشعبي الذي قدم جل عطائه لخدمة المقامات والقوريات .

* اول المتحدثين كان الفنان نورالدين جاف مسؤول مركز علي مردان للمقامات بكركوك قائلا : الفنان هابة رحمه الله كان من ابرز قراء المقامات وكذلك كان له المام جيد باداء القوريات على حد ما ، وكان له حضور فاعل في حفلات الاعراس (اگلنجة) كمغني وسجلت معظم اغانيه ، و كان له صوتا جهوريا مما ساعده في الالقاء الجميل من خلال نبرات صوته ، وكان من الافضل ان يقوم هذا الفنان بتسجيل اغانيه مع الفرق الموسيقية في القنواة التلفزيونية لكي تبقى خزينا فنيا وافيا ، وللاسف ان الراحل هابه حول معظم الاغاني الكوردية الى التركمانية ، وعلى اية حال استطاع ان يلعب دورا بحدذاته و في عصره ، وبعد لقائه مع الفنان الكوردي ناصر رزازي في مدينة السليمانية تم استدعائه من قبل مديرية امن كركوك و بعد مدة توفي ليودع عالم فن المقام والقوريات التركمانية تاركا ورائه فراغا كبيرا .. رحم الله الفنان هابة واسكنه فسيح جناته .

* يقول الفنان الموسيقي حربي شكر رئيس اتحاد فناني التركمان الذي كان له ذكريات كثيرة مع الراحل هابة :

نشأ الفنان هابة رحمه الله في أحد أحياء مدينة كركوك وهي محلة بريادي. توفي والده عندما كان طفلا، فأنشأته والدته مع أخيه محمد، وهي أول من اطلق عليه أسم (هابه) تحببا وتلطفا ليصبح هذا الأسم مستقبلا علامة الشهرة للفنان عبد الوهاب ، عمل كصبي خياطا وهو في التاسعة من عمره عند الأسطة صالح الخياط في بسوق القيصرية قرب القلعة فتعلم الخياطة وامتهنها وهوى الغناء بل عشقه، حيث كان يدندن مع نفسه عند غياب صاحب محل الخياطة ثم بدأ صوته يحظى بأهتمام أصحاب المحلات القريبة من القيصرية وأبناء المحلة حتى وصلت شهرته إلى سماع أحد فناني كركوك الكبار والذي عطف على هذا اليتيم وقرر ان يتبناه فنيا بعد ان احضره له أحد اصحاب المحلات فأشاد بفناننا هابه وصوته الجميل وهو مايزال في بداية تكوينه الصوتي .

تبنى الفنان القدير عزالدين نعمت صوت الشاب اليافع (هابه) وقرر ان يعلمه اصول الغناء الشعبي واسس المقام العراقي بعد ان كان الفنان هابه يؤدي الأغاني دون الألمام بأصول الغناء خلال الفترة السابقة .. وبدأ المرحوم عزالدين نعمت يصطحب الفنان (هابه) معه إلى دار الفنان المرحوم سمه بربر وعلى يد هذين العملاقين تتلمذ (هابه) على كل اساسيات الغناء الشعبي التركماني وبدأ صوته يحتل مكانة مميزة بين الأصوات وكان للفنان عزالدين نعمت الفضل في تقديم الفنان (هابه) في كل الحفلات والمناسبات الدينية حيث اثبت حضورا كبيرا في كل تلك المناسبات وقد كان أول حفلة لفناننا الكبير بدعم من استاذه ومعلمه عزالدين نعمت حين قدمه في حفلة رسمية وبحضور جمهور غفير من أبناء المدينة وفي مدرسة المصلى وقد فاجأ صوته كل من استمع اليه وخاصة قائد الفرقة الثانية انذاك والذي قام بتكريمه بمبلغ عشرين دينار ليخط اسم (هابه) في عالم الأحتراف الغنائي .. وقد ادى (هابه) في هذه الحفلة اغاني أبكى فيها الحضور ثم صرخ بأعلى صوته صرخته المدوية مغنيا (بلبلم اوچار يوواسينه) ليعلن ولادة فنان شاب يضع خطوته الأولى في طريق الفن الذي اصبح شغله الشاغل اثناء الليل واطراف النهار .

أصبح الفنان (هابه) اسما معروفا على نطاق ضيق وضمن بعض الأحياء الشعبية في مدينة كركوك وكان يرافق بعض الفنانين الكبار أمثال رشه گوله رضا وطوپال حمه وغيرهم لكي يتعلم منهم. وقرر ان يطرح أول شريط كاسيت إلى الأسواق بعد مداولات عدة ومناقشات مع أستاذه الأول عز الدين نعمت، حيث اتفقا ان يطرحا كاسيتا مشتركا يحمل هوية (هابه) الفنية مستفيدا من شهرة عز الدين نعمت بين جمهور المدينة. وقد كان لهذا الكاسيت دور كبير وفاعل في دعوة (هابه) إلى الحفلات العامة والخاصة.

مع الغناء، كان يبحث لنفسه عن مورد رزق آخر بعد ان ترك مهنة الخياطة، لذا عمل كسائق تاكسي لعدة سنوات ثم سائق أجرة سيارة (خط تسعين)، إلا إنه لم يستمر طويلا حيث قدم أوراقه إلى وزارة الصحة ليتم تعينه بصفة سائق إسعاف في صحة كركوك.

واستطرد الفنان حربي شكر قائلا : في الحقيقة اول مرة عزفت للفنان الراحل هابة كان في نهاية عام ١٩٨٨ حيث انذاك كنت اعزف الكمان لمدة عشر سنوات اي بدات بتعليم الة الكمان في سنة ١٩٧٨ وكان هناك اناس يحبون المطرب هابه كثيرا فوعدوني بان ياخذوني الى حفلة هابه وهناك كانت بدايتي مع المرحوم وكنت في الصف الثاني مرحلة كلية التربية الرياضية

وشاركت في الكثير من الحفلات مع المرحوم هابة سواء كان في كركوك او اربيل وسليمانية وتلعفر وبغداد وفي ديالى ناحية قزلربات وفي طوز وتازة ، وامتلك هذا الفنان الراحل اعجاب جمهور

كركوك من تركمانه وكرده وعربه و كانوا يحبون صوته نظرا لامتلاكه صوتا جيدا وقويا ، عنده المام بالمقامات والقوريات.

وعن الاعجاب الكبير الذي لقاه (هابة) اشار الفنان حربي الى ان اغلب المطربين التركمان والكورد كانوا يحبون هابه سواء كان مطربوا الاذاعة و التلفزيون او المطربون الشعبيون امثال عبدالواحد كوزجي وشوكت رشيد و مشكو هوليري وسامي جلالي وممد قلايي والهام ملا عبود ويشار عزالدين وشهاب قصاب وحسن نجار وكثير من المطربين ، وكذلك الموسيقيين الكبار امثال هادي عسكر و ناظم علايلي ومهدي طورنجي و نجم الدين محي الدين وقاسم حمد وشوكت رشيد وممد قلايي وغيرهم .

* ويقول الاديب ايوب بامبوغي : يعتبر الفنان الراحل هابة ملك القوريات وأستاذ المقام التركماني بلا منازع فهو كان فنان كركوك الأول في المقامات والخوريات التركماني وبلبل كركوك الصداح صوتا وغناء ومقاما ، وقدحضرت الكثير من حفلاته في الثمانينات والتسعينات ،خاصة الحفل الذي اقيم في شركة نفط الشمال في عرفة عام ١٩٨١ وكذلك الحفل الساهرالذي اقيم في قاعة بهو البلدية بكركوك و عدة حفلات الزفاف (اگلنجه) والطهور ، فهو فنان كبير وقارئ مقام من الدرجة الأولى ، حيث ضاع صيته منذ السبعينات من القرن الماضي ، وكان محبوبا جدا من قبل جميع القوميات وغنى باللغة الكردية ايضا في الكثير من الحفلات الغنائية والمناسبات مع المطربين الكورد.

* اما الاديب والفنان محمد خضر فقد تحدث قائلا : الفنان هابة كان له دور كبير في كركوك بإحياء الغناء الشعبي وتطويره وأقام عشرات الحفلات في أغلب محافظات العراق وأيضا قدم عدة حفلات في تركيا مع أشهر المطربين الأتراك كما شارك الفنان كاظم الساهر في حفلاته التي أقيمت في سينما صلاح الدين وسينما أطلس .

نیولیبڕالیزمی کورد و پەیامی شیعر!

عەبدولا سلێمان (مەشخەڵ)

ساڵانە لە ڕۆژی جیهانی شیعردا[1] بە سەدان شاعیر لەنەتەوە جیاجیاکانی سەر ئەم گۆی زەوییە، پەیامی شیعر دەنووسن و ڕایدەگەیەنن. لەو ڕۆژەدا شاعیرانی نوخبە، ئەوانەی خۆیان بەپێشڕەو دەزانن، شیعر پیرۆز دەکەن و پەیامی شیعر دەدەن بەگوێی خوێنەران. شاعیرانی کوردیش[2] ئەوە چەند ساڵێکە، ڕوونتر لە جاران، ئەو پەیامە دەنووسن کە ستراتیژ و هێڵە گشتییەکانی ئیشکردن و بەرژەوەندی چینایەتییان دەیخوازێت. ئەگەر جەستەی پەیامەکانی شاعیرانی کورد لەو چەند ساڵەی ڕابردوو وەربگرین و شیبکەینەوە، دەبینین کە :

یەك : شاعیران خۆیان وەك نوخبە و سەردەستە نیشان دەدەن، پێیانوایە ئەوەی ئەوان دەینووسن، کەس لەتوانایدا نییە بینووسێت، واتە هێزێك یان خۆیان وتەنی ئەو ئیلهامە نەفرەتییەی کە ئەوان وەکو خاڵی جیاکەرەوەی خۆیان و خەڵکی تر نیشان دەدەن،دەکەنە بەردەباز بۆ پەرینەوە بەسەر پردی جیاوازی نێوان ئەوان و خەڵکی تر، وەکو ئەوەی پیرۆزییەکیان تیا بێت و خەڵکیش لەسەریانە ئەو پیرۆزییە بناسن و بپارێزن.

دوو : لەشوێنێکی خەیاڵیی بەرزەوە قسە دەکەن، وەك ئەوەی پەیامبەرێك بن و لە ئاسمان دانیشتبێتن، وەکو ئەوەی مەقامی ئەوان بەرزتر بێت لە مەقامی خەڵکی ئاسایی و زەحمەتکێشی کوردستان، ئەم خۆ بەرز بینینە نەك هیچ پەیوەندییەکی بە کلتووری سۆشیالیستیی و کرێکارییەوە نییە، بەڵکو سەر بە کلتووری بۆرژوازی و پارێزەرانی دەسەڵاتی ستەمکارە.

سێ : بەڵێن دووبارەکردنەوە بۆ چین و بەرژەوەندییە چینایەتییەکان، لەو پەیامانەدا خاڵی جەوهەری جگە لەوەی بە زمانێکی وێکنەهاتوو لەگەڵ زمانی گشتی ئینسانەکانی ئەم سەرزەمینە نیشان دەدەن و جەغت لەوە دەکەنەوە کە تا دوا هەناسەیان ئامادەن بەرژەوەندی چینی دەسەڵاتدار بپارێزن و دژ بە گەشەی هۆشیاری سیاسیی خەڵك بوەستنەوە، ئەمەش ناڕاستەوخۆ بەشێوازی جیاجیا لە پەیام و نووسینەکانیاندا هەست پێدەکرێت و ڕەنگی داوەتەوە.

چوار : خەڵك و جەماوەری بەشمەینەت هیچ جێگەیەکیان نییە لە ئیعرابی ئەو پەیامانەدا ، چونکە پەیامەکان ناڕاستەوخۆ ڕوو بە دەسەڵاتداران و چینە چەوسێنەرەکانە و لەدیدی ئەو پەیامنووسانەوە خەڵکی هەژار هیچ جێوشوێنێکیان نییە لە جیهانبینی و دیدگای هونەری و ئەدەبیی ئەوان، دەق و نووسینی ئەوان، دەق و نووسینی سەروو خەڵکیین و ئەوەندە لە ماتریاڵی خەڵك سوود وەردەگرن کە بتوانن بیکەنە خزمەت دەقەکانیانەوە نەك دەقەکانیان بکەنە خزمەت خەڵکەوە، نووسەرانی نیولیبڕالیزمی کوردیی، وەکچۆن لە سێ دەیەی ڕابردوودا کۆشاون لەسەر ڕاستەهێڵی کوشتنی ئیرادەی خەڵکی شۆڕشگێڕی کورد و بێبەها نیشاندانی مارکسیزم و خەباتی سۆشیالیستی کرێکاران لە کوردستان و جیهان و چاندنی بێئومێدی لەناو دڵی خوێنەر وەك بونیاد و شوناسی کاریان، بڕۆن و بۆ پێکانی ئامانجەکانیشیان، بەموو لەم میتۆدە لایان نەداوە، بۆیە کاتێك لەناوەڕۆکی کۆمەڵایەتی ئەو پەیامانە دەگەین و لێیان ورد دەبینەوە، دەبینین هەمیشە بەئاراستەی شەپۆلە پۆزەتیڤەکانی کۆمەڵگەوە نووسران و لەسەر ئەو هێڵە فیکرییە ئیش دەکەن کە بونیادی پەیامەکەی لەسەر بنیاد نراوە، سەرباری ئەمەش خوێنەر بۆ خوێندنەوەی دەقێك، نووسینێکی نووسەرێکی نیولیبڕاڵی کوردیی، پێویستی بە پاشخانێکی مەعریفی وا نییە، بۆ تێگەیشتن لە دەق و ناسینەوەی کۆدەکانی نووسین، بەڵکو لە سێ دەیەی ڕابردوودا هەلومەرجێك گوزەراوە و دەسەڵاتی کوردایەتی کایەی نووسین و ئەدەبیاتی دووچاری پاشاگەردانییەك کردووە، کە نووسەران لەڕاستەهێڵی نووسین و داهێنان لابدەن و جۆرە شێوازێك لە نووسیندا بگرنەبەر کە بتوانن بە ئاسانی بگەن بە مەبەستەکانیان، کەئەویش گەیشتنە بە ئامانجی چینایەتی نووسین، ئامانجی چینایەتی نووسینیش لای زۆربەی هەرە زۆری نووسەران و ئەدیبانی نیولیبڕاڵ بریتی بووە لە خستنە بەرچاوی دەقێك کە لەلایەکەوە وا بنوێنێ کە نوێیە و ئەفرێنراوە و لەلایەکی تریشەوە خوێنەر چەند فرسەخ لە واقیعی ژیان و گۆمەڵگە دوور بخاتەوە. ئەم هەوڵانە گەرچی دیماگۆجییەتێکی دیار و ناسراون، لەهەمان کاتیشدا ماسکێکن و پۆترمیتی کۆمەڵایەتی و کانزا ئەسڵییەکەی نووسەری نیولیبڕاڵ دەشارنەوە. ئەوەی وای کردووە کە ئەو دۆخە بەوجۆرە بچێتە سەر، سادەیی خوێنەرە لەهەمبەر مەسەلە فیکریی و سیاسییەکان، بۆرژوازی کوردیی ڕێك عەوداڵی ئەو دۆخە پڕ لە شکستەی نووسینە تا لەلایەك نووسەرانێك بهێنێتە پێشەوە کە وەفا و وەلائیان بۆ دەسەڵاتی شکسخواردووی کوردایەتی هەبێت و لەلایەکی تریشەوە سوپایەك لە خوێنەر ڕابهێنێت لەسەر شکاندنی جەوهەری نووسین و ئیرادە، لەتەواوی جومگە هەستیار و ناهەستیارەکانی کۆمەڵگە و ژیان بە ئەدەب و ڕۆشنبیریشەوە، بۆیە دەبینین کە نووسەران و شاعیران و نووسەرانی نوخبەی کوردیش بۆ ئەوەی پشکێکی فیکریی و ئەدەبیی و سیاسییان لەو کەمپینە دژە خەڵکییە لە ڕۆژی شیعردا بەر بکەوێت، دێن ژەهری دژە خەڵکیی و دژە شۆڕش و دژە کرێکاریی خۆیان دەڕێژن لەژێر ناوی نوێگەریی و ڕەهاوە چاوبەستەگیی لە خەڵك دەکەن و ئەو ڕێگە دروستەی کە شیعر دەبێت بیگرێت وەك چەکێکی کاریگەری نووسین دژ بە ستەم و نادادپەروەریی کۆمەڵایەتی ژیان، لەبەرچاوی خەڵك دەشێوێنن. بەمەش پەیامی بۆرژوازیی لە ڕۆژی شیعردا ، بەناوەڕۆکێکی کۆنەپەرستانە دەخەنە بەر دیدەی خوێنەر و وا لەخەڵکی عەوام و خوێندەری ناهۆشیار دەگەیەنن کە بەشداریکردن لە ئەرکی هۆشیارکردنەوەی خەڵك سەبارەت بە پرسە سیاسییەکانی وەك خەبات و شۆڕش و گۆڕینی دونیای پڕ لە چەوسانەوە ئەرکی شیعر و شاعیر نییە و ئەدەب نابێت بەو ئەندازەیە خۆی بچووك بکاتەوە و خۆی لە قەرەی ئەم باسانە بدات و ئەم ئەرکانە بخاتە سەر شانی شیعر.! لەکاتێکدا پەیامی ڕاستەقینەی شیعر هۆشیاکردنەوەی خەڵکە بە بەرژەوەندییە چینایەتییەکانیان و بەشداری جیددی شیعر و شاعیرە لەو خەباتە بۆ گۆڕینی دونیای پڕ لە ستەمی بۆرژوازی و هەنگاونان بەرەو ڕزگاری یەکجارەکی. خوێنەری زیرەك و هۆشیار و خەڵکی بەشمەینەت دەبێت بزانن ئەو جۆرە پەیامانەی کە میدیای بۆرژوازی کوردی پیرۆزانە نمایشیان دەکات، هەوڵگەلێکن بۆ خۆڵکردنە چاوی خەڵکی ستەملێکراو لە خەباتیان بۆ ئازادی و یەکسانی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی!. [3]

پەراوێزەکان :

(١) لە ساڵی ١٩٩٩ وە بە ڕەسمی لەلایەن یۆنسکۆوە ٢١ی ئاداری هەموو ساڵێك، وەك ڕۆژی جیهانیی شیعر ناسێنراوە. ئامانج لەم دیاریکردنەش پەرەدانە بە خوێندنەوە و نووسین و بڵاوکردنەوەی شیعرە لەسەرتاسەری جیهان.

(٢) لەشاعیرانی کوردیش بەنموونە دلاوەر قەرەداغی و بەختیار عەلی لەڕێگەی ناوەندی باڵندەوە ئەو پەیامەیان لەساڵەکانی ٢٠١٩ و ٢٠٢١دا نووسیوە.

(٣) ئەم نووسینە دەبووایە لە دەورویەری ٢١ی ئادار بڵاو ببووایەتەوە، بەڵام بەداخەوە لەبەر چەند هۆزێك دووواکەوت.

کارە سەیرو سەمەرەکانی جیهان

پیاوێکی هیندی ماوەی ٤٧ ساڵە دەستێکی بەرزکردۆتەوە

لەنێوان ئەم چەند ملیار مرۆڤەی کە لەسەر گۆی زەوی دەژین، هەر مرۆڤەو خاوەن چەند خاسیەت و تایبەتمەندییەکی تایبەت بە خۆیەتی و لەوانی تری جیا دەکاتەوە، هەندێکجاریش ئەو تایبەتمەندییانە سەر دەکێشێت بۆ حاڵەتی سەیرو سەمەرەو ناوازە کە ڕەنگە مرۆڤ بە بیستنیان تووشی سەرسوڕمان و شۆك بێت.

زۆرجار ئەو کەسانە کۆمەڵێك کارو مامەڵەی سەرنجڕاکێش ئەنجام دەدەن ڕەنگە هەر بە بینینیان هەست بەوە بکرێت کە ئەمان مرۆڤگەلێکی ئاسایی نین و خاوەن تواناو وزەیەکی جیاوازو لە ڕادەبەدەرن بەڕاورد بەو کەسانەی ژیانی ڕۆژانەی خۆیان بەبێ بوونی هیچ سەرکێشییەك بەسەر دەبەن.

چیرۆکی سادەو ئامار بەهاراتی کە یەکێکە لەو کەسایەتییە سەرسوڕهێنەرانەی ساڵانێکی زۆرە دەستێکی بەرزکردۆتەوە، تەنانەت لەکاتی خەوو خۆراکیش نەیهێناوەتە خوارەوە، لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە ئایا مرۆڤی ئاسایی توانای دەست بەرزکردنەوەی بۆ ماوەی چەند خولەك یاخود چەند سەعات هەیە؟ تاکو بڕوا بەوە بهێنین ئەو پیاوە هندییە کە نزیکەی ٤٧ ساڵ دەستی ڕاستی بەبێ هێنانە خوارەوە بەرزکردۆتەوە.

بەهاراتی وەك خۆی دەڵێت:» لەپێناو ئایین و ئاشتی جیهانی ئەو شێوازی هەڵسوکەوتەی هەڵبژاردوەو هیچ کاتێکیش بە درێژایی هەموو ئەو ماوەیە دەستی نەهێناوەتە خوارەوە، ئەم پیاوە دەشڵێت:» لە سەرەتای هەڵبژاردنەکەیەوە کەمێك تووشی ئازاروو ناڕەحەتی بووە، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات لەگەڵ ئەو شێوازە وەستانە ڕاهاتووە، تا کار گەیشتۆتە ئەوەی بەهۆی نەگەیشتنی خوێنهێنەرو خوێنبەرەکانییەوە ئەو دەستەی بەتەواوی لەکارکەوتووەو هەروەك پارچە گۆشتێکی بێکەڵك و زیادە بە جەستەیەوە ماوەتەوە.

بەهاراتی باوکی ٣ منداڵەو لە خێزانێکی مامناوەند گەورەبووە، وەك خۆی ئاماژەی بۆ دەکات:» کاتێك سەرقاڵی ژیانی ئاسایی خۆی بووە هەستی بەوەکردووە خەریکە لەژێر حەزو ئارەزووەکانیدا نغرۆ دەبێت و دەبێتە کۆیلەی هەستەکانی، بۆیە بڕیار دەدات دەروونی بخاتە ژێر پێ و هەموو ئەو تەمەنەی ماوە بیخاتە خزمەتی ئایینەکەیەوە، هەر بۆیەش بڕیاردەدات بۆ هەتاهەتایە دەستی ڕاستی بەرز بکاتەوەو تا ئەوکاتەی بەتەواوی لەکار دەکەوێت و نەتوانێت تەنانەت بەویستی خۆشی بیهێنێتە خوارەوە.

فەوزییە عیزەدین:

کورد بوون لە کەرکوك کارێکی هەروا سەرپێیی نییە، بەڵکو خەمێکی گەورەیە

دیمانە: هەڵمەت هۆشیار

فەوزییە عیزەدین مامۆستا و ئەندامی خولی یەکەمی پەرلەمانی کوردستان بووە. یەکێك لە خاتوونە یەکەمە کوردەکانی کەرکوکە کە دەچێتە بەر خوێندن و زانکۆ تەواو دەکات . هاوکات ئەو هاوسەری نووسەرو رەخنەگری کۆچکردوو زاهیر رۆژبەیانییە . لە دیمانەیەکی تایبەت بە کەناڵی ئاسمانی کەرکوك لە بەرنامەی گەوهەرەکان وەڵامی پرسیارەکان دەداتەوە.

*** مامۆستا زۆر سوپاس کە دەرفەتت پێداین و لە ماڵەکەی خوتدا لە نێو ئەم کتێبخانە دێرین و پڕ ئەزموونەی خولێخۆشبوو مامۆستا (زاهیر رۆژبەیانی) دیمانەکەمان ئەنجام بدەین.**

- زۆر سوپاس بۆ ئێوە بەخێر بێن هەر لەکەرکەوە تاکو هەولێر

*** تۆ ژنێکی لە کوردانی رەسەنی کەرکوك لە کەرکوکیش لە گەڕەکی شۆرجە دێیتە دونیاوە و پەروەردە دەبیت، دەمەوێت بزانم کوردبوون و دواتر ژن بوونت چ ئازارێکی لای فەزوییە عیزەدین دروستکردووە چ مەینتەییەکی بەسەردا هێناوە؟ چونکە لە کەرکوك ئێوەی ژن چ وەکو کورد بوون و چ وەکو مێینەیەك ئازارتان چەشتووە.**

- شانازیی دەکەم بە کەرکوکی بوونی خۆمەوەو لەتەك ئەو شانازییەوە شانازیش دەکەم کە من خەڵکی گەڕەکی شۆرجەم، من لە ساڵانی شەستەکان چومەتە بەر خوێندن و لە یەکەم وەجبەی کچانی ئەو گەڕەکەم کە زانکۆم تەواو کردوە.

زۆر ئەستەم بوو بۆ ئێمەی مێینە لە کەرکوك و لەو گەڕەکەی ئێمەدا بەردەوامیدان بە خوێندن، چونکە گەڕەکەکان تەواو بێ خزمەتگوزاریی بوون، حکومەتی ئەوکات بە هۆی کوردایەتییەوە ئەو گەڕەکانەی پشتگوێ خستبوو، تەنانەت خوێندنگەی ئامادەیی تێدا نەبوو، ناچار دەبووین چەندین کیلۆمەتر بە پێ ببڕین تاکو دەگەیشتین بە قوتابخانە ئامادەییەکانی ئەو بەری خاسەو نەبوونی رێگەو بانەکەش وایکردبوو هیچ شۆفێرێکیش ئامادە نەبوو هاتوچۆمان پێبکات، بەو دەردەسەرییە هەرچۆنێك بێت خوێندنم تەواو کرد.

ئێمە گەورەترین کێشەمان ئەوە بوو خوێندن بە زمانی عەرەبی بوو، بەڵام من حەزێکی تایبەتم هەبووبۆ زمانی کوردی، رەنگە هەر ئەوەش بێت وایکرد دواتر کۆلێژی ئاداب بەشی کوردی تەواو بکەم، پێم خۆشە ئەوە بڵێم من خۆم بە قەرزاری مامۆستا (خورشید سیامەنسوری) دەزانم چونکە لە پشووی هاویناندا گۆڤاری هەتاو و گەلاوێژی پێدەداین و دەمانخوێندەوە بە جۆرێك هانیدەداین وامانەمزانی لە دوای خوێندنەوەکە تاقیکردنەوەمان بۆ دەکات.

ئەمە ئەو چەوساندنەوانەیە کە لە منداڵیەوە لەگەڵ ئێمەی کورددا لە کەرکوك گەورە دەبێت، ئەوەی تۆزێك تێگەیشتنی هەبێت دەزانێت کورد بوون لە کەرکوك کارێکی هەروا سەرپێیی نییە، بەڵکو خەمێکی گەورەیە.

*** لەو قۆناغەی کە ئێوە دەکرێتە بەر خوێندن، قۆناغێك بووە کەسانێك یان خێزان هەبووە خوێندنی کچانیان بە جۆرێك لە نەنگی زانیوە، ئەمە تا چەند کێشەی بۆ خێزانەکەتان دروستکرد بە جۆرێك کۆمەڵگە کە نەتانداتە بەرتانەوتاشەر؟**

+ بیرمە باوکم هەمووکات پێی دەوتم کچم بخوێنە و سەرکەوتووبە، چونکە بە گوێی خۆم بیستوومە تانەیان لێداوم و وتوویانە ئەگەر پیاو بێت کچ ناخاتە بەر خوێندن، تا ئەو رادەیە وا بوو، بەڵام سەرباری ئەوەی باوکم نەخوێندەوار بوو، بەڵام هەمیشە پشتیوانم بووە.

- ئێوە لە سەماوەوە تا کەرکوك و چەمچەماڵ و شەقلاوە و دواتر هەولێریش تۆ لێی ژیاوی و مامۆستایەتیت کردووە، ئەم هەموو گواستنەوە و ئالۆگۆڕی شوێنە بۆچی؟ بۆچی لە شوێنێکدا نەگیرساویتەوەو بەردەوام لە هاتوچۆدا بوویتە؟

+ من کاتێك کۆلێژم تەواو کرد هاوسەرگیریم لەگەڵ زاهیر رۆژبەیانی کرد، زاهیر پێشمەرگە بوو لە پاش نسکۆ گەڕابۆیەوە و بەرەو سەماوە رایانگواست، ئەو کەسانە بۆیان نەبوو لەکەرکوك نیشتەجێ بن، نەیاندەتوانی موڵك و خانوو زەوی بکڕن، بۆیە دەبوو لە باشووری عێراق بژین و سێ ساڵمان لەوێ گوزمراند، دواتر رێگەیان پێداین بگەڕێینەوە بۆ کوردستان بە مەرجی ئەوەی نابێت کەرکوك و خانەقین هەڵبژێرین، بۆیە منیش داوای سلێمانیم کرد، دواتر بە هەر جۆرێك بوو گەڕامەوە کەرکوك بەڵام لە کاتی وانەوتنەوەدا قەدەغە بوو بە کوردی قسە بکەین، منیش لە پۆلدا بە کوردی بە خوێندکارەکانم دەوت بخوێننەوە تا ئەتوانن بخوێننەوە، بە هۆی ئەوەی لە پۆلەکاندا خوێندکاری عەرەبیش هەبوو ناچار ئەوانیشم هاندەدا ئەم ووت ئێوەش فێری کوردی بن وبە کوردی قسە بکەن.

ئەمەش وایکرد چەند جارێك لەلایەن ئەمنی ئەوکاتەوە توشی لێپرسینەوە بم، ئیتر دوای راپەڕین بەهۆی ئەو رەشبگیرییەی کە ئەنجامدرا زاهیر رۆژبەیانی دەستگیر کرا و ناچار بووین کەرکوك جێبهێڵین بەرەو هەولێر.

- داوتر دەبیتە پەرلەمانتار ئەگەر لە ماوەی کاری پەرلەمانتاریدا شانازی بەکارێکتەوە بکەیت، ئەو کارە چییە؟

+ من شانازی دەکەم بەوەی زۆر کوردانە کارم کردووە، سەرۆکی لیژنەی راگوێزراوانی کەرکوك بووم، ئەوکارەی زۆر هەوڵمدا جێبەجێ بکرێت کۆکردنەوەی تەواوی ئاوارەکانی کەرکوك بوو لە کۆمەڵگەیەکدا بە دوو ئامانج،

یەکەم: کەلتور و دابونەریتی کەرکوکیانە ون نابێت و بەردەوام دەبێت.

تانەیان لە باوکمداوە وتوویانە ئەگەر پیاوبیت کچ ناخەیتە بەر خوێندن

دووەم: هاوکاریەکان پەرتەوازە نابن و شوێنیان دیار دەبێت کەبۆ ئەو ئاوارانە دێن، بەڵام تاکو ئێستاش ئەو کارە جێبەجێنەکرا تەنانەت من وایدەبینم کەرکوکییەکان ئێستەش ئاوارەن.

هاوکات داکۆکیکاری سەرسەختی بە جینۆساید ناساندنی کارەساتەکانی ئەم نەتەوەیە بووم بە جۆرێك ئەوەندە باسی هەڵەبجەم کردووە هەڵەبجەییەکان بە نووسراوی رەسمی سوپاسیان کردووم، من یەکەم کەس بووم داوای مۆنۆمێنتم بۆ شەهیدانی هەڵەبجە کردووە، ئەوە لە پرۆتۆکۆلی پەرلەماندا هەیە، لە کتێبیکیشدا دۆکۆمینت کراوە، رەنگە هەڵەبجەییەکان ئەم راستییە هەر نەزانن، تەنانەت هەر ئەو کات داوامکرد فشارێك دروستبکرێت ئەو کۆمپانیا بیانیانەی چەکی کیمیاوی و کۆکوژیان فرۆشتۆتە حکومەتی عێراق قەرەبووی هەڵەبجەییەکان بکەنەوە، تاکو ئێستاش کاری لەسەر دەکەن.

من لە ساڵی ١٩٩٣ لە سەفەرێکدا بۆ وڵاتی ئەلمانیا باسی ئەو نەهامەتی و ژانانەم کردوە کە کەرکوکییەکان و هەڵەبجەییەکان بینیویانە، بەشێکی زۆری ئەو نەهامەتییانە تا ئێستا بوونی هەیەو بەردەوامە.

داکۆکی من لە ئاوارە کەرکوکییەکان بە جۆرێك بوو سەرۆکی ئەوکاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان (د.فوئاد مەعسوم) ناوی لێنام دایکی ئاوارەکان.

تەلەفزیۆنی کەرکوك
یەکەم کەناڵی راگەیاندنی بینراوی کوردییە لەمێژوودا

هەرچەندە تەلەفزیۆنی کەرکوك ، بە ئازادی و بە رەهایی لە خزمەتی گەلی کورددا نەبووە! بەڵام لە ماوەی دەیان ساڵی کارکردنیدا و بەشێوەیەکی گشتی، کەم تازۆر خزمەتێکی بەرچاوی کەلتووری کوردی کردووەو یەکەم کەناڵی راگەیاندنی بینراوی کوردییە لە مێژوودا و تاقە دەلاقەیەك بوو بۆ نیشاندانی بەرهەم وچالاکی هونەری و رۆشنبیریی کوردی و سەدان گۆرانی و دەیان دراما و بەرنامەی هەمەجۆری بۆ نووسەران و هونەرمەندانی کورد تۆمار و پەخش کردووە... هاشم جەباری لە مێژینەترین کارمەند و یەکەم بێژەری تەلەفزیۆنی ناوبراو لەبارەی مێژووی دامەزراندنی یەکەم کەناڵی تەلەفزیۆنی کوردی، وتی: بە پێی ئەو زانیاریانەی لە نووسینێکی فەرهاد هەمزە وەرم گرتووە،دەربارەی بیرۆکەی دامەزراندنی تەلەفزیۆنی کەرکوك .

عەبدولستارجەباری ـ کەرکوك

لە یادەوەری تێپەڕبوونی ٣ ساڵ بەسەر شۆڕشی ١٤ی تەموزدا و لە ١٥ی تەموزی ساڵی ١٩٦١ مەحمود ئەلبەکری موتەسەڕیفی ئەوکاتەی کەرکوك و زەعیم- مەحموود عەبدولڕەزاق فەرماندەی تیپی (دوو)ی سوپای عێراق، بەردی بناغەی تەلەفزیۆنی کەرکوکیان دانا، بەڵام بەهۆی هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوول و ئاڵۆزبوونی بارودۆخی ناوچەکە، پڕۆژەکە دواخرا و دوای چەند ساڵێك ئەو پڕۆژەیە زیندووکرایەوە و لە خواروو شاری کەرکوك و لەسەر ڕێگەی بەغدا و لە ١٩٦٧/١١/١٨ بیناکە دروستکرا، دواتر لەلایەن (تاهیر یەحیا)ی سەرۆك وەزیرانی ئەو کاتەی عێراقەوە کرایەوە.

لەسەرەتادا بەرنامەکانی تەلەفزیۆنی کەرکوك هەمان ئەو بەرنامانەبوون کە لە تەلەفزیۆنی بەغداوە پەخش دەکران و بۆ ڕۆژی دووەم بە تۆمارکراوی دەگەیشتنە کەرکوك و بڵاودەکرایەوە. تەنیا بەرنامەیەکی کوردی نەبێ کە هەفتەی جارێك بڵاو دەکرایەوە لەغدا تۆمار دەکرا بەناوی «أنغام من الشمال» واتە ئاوازگەلێك لە باکوورەوە و ماوەکەی ١٥ خولەك بوو .

بەبۆنەی یەکەمین ساڵیادی شۆڕشی ١٧ی تەمووز،ئاهەنگێك ساز کرا، لەبەر ئەوەی هیچ تیپێکی مۆسیقای تر نەبوو لە شارەکە جگەلە (تیپی مۆسیقای سۆلاف) ی کوردی ئیدارەی تەلەفزیۆن بە ناچاری پەنای بردە بەر تیپی ناوبراو بۆ گێڕانی ئاهەنگەکە لە ١٩٦٩/٧/١٧ هەروەها لەبەر نەبوونی ئامێری مۆنتاژ لە کەرکوك کارمەندانیش نەیانتوانی تۆماری بکەن، بۆیە بەناچاری ئاهەنگەکە کە لەلایەن هونەرمەندان «قادر مەردان و شەوکەت رەشید و سەلاح رەشید و سەلاح عەباس و رەمەزان زامدار و عەلی عەزیز» و چەند هونەرمەندێکی تر بە ڕێوەچوو. ئەم چالاکییەش بوو بە یەکەم ئاهەنگی راستەوخۆ لە مێژووی تەلەفزیۆنی کەرکوك .

لەبارەی چۆنیەتی دامەزراندنی یەکەم بێژەری کورد لە تەلەفزیۆنی کەرکوك هاشم جەباری وتی: سەرەتا «نامیق محەمەد بەبێژەر و شەهید جەبار جەباری» بە وەرگێڕ دامەزران، لە پاش مانگێك نامیق دەستی لە کارکێشایەوە، من لە ١٩٦٩/٩/١ دامەزرام و هەر ئەو شەوە بەڕێوەبەر وتی: دەبی هەر ئەمشەو دەنگ و باس بخوێنیتەوە و ناچاری کردم دەقی ئەو دەنگ و

باسە بخوێنمەوە کە شەهید جەبار جەباری لە عەرەبییەوە وەریگێڕابووە سەر زمانی کوردی.

لە ساڵی ١٩٧٢ بەڕێوەبەرێکی ترمان بۆ هات بەناوی «رافیع ئەلکوبەیسی» ڕەزامەندی بەدەست هێنا بۆ دامەزراندنی چەند ئافرەتێکی بێژەر و ڕۆژێکی بۆ تاقیکردنەوە دانا و لە ئەنجامدا بڕیاری دامەزراندنی « نەسرین مەحمود و سوهەیلە ئیبراهیم» بۆ بەشی کوردی و «لەیلا محەمەد نەورۆز و کەرەوان سەعید» بۆ بەشی عەرەبی و «ڕەبقە خامس قەندۆ» بۆ بەشی سریانی، بۆ بەشی تورکمانیش کەس نەهاتبوو، بەڵام لە دواییدا (فەیحا زەینولعابدین و فەزیلە زەینولعابدین)ی دوو خوشك بوون بە بێژەری تورکمانی .

«عەبدوڵڵا جەعفەر داقووقی» و مەولود قایەچی» بوون بە وەرگێڕ و بێژەری بەشی تورکمانی.

لە بارەی ماوە و کاتی پەخشی بەرنامەکانی بەشی کوردی وتی :

لە ١٩٦٩/٧/١٨ ماوەی چارەکە سەعاتێك بۆ پەخشی کوردی تەرخانکرا و ١٠ خولەکیش بۆ پەخشی تورکمانی تەرخانکرا و پاش ماوەیەکی تر بڕیاردرا پەخشی کوردی بکرێتە ٢٠ خولەك و ماوەی تورکمانیش ١٥ خولەك و ١٠ خولەکیش بۆ پەخشی سریانی تەرخانکرا. ساڵی ١٩٧٢ ماوەی پەخشی کوردی کرایە ٤٠ خولەك و تورکمانیش ٢٠ خولەك و سریانیش ١٥ خولەك. دواتر بە پێی رێکەوتنی بەیاننامەی ١١ی ئادار، کە یەکێك لە بڕگەکانی دەڵێ: کردنەوەی کەناڵێکی کوردی لە کەرکوك، لە ١٩٧٤/٦/١دا کەناڵێکی تایبەت بە کوردی کرایەوە لە سەعات شەشی ئێوارەوە تاکو سەعات دوانزە و یەکی نیوە شەو بەردەوام دەبوو ....

هاشم جەباری لەدرێژەی قسەکانیدا وتی: یەکەمین کورتە درامای کوردی کە لە بەغدا تۆمار کرا «مشتەی ناو هەمانەکە کوشتومی» بوو لە نواندنی هونەرمەندان «عومەر عەلی ئەمین و عومەر چاوشین و گەزیزە خانەوە، تیپی سەندیکای کرێکارانی سلێمانیش بە بەشداریی «حاجی مەکی عەبدوڵڵا» و هونەرمەندانی تیپەکە، چەندین کورتە درامای کاریکاتێرییان تۆمار کرد ، جێگەی ڕەزامەندی بینەرانی ئەو سەردەمە بوو، تیپی کۆمەڵەی هونەر و وێژەی کوردی/ لقی کەرکوکیش دوو زنجیرە درامای زۆر ڕێکوپێکی لە تەلەفزیۆنی کەرکوك لە ساڵی ١٩٧٢دا تۆمارکرد بەناوەکانی «بەهاری دزراو و مەرمزە» هونەرمەندان «جیهاد دڵپاك و جەلیل زەنگنە و عەلی کەریم و عەبدولڕەحمان مەحمودو مامەند کەرکوکی و مامۆستا محێدین عەبدوڵڵا پشدەری وحەسەن جەباری و مەحمود گلی»... هتد رۆڵی سەرەکیان تێدادا گێڕاو وهونەرمەند «سەلمان فایق» کاری دەرهێنانی بۆ هەردوو دراماکە کرد، لە مانگی چواری ساڵی ١٩٨٠ بینایەکی زۆر گەورە و بۆ کەناڵی کوردی لە ناوجەرگەی شاری کەرکوك دروست کرا و ئیدی لەوێوە دەست بەپەخشی ڕەنگاوڕەنگ کرا و یەکەمین گۆرانی ڕەنگاوڕەنگ گۆرانییەکی «کەریم خەمزەیی» بوو بەناوی هەی زێنی هونەرمەند «ناسر حەسەن «لە ئاهەنگ و سەیرانێکی زانکۆی سلێمانی لە ناوچەی دەربەندیخان تۆماری کردبوو ...

شایانی گوتنە کەناڵی ناوبراو خاوەنی گەورەترین ئەرشیفی کوردییە ، بەداخەوە ئێستا بردراوە بۆ شاری بەغدا..

ماهي مواصفات نجاح المجلة ....؟

زيد محمود علي- محرر صحفي

قال هنري فورد احد الكتاب الاوربيين ذات مرة أن الخطأ الحقيقي الوحيد الذي نرتكبه هو الخطأ الذي لا نتعلم منه شيئا، أن هذا ما يفعله الكثير من الناشرين في الوقت الحالي مع مجلاتهم وهم معرضون لخطر أن يظلوا واقفين عندما تصبح المجلات اللوحية أحد عروض السوق الشاملة وتصبح مجلة عادية، دون ان تفرض نفسها على النخبة والمجتمع ...

الشرط الأول، كما هو الحال في أي مجلة فنية أو علمية، هو أن الموضوع الذي ينشر فيها يجب أن يتناول موضوعا مثيرا للاهتمام لقرائنا. وبديهي هنالك العشرات من الاحداث والمواضيع المهمة ولكن حسب اولويتها واهميتها من قضايا الادب والسياسة والعلم والتكنلوجيا وغيرها من مواضيع على الكاتب انتقائها بذكاء بحيث ان يجعل القراء ان يتناولوا وجبتهم الفكرية وبسرعة البرق، او انها تهيمن على عقول المتلقين، بحيث يكون الكاتب الذكي في المجلة كصياد السمك وذلك ليس الجميع يجيدون هذاالفن بل يحتاج الى عقل وذكاء خارق وطرق الصيد الذي لايجيده الا المتميز والناجح في تطبيق الاساليب الفنية في صيد السمك وانواعه .....

ان متطلبات نشر المقالات في المجلة، ان تكون المقالات او المواضيع هي عبارة عن دروس او استطلاعات ويجب أن تكون مكتوبة بأسلوب سهل يمكن فهمه وهضمه من قبل القراء والمتابعين، وهدفنا الاساسي هو نشر المعرفة وما تفيد القارىء. من معلومات يبحث عنها والمجلة هي احد المجالات.

رغم ان القراء والمتابعين هم من فئات متعددة منهم المهندس والمعلم والموظف والقارىء العادي، وخاصة نحن نفضل المواضيع التي تنشر لاتحتوي على مصطلحات معقدة على الاطلاق، بل من اجل ايصال الفكرة وتوفير سهولة القراءة لتوضيح المواضيع بشكل بسيط، وعدم تعقيد المواضيع من اجل تطعيم المواضيع بمصطلحات صعبة، لكن يتحمل بالدرجة الاولى رئيس التحرير مسؤولية تمرير مثل هذه المقالات او المواضيع، عليه ملاحظة ذلك من خلال قراءة المقالة او الموضوع المقدم للنشر، يجب ان تتوفر فيه شروط النشر اولا، وثانيا ماهي اهمية المقال الذي سينشر، هل يتضمن فيه المعلوماتية او له تأثير على القراء والمتابعين، وهنالك بعض المستلزمات المطلوبة على رئيس التحرير ملاحظة كل ذلك لان تبعات فشل نشر المقالة يتحملها هو ..

وعلى جميع العاملين ان يكونوا في تحقيق الهدف وفي مصب واحد والابتعاد عن الغرور لان الغرور هو داء قاتل للابداع، انشاء مجلة تخدم روح الجميع في شكلها الجميل ومضمونها الجيد من مقالات يشتاق لها القراء ...

على هيئة التحرير البحث عن شبكة من الكتاب المحليين، والمبدعين ليقدموا مواضيع مبدعة للمجلة مع ضرورة الاجتماع مع كافة الهيئة المشرفة على المجلة من اجل الاستطلاع والمراجعة ومعرفة ايجابيات وسلبيات عموم التنظيم الفني والاداري لها وكل هدف ذلك اخراج مجلة متميزة ...

واما الصور مهمة: ابحث عن مصور يفهم الفرق بين صورة الأخبار وصورة المجلة. لان الصورة شيء مهم بالنسبة للمجلة، فالكثيرين من هيئات التحرير لايعيرون لذلك اهمية بينما انها نصف نجاح المجلة وهي الصورة والمصور الخبير الذي يضع صور تجذب انظار القراء والمتابعين للمجلة .

وهنا الذكي من هيئة التحرير لا يشيعر بالراحة دائما يفكر بالجديد والامور الإبداعية التي يفكر تطويرها في مجلته حيث لايقف في زاوية بل يتحرك في كل مكان من اجل البحث والبحث الى لا نهاية هو هذا العمل الفني للمجلة والمطلوبة من الجميع العطاء والعمل دون توقف ....!

مشاهير تتغنى بها الدول العربية ولاتعترف بموروثاتهم في بلدانهم

اوات الكاكه ئي-العراق

توجد في العالم العربي مشاهير تتغنى بها الدول العربية ولاتعترف بموروثاتهم من اللغة والمذهب وهوية تلك الشخصيات في بلدانهم

تتعدد تسمياتها ويسمونهم بالأقليات او المكونات الشعب وتتعدد مفاهيمها و انواعها هناك نماذج كثيرة يتعايش هذه الأوضاع في المنطقة، كما في البلدان العربية حيث يشكلون النسبة الاقلية مقارنة بالآخرين الاغلبية سواء كانت تمثل الأقلية العرقية أوالأقلية الدينية أوالأقلية اللغوية والأقلية المذهبية والأقلية القبلية . العشائرية والأقلية الإقليمية والأقلية الثقافية والأقلية السياسية والأقلية الاقتصادية . الاجتماعية ، سنذكر نماذج من هذه الأقليات موجود في العالم العربي والتي يتم أقصائهم وتهميشهم سياسيا ودينيا والبعض منهم و اضطهادهم يتعلق بسلب هويتهم ومنعهم من التعليم والدراسة بلغتهم والحفاظ على تراثهم. على سبيل المثال:

مذهب الطائفة الشيعية والتي تمثل ثاني أكبر طوائف المسلمين في البلدان العربية، ويتجاوز إعدادهم حوالي ١٥٠ إلى ٢٠٠ مليون نسمة في العالم.

ومن بين مشاهير الثقافية لهذه الطائفة محمد مهدي الجواهري، الفارابي، سيبويه وغيرهم.

والنموذج الثاني قبائل الأمازيغ والتي هي احدى اكبر أقلية قومية في الدول العربية ، ومن أقدم السكان المعروفين في دول شمال أفريقيا، ويبلغ عددهم حوالي ٣٦ مليون نسمة، من بين مشاهير الامازيغ طارق بن زياد الذي فتح الأندلس ، عباس بن فرناس، ابن بطوطة، زين الدين زيدان أشهر واكبر لاعبي كرة القدم في العالم وغيرهم.

والنموذج الثالث الأكراد تشكل أكبر أقلية قومية في الدول العربية. يسكن الأكراد المناطق الجبلية الممتدة بين شمال العراق وشمال شرقي سورية وجنوب تركيا وشمال غرب إيران وفي دول أخرى مختلفة. ويمثل الكرد أغلبية في هذه المناطق، أو فيما يحب الأكراد تسميته «كردستان

ويبلغ عدد الأكراد حوالي ٤٠ مليون نسمة في مناطق تواجدهم والعالم ، يتحدث الأكراد بلهجات مختلفة، متعددة منها سوراني كوراني وكورمانجي، ولوري إلخ...

من بين مشاهير الأكراد:زرياب، صلاح الدين الأيوبي، حسني الزعيم، سعاد حسني، نصير شمة وغيرهم.

يشكو أبناء المذهب الشيعي في بلدانهم التي يشكلون فيها الاقلية من «التهميش السياسي والقمع الديني اما قبائل الامازيغ يقولون بأنهم يعانون «اضطهاد يتعلق بالهوية وحقوق التعليم باستخدام لغتهم والحفاظ على تراثهم من الاندثار، فضلا عن ضعف المشاركة السياسية في مراكز صنع القرار». وقامت بعض الدول بتعديلات دستورية في السنوات الأخيرة ضمنتها حقوق هذه الأقلية.

اما الأكراد فهم يعانون من «اضطهاد» ومنعهم لأستخدامهم لغتهم وتدريسها في مناطق تواجد الاقلية والعديد من مواضيع مختلفة تخص الدين والارض والثقافة .و يشتكي الأكراد من كونهم القومية الوحيدة في المنطقة التي لم تحصل على حق إقامة دولة بعد الحرب العالمية الأولى.

تحتفظ هذه الأقليات من الناحية التاريخية والثقافية والسياسية بشخصيات ذات صيت واسع ومؤثرين في تاريخ بلادهم ويعتبر من اوائل من وضعوا بصمتهم بشرف وبأخلاص من اجل قضاياهم والتضحية والوصول إلى أعلى مناصب المجد لرفع راية السلام والإنسانية على مر تاريخ بلادهم وهناك الكثيرين منهم كانوا ولازال في مقدمة الشعوب يمثل بلده ولا يعير له حقوقه والاعتراف به بماتخصه من الانتماء الى الهوية أو الأرض او الدين او اللغة.

ژمارە (٤) ئابی ٢٠٢١

چاوشی ، لەمنداڵێکی هەژارەوە بۆ بەناوبانگـــــبوون و خێرخوازێکی گەورە

هونەرمەند موحسن چاوشی حوسەینی، لە ١٩٧٩/٧/٣٠ لە شاری خورمەشهەری باشووری وڵاتی ئێران لە دایك و باوكێكی خەڵكی شاری كرماشانی ڕۆژهەڵاتی كوردستان لەدایكبووە. سەرەتای منداڵی موحسن چاوشی، ژیانێكی پر زەحمەت و دەردەسەری و هەژاری بووە، لە ژیاندا تووشی زۆر ئاڵێنگاری بۆتەوە، بەهۆی ئەوەی سەرەتای ژیانی منداڵی لەسەرەتای جەنگی هەشت ساڵەی ئێران و عێراق بوو، لە نێو بەرهەمەكانشیدا جەنگ و هەژاری و كێشە و گرفتەكانی كۆمەڵگای ئێرانی بەتەواوتی تێیدا بەرجەستە بوونە. موحسن خاوەنی بڕوانامەی دیبلۆمی لە ژمێریاریدا هەیە و خاوەنی منداڵێكە و لە هاوسەرەكەی جیابۆتەوە .

هەروەك خاوەنی چواردە ئەلبوومی گۆرانی بلاوكراوەیە كە تێیدا چوار بەرهەمیان بەشێوەی نایاسایی بلاوكرانەتەوە و دە ئەلبوومیش فەرمییە.
لەكاتی بلاوكردنەوەی بەرهەمەكانی چاوشی تووشی گرفتی زۆر بۆتەوە لەلایەن دەوڵەتەوە، لەگەڵ ئەوەی چاوشی كێشەیەكی زۆری تووش دەبوو بۆ كاری یاسایی ئەلبوومەكانی و چەندین جار گۆرانییەكانی بە نهێنی و فێڵكردن لێی لەلایەن كەسانی نزیكییەوە بلاودەكرانەوە و بەخراپ سوودیان لێومردەگیرا بەبێ ڕەزامەندی چاوشی.

چاوشی سەبارەت بە دەستپێكی كارە هونەرییەكانی و هەروەها گۆرانیی فیلمی سەنتووری كە لە دەرهێنانی داریوش مێهرجوییە، دەڵێت: بەهۆی نەبوونی ستۆدیۆ و نەبوونی توانای دارایی بۆ بەكرێگرتنی ستۆدیۆ ناچاربووە كۆمپیوتەر و مایكرۆفۆنی هاوڕێكانی ببات و لە ژێر بەتانی گۆرانییەكانی تۆماربكات.
باس لەوەشدەكات: چارەیەكی ترم نەبوو جگەلەوەی لەماڵەوە و لە یەكێك لە ژوورەكانمان كاری تۆمارکردنەكەی ئەنجام بدەم. بەهاوكاری دایكم بەتانییەكمان بە بزمار كوتایە سەروو پەنجەرەی ژوورەكە و دیوارەكانیشی بە بەتانی دامانپۆشی هەتاكو دەنگەكەخراپ دەرنەچێ، دایكم لە ژوورەكە چووە دەرەوە و بە بەتانییەك لەدەرەوە، ڕووی دەرەوەی ژوورەكەشی داپۆشی.

دواتر سەردەمەكە بۆ چاوشی گۆردرا و بەهۆی ئەلبوومەكانیەوە بووە خاوەنی ناوبانگ و داهاتێكی زۆر و وایكرد ببێت بە كەسێكی خێرخواز و بەشێوەیكی بەردەوام ئاگاداری ژیانی هەژاران بێت.
تەنها لە درامای شەهرزاد كە یەكێك بوو لە باشترین دراماكانی ساڵی ٢٠١٦ی وڵاتی ئێران، بەهۆی كاركردنی چاوشی لەگەڵ ستافی دراماكە ئەوەندەی تر كاریگەری لەسەر ڕێژەی بینەری دراماكە هەبوو، سەرەتا بە گۆرانی (همخواب و كجایی) هەردوولا توانییان پەیوەندییەكی سوودگۆڕێ لەگەڵ یەكدیدا ببەستن، كە ژمارەی گوێگرانی گۆرانی كجایی تەنیا لە یەك وێبسایت لەماوەیەكی كەمدا ٣٦ ملیۆن بوو، ئەمەش بۆ ناوبانگی چاوشی و دراماكەش سوودێكی ئێجگار زۆری هەبوو.

لەئێستادا ئەوەی چاوشی خۆشەویست دەكات لای خەڵكی جگە لە كارە هونەرییەكانی بریتیین لەو كارە خێرخوازییانەی كە دەیكات، كە زۆرینەی كات لە هەژماری ئینستاگرامی خۆی كێشەی كەسێك دەخاتە ڕوو و بە هاوكاری هەوادارانی ڕزگاری دەكات، كە زۆرینەیان ئەو كەسانەن سزای لەسێدارەدانیان بۆ دەرچووە بەهۆی كارێكی نائەنقەست یان بەهۆی نەبوونی پارەوە بۆ دانەوەی قەرز لە زیندانن و كەسانی بێ زیانن.

هەر سەبارەت بە كارە خێرخوازییەكانی چاوشی، هاوڕێیەكی نزیكی دەیگێڕێتەوە: كە چاوشی شەوان بە جلوبەرگێكی تایبەتەوە بۆ ئەوەی خەڵكی نەیناسنەوە سەردانی ماڵە هەژارەكان دەكات و خواردنیان بۆ دەبات.

موحسن چاوشی، بەهۆی پێنەدانی مۆڵەتی ڕەسمی لەلایەن وڵاتی ئێرانەوە بەبەرهەمەكانی، لەكاتی تۆمارکردن و بلاوكردنەوە بەشێك لەو بەرهەمانە توشی گرفت بۆتەوە و بەشێوەیەك چەندین بەرهەمی بەبێ مۆڵەت وەرگرتن بلاوكراونەتەوە.
چاوشی لە زستانی ساڵی ٢٠٠٤ یەكەمین ئەلبوومی گۆرانی چاوشی بەناوی (نەفرەت) بەشێوەیەكی نارەسمی و بێ ڕەزامەندی وەزارەتی ڕۆشنبیری ئێران بلاوكرایەوە.
دووەم بەرهەمشی بەناوی (خۆكوشتن قەدەغەیە) لە ساڵی ٢٠٠٥ بلاوكرایەو بەبێ مۆڵەت.
(تاكێك پێڵاو) ناوی سێیەمین ئەلبوومی چاوشییە و لە ساڵی ٢٠٠٥ بلاوبویەوە و بە شێوەی نارەسمی لە یازدە تراك پێكدێت بەڵام بەشێوەی ڕەسمی لە ٧ تراك پێكدێت، چونكە هەندێك لە تاك تراكەكان لەگەڵ نافەرمییەكەدا بلاوكرانەوە و هەروەك ئەلبوومی (بەداخەوەم)میش لە هاوینی ٢٠٠٦ بەشێوەیەكی نارەسمی بلاوكرایەوە و یەكەمین جاربوو كە بە وێنەی چاوشییەوە ئەلبوومێك بلاوبویەوە.

لەدوای ئەو بەرهەمەوە چاوشی كار لەسەر بەرهەمی (چەپكێك گوڵی نیلوفەر) دەكات و لە ساڵی ٢٠٠٨/٨/١٤ بلاویكردەوە و وئەم بەرهەمە بووە پێنجەمین بەرهەمی خۆی و یەكەمین ئەلبوومی فەرمی كە ڕەزامەندی پێدرا و ناوبانگێكی زۆر باشی هەبوو و ڕێژەیەكی زۆر باشی لێ فرۆشرا.
(چاكەت)یش شەشەمین ئەلبووم و دووەمین ئەلبوومی ڕەسمی چاوشییە و دوای چەند جارێك دواخستن كۆتاجار لە ٢٠١٠/٢/١٦ لەلایەن كۆمپانیای (ایران گام) بلاوكرایەوە و دواتریش لە ساڵی دواتر بەرهەمی (پێداگر)ی بلاوكردەوە و هەر لەساڵی ٢٠١١ كاری لەسەر بەرهەمی (سەنتوری)كرد كە بۆ فیلمی سەنتوری وتراوە لە ساڵی ٢٠٠٦، بەڵام بلاوبوونەوەی بەشێوەی ئەلبووم و بەڕێكوپێكی كەوتە ساڵی ٢٠١١.
لە ڕۆژەكانی كۆتایی ساڵی ٢٠١٢ چاوشی بەرهەمی (ئالای سپی) بلاوكردەوە و دواتریش لە ساڵی ٢٠١٣ ئەلبوومی (من خۆم ئەو سیانزەیەم) كە دەیەم و شەشەمین ئەلبوومی ڕەسمی بوو بلاوكردەوە و دوای ڕۆژ لە بلاوبوونەوەی تەواوی سیدییەكانی ئەم بەرهەمە فرۆشراون و نێردرایەوە بۆ چاپی دووەم.
هەروەكە ئەلبوومی (سەوڵی بێ بەلەم)یش كە ساڵێ دواتر بلاوكرایەوە و دوای سێ ڕۆژ لە بلاوبوونەوەی بوو بە پڕفرۆشترین ئەلبوومی سۆشیاڵ میدیا و لەدوای ٢٤ سەعات لە بلاوبوونەوەی بوو بە پڕفرۆشترین ئەلبوومی ساڵ.
چاوشی لە مانگی شەشی ٢٠١٦ بەرهەمی (پادشای بێ زیان) بلاوكردەوە وتوانی خەڵاتی باشترین ئەلبوومی ساڵ بباتەوە لە فیستیڤاڵی مۆسیقای فەجر.
دوای دوو ساڵیش بەرهەمی (ئیبراهیم)ی بلاوكردەوە ئەوەش لەدوای چەندین چەواشەكاری و ڕێگری لەلایەن وەزارەتەوە بەشێوەیەك لەكۆی ٨ تراكی بەرهەمەكە تەنها ٦ تراكیان مۆڵەتیان پێدرا و دوو تراكی دیكەیان بەبێ مۆڵەت و بە نایاسایی بلاوكرانەوە.
ئەلبوومەكە لەهەمان ساڵدا چووە كێبڕكێ لەگەڵ ئەلبوومی (ایران من)ی هومایون شەجەریان و توانی ببێتە یەكەمین و پڕفرۆشترین ئەلبوومی ئەو ساڵە.
هاوكات لە ٢٠١٩ ئەلبوومی (بێ ناو)ی بلاوكردەوە كە چواردەیەمین و دەیەمین ئەلبوومی ڕەسمی چاوشییە، یەكەمجار ناوی ئەم ئەلبوومە (قومارباز) بوو بەڵام بەهۆی ئەوەی وەزارەت ڕێگای گرت لەوەی بەو ناوەوە بلاوبكرێتەوە، بۆیە تورەیی چاوشی وایكرد ناوی بنێت (بێ ناو) بەڵام لەناوەوەی ئەو سیدییەی كە دەفرۆشرا بەرگی (قومارباز) هەبوو.
چاوشی بۆ یەكەمجار، لە ناوەڕاستی ساڵی ٢٠١٥ەدا لە گۆرانییەكی هاوبەشی لەگەڵ سینا سەرلەلدابە ناوی مینا، گۆرانییەكی هاوبەشی كوردی و لوڕی وتوە و ئەوەش یەكەمین هەنگاوی چاوەشی بوو بۆ وتنی گۆرانی بە زمانی دایك.
چاوشی تائێستاش خاوەنی هیچ كۆنسێرتێك نییە و چەندین جاریش داوایان لێكردوە بەڵام ڕەتیكردۆتەوە كۆنسێرت ئەمجامبدات.

گەڕەکەکانی کەرکوك لە روانگەی مێژووە

سمکۆ بەهرۆز (ئەژی)

مێژووی دروستبوونی شاری کەرکوك و ئاوەدانی تیایدا، دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمێکی زۆر کۆن، کە بۆ سەردەمی ئاوەدانی گۆتی و لۆلۆپییەکان دەگەڕێتەوە، هەڵبەتە لەو سەردەمە کۆنانەدا خەڵکی تەنها لە نێو شوورەکاندا لە نێو شارەکان نیشتەجێ بوون و ژیانیان دەگوزەراند، چونکە لەو سەردەمانەدا شار واتا (قەڵا). قایمترین شوێنی بەرگریکردن و خۆپارێزی بووە لە هەڕەشە و هێرشی داگیرکاری.

بەڵام بە تێپەڕینی ڕۆژگار و لە ئاکامی کۆمەڵێك هۆیی دیاریکراو لەوانە: گەشەکردنی ژمارەی دانیشتوان، لەسەدەکانی شانزەهەم و حەڤدەهەم شارەکە فراوان بووە، ئەو فراوانبوونەش شێوە کەوانەیی و بە ئاقاری ڕۆژهەڵات و باشووری قەڵادا بووە.

لە باربوونی کەشوو هەوای شار و ناوچەکە، هەروەها ڕێژەی بارانبارین تیایدا، کاریگەریی کارای لەسەر گەشە و فراوانبوونی شارەکە هەبوو لە گشت بوارەکاندا، بە تایبەت ئابووری و کۆمەڵایەتی و شارستانی.

لەسەردەمەکانی دواتریشدا، بە هۆی هاتنەئارای سەقامگیری سیاسی و بە هێزبوونی ئەمن و ئاسایش و بڵاوبوونەوەی دامو دەزگاکانی حکومەت لە دەرەوەی سنوورەکانی شار، بەتایبەتی لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم، شاری کەرکوك گەشەی سەندو گوند و ئاوەدانییەکانی نزیك شارکەوتە نێو بازنەی شارەوە، هەر بۆیە گەڕەك و شەقام و پەرستگاو مزگەوت و تەوراتگە و چالاکییە ئاینی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و ئابووری و بازرگانی لەسەرتاپای شارەکە گەشەی کرد.

((گەڕەك بە یەکەیەکی بنچینەیی دەژمێردرێت لە پێکهاتەی شارەکاندا، کە ڕووخسارەکانی پێکەوەژیانی کۆمەڵایەتییانەی تێدا دەردەکەون و دەرماگیریی شارنشینی لە خانەی خۆیدا کۆماندەکاتەوە.

هەموو شارێکی ناوچەکەش، وەك نەریتە، چەند گەڕەکێك دەگرێتەخۆ. هەر گەڕەکێك لە گەڕەکەکانی شار لە شەقامێکی پان و کۆڵانە تەسك و تەنگ و پێچاو پێچەکانی، کە لقی شەقامە گەورەکان پێکدێت. کەرکوکیش وەکو هەر هەموو شارێکی تر هاوپەیوەستی هەمان وەسپ و پێناسەیە بۆ گەڕەك، کە لە چوار چێوەی هەندێك تایبەتمەندی خۆی کە لەگەڵ ڕەوتی مێژووی خۆیدا هاوگونجاو بووە و جوانکاری خۆی ڕەنگی داوەتەوە لە ئاقاری هونەری تەلارسازی و نەخش و نیگاری تایبەت بە خۆی)).

هەر گەڕەکێك لە گەڕەکەکانی کەرکوك، هەر یەکەیان تایبەتمەندی خۆیان هەیە و جوانکاری و گەشەکردنی لەچوار چێوەی کۆمەڵێك بنەما خۆی چڕ کردۆتەوە.

بەپێی چەند زانیاریەك، باری ئاوەدانیی شاری کەرکوك لەسەدەی نۆزدەهەمدا پەرەسەندنێکی بەرچاوی بە خۆوە بینیوە، ئەم گەشەکردن و پەرەسەندنە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا گەورەتر بوو، کە لەو ساڵانە شاری کەرکوك لە سێ بەش پێکدەهات.

لە ٢٢ گەڕەك بەم شێوەیە:

١- گەڕەکەکانی قەڵا ٣ گەڕەك

٢- گەڕەکەکانی بەر قەڵا ٩ گەڕەك

٣- گەڕەکەکانی قۆریە ١٠ گەڕەك

• گەڕەکەکانی قەڵا:

گەڕەکەکانی قەڵا وەك هەر شارێکی دیکەی قۆناغی ئیسلامی، لە شەقامێکی بەرین و درێژ و خاوەن لق و پۆلی زۆر کە بە کۆڵانی تەسك و پێچاو پێچ هەندێك جاریش داخراو دەناسرێتەوە.

سەبارەت بە شێوازی بیناو خانووەکانیشی، لەسەر شێوازی کۆنی ڕۆژهەڵاتییە، واتا هەبوونی حەوشەیەك لە ناوەڕاستی خانووەکە و چواردەوری بە ژوورگیراوە. زۆربەی ئەو هۆدە و ژوورانەشی کە دەڕواننە سەر کۆڵان و شەقامەکان، یا بێ پەنجەرەن یان خاوەن پەنجەری بچووك بچووکن لە پێناو پاراستنی حوورمەتی دانیشتوانی خانووەکە. باری ئاوەدانی و باڵەخانەکانی، مامناوەندی و ڕوو لە خراپبوون بوو.

گەڕەکەکانی قەڵا بریتی بوون لە: گەڕەکی حەمام موسڵمان، گەڕەکی حەمام مەسیحی، گەڕەکی ئەغالق، گەڕەکی مەیدان . جرت مەیدان هەر لەنێو گەڕەکە سەرەکییەکانی قەڵادا، چەند گەڕەکێکی بچووك و لاوەکی هەبوون کە لە لەلایەن دانیشتوانی قەڵاوە ناویان لێنراوە وەکو گەڕەکی: یەدی قزلەر، زیندان، تۆپ قاپی، تاشی قاپی، حەلواچی، کە بەشێکیان دەیانڕوانییە سەر بەشی خوارەوەی قەڵا.

گەڕەکەکانی قەڵا تێکەڵاوی نەتەوەیی و ئاینی جۆراو جۆر بوون لە کورد و تورکمان و کلدو و ئاشوور، ئەرمەن، کە کڵێسەو مزگەوتی هەموو لایەنە ئاینییەکانی تێدا هەبوو. بە تەبایی هەر یەکەی خەریکی جێبەجێکردنی سرووتی ئاینی خۆیان بوون.

ئەوەی لەم گەڕەکە سەرنج دەدرێت ئەوەیە کە لەڕوویی تەلارسازییەوە ماوەی هەموو قۆناغە مێژوویەکانی تێدایە و هەموو پێکهاتەکان ڕۆڵیان هەبووە لە بنیاتنانی هونەری تەلارسازیدا و لەسازدانی هونەری نەخش و نیگار.

*ژمارەی دانیشتوانی گەڕەکەکانی قەڵا لەنێوان ساڵانی ١٩٤٧ - ١٩٥٧:-

گەڕەك	ژمارەی دانیشتوان ١٩٤٧	ژمارەی دانیشتوان ١٩٥٧
١- حەمام	٢٨٩٤	٢٥٧٠
٢- ئاغالق	١٦٢٣	١٨٦٣
٣- مەیدان	١٢٤٧	١٣٩٣
کۆی گشتیی	٥٧٦٤	٥٨٢٦

لەنێوان هەشتاکان و نەوەدکانی سەدەی ڕابردوو، حکومەتی بەعس بە پرۆژەیەکی داڕێژراو هەستا بە ڕووخاندنی قەڵای کەرکوك و ئاوارەکردنی خەڵکەکەیی و ڕاگواستنی کورد بۆ دەرەوەی کەرکوك و نەتەوەکانی تری دابەشکردە سەر گەڕەکەکانی خوار قەڵا و بەری قۆریە.

*گەڕەکەکانی بەر قەڵا، خوار قەڵا:-

مێژووی دروست بوونی ئەم بەشەی گەڕەکەکان بە شێوەیەکی دیاریکراو نازانرێت، بەڵام دەتوانین ئاماژە بە چەند ڕاستییەك بکەین کە خەڵکەکە بەرەو ناوشار کۆچیان کردووە و ئاوەدانیان کردۆتەوە:

١- لەپای بەرزبوونەوەی ڕێژەی ژمارەی دانیشتوان لە قەڵادا، خەڵکەکە پێویستیان بە پێگەو شوێنی تر هەبوو بۆ نیشتەجێ بوون، بۆیە گەڕەکی نوێ لەخوار قەڵا بنیات نرا.

٢- کردنەوەی کۆمەڵێك دامودەزگای جۆراو جۆر لەخوار قەڵا پێویستی بە ئاوەدانی و فراوانکردنی گەڕەکی تر هەبوو تا بۆ ئەوەی کاروباری کارگێڕی و بەڕێوەبەرییەکان بەڕێوەببەرن.

٣- فراوان بوونی هێڵە بازرگانی و ئابوورییەکانی شاری کەرکوك، بوو بەپێویستیەکی گرنگ لە پێناو دروستکردنی گەڕەکی نوێ و بنیاتنانی گەڕەکی ئابووری کە لەگەڵ پێویستییەکانی سەردەمدا بگونجێت بەتابەتی هێڵە بازرگانییەکانیان لەگەڵ سلێمانی و دەوروبەری.

٤- زیاد بوونی پێویستیە کارگوزارییەکانی خەڵك، کە قەڵا لە توانایدا نەبوو هەمووی جێبەجێ بکات، بۆیە پێویستی بە گەڕەکی تر هەبوو کە پێویستیەکانی ژیان جێبەجێ بکات.

ئەم بەشەی شار لە بەر گرنگیی پێگە ئابوورییوکەی و لە خۆگرتنی بازاڕ، لەسەدەی نۆزدەهەم و سەرەتاکانی سەدەی بیستەم، فراوانترین و چڕترین شوێنی نیشتەجێ بوونی دانیشتوان بووە. هەڵکەوتنی گەڕەکەکان و شێوازی دروستکردنی خانووەکانی بەشی بەر قەڵا، جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ چەشنی بنیاتنانی خانووەکانی قەڵادا نییە. هەر بەو شێوازە کۆنەی دروستکردنی خانوو، لە بەردی کلسی و قووڕ و هەندێکیشیان گەچیان تێدا بەکارهێنراوە. بەهەمان دەستوریش، لەپای بەهێزبوونی لایەنی بەگری، خانووەکان لەپاڵ یەکدا هەڵچنراون و خاوەنی کۆڵانی پێچاو پێچ و تەنگەبەرن.

دەرگاکانی لەدار گوێز دروست کراون و بە بزماری گەورە گەورە، پتەو کراون، پاش داخستنیان بە چەند مرۆڤی بە هێز ناکرێتەوە.

زۆربەشیان ژوورەکانیان تاریك و خاوەن پەنجەرەی زۆر بچووکی شێوە بازنەیین تاوەکو لەڕووداوی دزی بەدوور بن.

خانووی گەڕەکەکانی بەر قەڵا بە جۆرێك دروست دەکرا، کە بۆ ژیانی ڕۆژانە دەست بدات، بەرگەی سەرما و گەرمای دەگرت. لە نەخشەکێشانیدا سامان و گیان بە بەرچاوەوە دەگیرا، (قایە و گەچ)ی لە قایە دروستکراو لەو (کان)ی مەڕمەڕانە دەردەهێنرا کە تەواوێك لە نزیك شارەوە بوو بینای پتەوو توندی پێ بنیات دەنرا، خانووی لە قووڕ درووست کراویشی هەبوو.

گەڕەکەکانی (بەر قەڵا) پێك هاتبوو لە: گەڕەکی ئیمام قاسم، گەڕەکی ئاخووڕ حوسێن، گەڕەکی پیریادی، چقوور، گەڕەکی ئاوچی، گەڕەکی بلاخ . بۆلاق، گەڕەکی موسەڵلا، گەڕەکی شۆریجە، گەڕەکی بەرتەکیە، گەڕەکی سەیید سەروەر، گەڕەکی ئازادی، گەڕەکی ئیسکان، گەڕەکی بارووتخانە، گەڕەکی دەروازە پێکهاتەی *دانیشتوانی گەڕەکەکانی (بەر قەڵا) لەنێوان ساڵانی (١٩٧٤ .١٩٥٧):-

ناوی گەڕەکی:	سەرژمێری ١٩٤٧	سەرژمێری ١٩٥٧
١- موسەڵلا	٤٦٧٤	٨٢١٧
٢- ئیمام قاسم	٤٦٧٢	١١١٣٨
٣- پیریادی موسڵمان	٣٣٦٥	٦٠٦٣
٤- پیریادی موسەویی و جولەکە	١٦٤٦	
٥- چووقوڕ	٣٢٥٢	٣٥٢٣
٦- بۆلاق	٣٠٣٦	٣٤٠٥
٧- شۆریجە	٢٣٦٨	٧٧١١
٨- ئاخووڕ حوسێن	٢٠٤٥	
٩- چای	١٧٥٤	١٦٦٢
١٠- ئاووچی	١٣٣٠	٢١١٩
کۆی گشتیی	٢٨١١٥	٤٣٨٣٨

*گەڕەکەکانی بەری قۆریە (یان ئەوبەری ڕووباری خاسە):-

ئەم بەشەی شار، دەکەوێتە ئەو بەری ڕووباری خاسە و ڕۆژئاوای شاری کەرکوکەوە، بە بەرارود لەگەڵ بەشەکانی دیکەدا، مێژووی ئاوەدانی تێدا نوێیە، بەڵام مێژووەکەی بەشێوەیەکی ڕوون دیاری نەکراوە، ئەم بەشە پێدەچێت پێشتر گوندێك بووبێت و کەوتبێتە نێو سنوورەکانی شارەوە.

وەکو هەندێ توێژەر ئاماژەی بۆ دەکەن، مێژووی ئاوەدانی ئەم بەشەی شار دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی شانزەهەم، بەڵام تا نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەم بەشێکی کەمبایخ و بچووك بووە.

لەو ڕۆژگارەدا کاریگەریی ئاوەدانی عوسمانی گەیشتووەتە ناوچەکە و کار بەدەستانی عوسمانی دام و دەزگاکانی ئیدارەی حکومەتیان لە شاری کەرکوك گواستووەتەوە ئەو بەر، هەر بۆیە ووردە ووردە گەشەیان کردووە و فراوان بوونە، چونکە گواستنەوەی دەزگاکانی حکومەت و دروستکردنی بینای نوێ بۆ بەڕێوەبردنی شار و ناوچەکە، کاریگەریی زۆری لەسەر سەقامگیری ئەمن و ئاسایشی شارەکە و دەوروبەری هەبووە و بوونەتە مایەی پەیدابوونی باوەڕی بنەماڵە دەوڵەمەندەکانی شار و بڵاوبوونەوە یان لە نزیك باڵەخانەکانی حکومەت.

دروستکردنی پردێکی بەردین لەلایەن موتەسەڕیفی کەرکوك (نافیز پاشا) لەساڵی ١٨٧٥ی زایندا کە بە تاش کۆپرو ناوی دەرکرد، ئەم پردە ڕۆڵی بینی لە بە یەك بەستنی هەر سێ پارچەکانی گەڕەکەکان.

دروستکردنی خانووەکان و بەکار هێنانی زەوییەکانیشی جیاوازییان

هەبوو. بە تەنیشت یەکەوە هەڵنەچندرابوون، هەروەها ئەم بەشەی شار ڕێژەی سەوزایی زیاتر بوو، لەسەر شێوازی ڕۆژئاوایی دروستکرابوون، زۆریکشیان باڵەخانەی دوو نهۆمی بوون.

***پێکهاتەی دانیشتوانی گەڕەکەکانی قۆریە لەنێوانی ساڵانی (١٩٤٧ - ١٩٥٧):**

ناوی گەڕەك	سەرژمێر١٩٤٧	سەرژمێری ١٩٥٧
١- بەگلەر	٨٦٠٣	١٩٩٠٣
٢- ساری کەهیە	٢١٥٠٥	١٦٨١٣
٣- خاسە	-	١٠٩٠٩
٤- ئەڵماس	-	٦٥٥٨
٥- شاترلو . شاتەری	٤٣٣٠	٥٤٧٨
٦- (تسن ، تسعین)	-	٤٣١٢
٧- مەحەتە	-	٢٩٥١
٨- دادچی	-	١٥٣٣
٩- کۆمپانیای نەوت کەرکوك	-	١٣٦١
١٠- مەحەتەی نوێی کەرکوك	-	٩٣٠
کۆی گشتیی	٣٤٤٣٨	٧٠٧٣٨

• گەڕەکەکانی بەری قۆریە: گەڕەکەکانی ئەم بەشە پێکهاتووە لە :

١- گەڕەکی ڕەحیماوا
٢- گەڕەکی مامۆستایان
٣- گەڕەکی تەپەی مەلا عەبدوڵلا
٤- گەڕەکی عەرەفە
٥- گەڕەکی ئەڵماس
٦- گەڕەکی قۆریە
٧- گەڕەکی ئەحمەد ئاغا
٨- گەڕەکی شوان
٩- گەڕەکی (بەگلەر . بەگەکان)
١٠- گەڕەکی تسعین

حکومەتی بەعس لە بەری قۆریە کەوتە فراوان کردن و بە عەرەب کردنی کەرکوکو بووە دروست بوونی چەندەها گەڕەکی نوێ و هێنانی عەرەب بەلێشاو و نیشتەجێ کردنی لەو گەڕەکەکانە و بەم شێوەیە:

١- گەڕەکی خەزرا
٢- گەڕەکی (حی بەعس)
٣- گەڕەکی واستی
٤- گەڕەکی ئەلواستی
٥- گەڕەکی یەکی حوزەیران
٦- گەڕەکی دۆمیز
٧- گەڕەکی یەکی ئازار
٨- غرناتە
٩- گەڕەکی فرۆکەخانە

• ئەو گەڕەکانەی لە گوندەوە بوونەتە گەڕەك:

هەریەکە لە گەڕەکی زێویە و گەڕەکی قۆریە، خاوەنی مێژوویەکی دوورودرێژن و لەسەرەتادا، ناوچەی ئاوەدان بوون و لە دووایدا وەکو گوند درێژەیان بە ئاوەدانی داوە لە دوایدا چوونەتە چوار چێوەی گەڕەکەوە و لە چوار چێوەی شاردا تۆمارکراوە..

بنەڕەتی زێویە، لە تەنیشت ئەو گۆڕانکارییە ئەتنۆگرافی و زمانەوانییەی کە لەسەردەمیی میدییەکاندا رووویدا لە هەندێك لە ناو هێنانە ناوخۆییەکان، کە هیند و ئەورووپی نەبوون، تائێستا

لە ناو کوردا بە زۆری بەکار دەهێنرێت وەك ناوهێنانی زێویە لە کەرکوك و بەکارهێنانی لە سلێمانی و هەولێر، کەپاداگرتنە لەسەر ئەو درێژبوونەوە زمانەوانییەی ماننا، ئەویش لەچوار چێوەی شارە ناوبانگەکان زێویەر زیبا لە وولاتی (زاموا) لە سلێمانی و ئەرابخا لە کەرکوك و (ئەربیللو) لە هەولێر هەروەها ناوچەی زێویە یەکێك بووە لەو ئاقارانەی کە لەسەرەتای بلاوبوونەوەی ئاینی مەسیحدا پێشوازی لێکراوە و قوربانی زۆری داوە لە پێناوی باوەڕبوون بەو ئاینە).

گەڕەکی قۆریە جاران جێگەی گوندێك بوو لە نزیك شار، بەڵام لەبەر فراوانی شارەکە، ووردە ووردە گوندەکە بۆتە گەڕەکێکی ناوشارەکە، فراوان بووە لە هەموو ڕوویەکەوە.

بنەڕەکی ناوەکەی هەروەکو مامۆستا تۆفیق وەهبی بۆی دەچێت: یەکێك لە گەڕەکەکانی کەرکوك کەوتۆتە رۆخی دەستە راستی رووباری خاسە، بەشی خوارووی، بەرزی ئەو شارەیە کە لەسەر گردێکی بەرز دروست کراوە کە قەلایە، ناوهێنانی ووشەی قۆریە ناوهێنانێکی وەسپی شوێنی گەڕەکەکەیە کە داڕێژراوە لە قۆر لەسەر بنکەی عەرەبی کەمانای بەرەولێژی یا ژێری دەگەیەنێت. هەروەها لە ئێستادا لە شێوەی هەواتر هاتووە بە مانای دەشتایی. یان لەوانەیە لە چوار چێوەی بنەڕەتی ناوەکەی بۆ هاوسەردەمی هوری میتانیاکان دەگەڕێتەوە کە لەدوایدا خۆی بینیووەتەوە لەناوی قۆریە . خۆریە.

• سەرچاوە و پەراوێزەکان:

١- ماهر النقيب، كركوك و هويتها القوميه الثقافية، وەرگێران لە تووركیەوە حيب الهرمزی، ئەستەنبوڵ، ٢٠٠٨، لاپەڕەکانی ٨٣ . ٨٤

• هەروەها بڕوانە:

١- بارو دۆخی کۆمەڵایەتیی شاری کەرکوك (١٩٢١ . ١٩٥٨)، د. دڵشاد مەحمود عەبدولڕەحمان، ٢٠١٩، لاپەڕەکانی (٧١ . ٧٢)
٢- الحياة الاجتماعية في العراق ابان عهد المماليك (١٧٤٩ . ١٨٣١)، نامەی دکتۆرای بلاوبوونەوە لە زانکۆی قاهیرە ساڵی ١٩٧٦، لاپەڕە ٦٧
٣- موصل ولايه ايجون ايكنجى دفعه، ئەم سەرچاوەیە لە کتێبی بارو دۆخی کۆمەڵایەتی شاری کەرکوك، ... لاپەرە ٧٢
٤- صبحى ساعتي، احياء كركوك و معالمها، وەرگێرانی نەسرەت مەردان، ٢٠٠٥، لاپەڕە (٤٠٣)، هەروەها عەلی مەحمود محەمەد، کەرکوك شاری مەلا و ئاگرە خۆیی، ٢٠٠٦، لاپەڕە ١٠٦.

بەرنامەو وەماچۆ ڕازوانی هەورامی (گوران) مەدێوو

چە سەردانیمان پەی شاری هەڵەبجە چە بەرواری ١٢-٦-٢٠٢١چەمان وە د.ناجح گوڵپی کەفت کە مێوانی بەرنامەی وەماچو بی چە کەناڵی ئاسمانی کەرکوك دەربارە و بەرهەمە چابکراوەکانش کە تایبەتەن وە رازوانی هەورامی، پەیمان رونش کەردە وە واتش وە شەویستیم پەی رازوان و ئەژایم هەوڵدایم نیانرە پەی نەفوتیاش، ماوەو چن ساڵەن هەمیشە گردو وەختیکم نیانرە پەی لوای شونیرە وئاین وئەدەب و هونەر وزوان و هەورامی هەوڵی مەژە و چەگردو ویارە کانە نەوێم دەوڵمەند بکەرو وە زانیاری سەرو فەرهەنگ و هەورامانی . هەرپاسە دلیو نویستەکانیش مەواچۆ هەوڵمدان گردو لەهجەکانو زووانی گوران وهەورامی باوەرونە دلی واتە گرد لە جە انم نویستەنم وەتایبەت فرەوە زوانی گوران کە کونترین زوانی هەورامیەکانەن.

هەرپاسە داوامان کەرد دەربارەو بەرهەمەکانش پەیمان بدیوو مەواچۆپەی ماوەو چن ساڵێوەن هەرمانۆ رازوانی هەورامی مەکەرو ،تا ئیسا یەرەم بەرگم چەچاب دان دابە شم کەردەن وەسەر چن بڵاوکراوەیەکەرە پەی نمونە بەرگی دوەمم چە ساڵی ٢٠١٨ وەچاپ هاوردەن باسو رازوانی ئەلفوبێ هەورامی ،ئامراز ،چەمە ،کەردە ،ژمارە، مەکەرو بەڵام چە وڵاوکراوەی دوەمم باسو زوانی هەورامی مەکەری چەنی چەمەی ئاراتاشیا وچەمەی ئامیتە وبکەر وجورەکانش،دروسنای(واتەسازی) مورفیم وجورەکانیش وکەرەسەکا، درۆسناسی ، رەستە ، زووان وئەشناسایولەقەکانیش.

کۆتا وڵاوکراوەم ئەوێچ ساڵی٢٠٢٠کەتایبەتەن وە باسو دەنگ کە فنەتیك وفنەڵەجی چەویش مەگیرژ هەپاسە دەربارەو سەرنجێو واتەێ (ماچو) یام (مەواچو) د.ناجح مەواچو دروست بێەێی ماچو وەکو وشە بنەڕەتنە (مە + واچو=مەواچو) زوانو هەورامێنە (مورفێمو (مە) یام نیشانێ سازەو (مە)مەگنونە وەڵێ کەردەوەی مەکەروشبە حالتو سەرەمەڕەی وێیسەی ئەگەر بواچمێ (مەواچو) کەنمەتاوو بواچونە ئینە هەڵەن .چون بەیاساو دەسورو زوانی دروسە بێنە ، وەرینانمان کە ئەپیسەشان واتەن فەرەتر جە ئیمە زاناتەرو هوشیار تەرێ بێنی .ئیمە گجار گلەیی مەکەرمێن ئەو بڕێ کە مەواچان زوانو ماچوی پەی زیاتەر ئاشنایتان،زەنگنە ، ئەولەمەلکیەکێ پاوە جیاتی (واچو-بلێم) مەواچان(باچو)ئینەیچ کوڵکریاو (بواچو)ین واتە بنەڕەتنە ئەپیسەنەن (مە+واچ+و) سازەرو نەویەردەی +ڕیخەو چەمەی+یاگەنمێ پەیوەسەێ ئینە نمونەیکەن چە ئەسلۆ وکەردەوەکان ئەگەر کوڵیشان بکەرمێوە ئانە تەنیا زوانە ئاسانیشا مەکەرو ،زوانی وچیان کە مەشو پێسە بواچو وەختو دوای وقسێ کەردهینە ،وەلێم وەزوانی نویسیای ،مەشو دەسور زوان وەرچەم بگێرمێ،نەك بە زوانو دەگا وقسێ کەردی. ئانە هەکە مەواچمێ (ماچو، ماچمێ، ماچا، باچو، باچا، باچمێ، باچو) ئینە زوانی وچیان ،زوانو قسێکەردەین نەك نویستەی. چە کوتایی سە ردانیکەمان دکتورناجح پەیامیکش پەی گوران زوانەکان مەکیانو مەواچو (گرد زووانەکە پیسەی وێوی مافو ژیواشان هەن،هەرکەس زووانی ئاژایی ویش نەزانو نەوانەن،زوان ئیزانەترین میراتوملەتیوەن .

گەشتی هەوار لە گەلی زۆرەگڤانەوە

گەلی زۆرەگڤان لە دەڤەری بارزان بەیەکێك، لە دیارترین ناوچە گەشتیارییەکانی ئەو ناوچەیە دادەنرێت و ساڵانەش بەهۆی دیمەنە جوان و دڵگیرەکەیەوە گەشتیارێکی یەکجار زۆر سەردانی دەکەن و بۆچەند ساتێك چێژ لە جوانی سروشت وەردەگرن.

گەلی زۆرگڤان، دۆڵێکە بە دارچنارە باڵابەرزەکان داپۆشراوەو ئاوێکی سازگار بە ژێریدا دەڕوات، ئەمەش دیمەنێکی هێندەی تر دڵڕفێن و جوانی بەو شوێنە بەخشیوە .

پرۆگرامی (گەشتی هەوار) لە زنجیرەیەکی نوێی بەرنامەکەدا کە دوو هەفتە جارێك لەسەر شاشەی (کەناڵی کەرکوك) پەخشدەکرێت، لە ئامادەکردن و پێشکەشکردنی (هەوار فارس)ـە ، لەگەڵ گروپی شاخەوانی ئالا لە پارێزگای هەولێر گەشتێکیان بۆ نێو سروشت و دیمەنە جوان و دڵگیرەکەی گەلی زۆرەگڤان لە دەڤەری بارزان ئەنجامدا، بەشداربووانی گەشتەکە ژمارەیان نزیکەی (٢٥) کەس دەبوو لە هەردوو ڕەگەز، هەروەها بچوکترین بەشداربووی گەشتەکەش دوو منداڵی چاو گەش بوون بەناوەکانی (ئاسیا و ئەیاس).

شوێنی چاوەڕوانی گروپە شاخەوانییەکە بۆ کۆبونەوەی شاخڕەوەکان بەردەم پارکی ماجدی مۆڵە، سەعات ٤:٣٠ بەیانی دەستکرا بە گەشتەکە، بەهۆی ئەوەی کەش و هەوا گەرم بوو، گەشتەکە بۆ ناو سروشتی زۆرەگڤان بوو، بەڵام بەهۆی کەمی بارانبارین لەمساڵدا ڕێژەی ئاو لە گەلی زۆرەگڤان کەم ببوەوە بەهۆی چونی گەشتیارێکی زۆرەوە بۆ ئەو دەڤەرەش، پاشماوەیەکی زۆر لەدوای گەشتیاران جێمابوو، ئەوەش دیمەنی ئەو ناوچە دڵگیرەی کوردستانی شێواندبوو،

ئەمەش شاخڕەوەکانی نیگەران کردبوو، چونکە ئامانجی ئەوان پاك ڕاگرتنی ژینگەی کوردستانە .

پاش زیاتر لە چوار سەعات ڕێکردن و پشوو وەرگرتنی کورت، شاخڕەوەکان دەگەنە سەرچاوەی ئاوی گەلی زۆرەگڤان، بەبینینی ئەو دیمەنە جوانە جەستەی شەکەتیان ماندووبونی ڕێگاکەیان بیردەباتەوەو بۆ خوانی نیوەڕۆ لە قەد پاڵی تاڤگەکە دەمێننەوەو شاخڕەوەکان دەست دەکەن بە ئامادەکردنی خواردن و تیمی (گەشتی هەوار)یش لە ئامادەکردنی پرۆگرامەکە بەردەوام دەبن .

کات دەگات بە ٣ی پاش نیوەڕۆ، دووبارە بەرەو خاڵی دەستپێك دەگەڕێنەوەو بەشێك لە شاخڕەوەکانیش لە گەشتەکەیان بەردەوام دەبن، چونکە بڕیاربوو کەمپێنێکی شەو مانەوە لە هەمان شوێن ئەنجام بدەن .

یاریگای ئۆڵۆمپی

لە نێوان سەرکوتکردنی کوردان و خەونی بەدی نەهاتووی وەرزشکارانی کەرکوک



عەدنان عەبدولڕەحمان

مانگی ئابی ١٩٨٩ عێراق میوانداری پاڵەوانێتی جامی (فەڵەستین)ی کرد، کە تێیدا (١٣) هەڵبژاردەی لاوانی وڵاتانی عەرەبی بەشداربوون، لە سەروبەندی ڕێکخستنی پاڵەوانێتییەکەدا کردنەوەی یاریگای ئۆڵۆمپی کەرکوک ڕاگەیاندراو یاریەکانی کۆمەڵەی سێیەم کە هەڵبژاردەکانی (سعودیە، بەحرێن و کومیت)ی لە خۆگرتبوو لە شاری کەرکوک و لە سەر یاریگای ئۆڵۆمپی ئەنجامدران.

خاڵی وەرچەرخان

کردنەوەی یاریگای ئۆڵۆمپی مژدەیەکی خۆش بەخشبوو، پێشبینی دەکرا ببێت بە خاڵی وەرچەرخانی بواری وەرزشی لە شاری کەرکوک، ئەوەبوو لە دوای میوانداری پاڵەوانێتی جامی فەڵەستین، یارییەکانی خولی یانەکانی عیراق لەسەر یاریگای ئۆڵۆمپی بەڕێوەدەچوو، بە حوکمی ئەوەی یاریگای ئۆڵۆمپی شیاوە بۆ پاڵەوانێتی و خولی یاری هەمەچەشن، لقی کەرکوکی یەکێتی گۆڕەپان و مەیدان میوانداری پاڵەوانێتی یانەکانی عیراقی پێبڕا، جێگیرکردنی بارەگای نوێنەرایەتی کەرکوکی لیژنەی ئۆڵۆمپی و لقی یەکێتییە وەرزشییەکان و ئەنجامدانی مەشق و ڕاهێنانی ڕۆژانەی تیپ و ناوبژیوان وایکرد جموجۆڵی وەرزشی شارەکە بکەوێتە ئەو یاریگایەوە.

مۆڵگەی سەربازی ئۆڵۆمپی

دوای دوو ساڵ بەسەر کردنەوەی یاریگاکە، ئەو سیما جوانەی وەرزش کرا بە مۆڵگەی سەربازی و کەوتە ژێر زنجیری تانك و پۆستاڵی پیاوانی بەعس و گاردی کۆماری و چەندین یەکەی تۆپخانەو سەکۆی موشەکی و چەکی قورس لەسەر تراك و چیمەنە سەوزەکەی یاریگاکە قایمکران بۆ سەرکوتکردنی جەماوەری بەشەرەفی ڕاپەڕینە مەزنەکەی بەهاری ساڵی ١٩٩١و هەر لە یاریگای ئۆڵۆمپیەوە بوردومانی دەوروبەری کەرکوك دەکرا بۆ ڕێگرتن لە هاتنە ژوورەوەی پێشمەرگە قارەمانەکان بۆ ناو شاری کەرکوك، بەمجۆرە یاریگای ئۆڵۆمپی جوانی و شیاوی بۆ چالاکی وەرزشی لە دەستدا.

خەمخۆری دوورو نزیکی کەرکوکییەکان

دوای پرۆسەی ئازادی، هەواڵی نۆژەنکردنەوەی یاریگای ئۆڵۆمپی جارێکیتر وەرزشکارانی شادکردەوە، دەبوو کۆمپانیای (ئافا سپۆرتی تورکی) کە تەندەری پرۆژەکەی لە کۆمپانیای (ڕەشید)ی سەر بە وەزارەتی پیشەسازی عێراق وەرگرتبوو، بەزووترین کات دەست بە کارەکانی بکات، بەڵام بە بیانوی ئەوەی بەشێك لە خێزانی ئاوارە سەربەرزەکان کە ماڵ و حاڵیان داگیرکرابوو لەگەڵ گەڕانەوەیان بۆ زێدی پیرۆزی خۆیان لە نێو یاریگای ئۆڵۆمپی نیشتەجیبوون، کارەکان دەستیان پێنەکرد، ئەو کات ساڵی ٢٠٠٩ ڕەوانشاد سەرۆك (مام جەلال) خەمخۆری دوورو نزیکی کەرکوکییەکان لە سەر بودجەی تایبەتی خۆی قەرەبووی خێزانە جێنشینەکانی کردەوەو یاریگاکە ڕادەستی لایەنی پەیوەندیدار کرا.

هەشت ساڵ بەسەر وادەی کۆتایی

بەپێی پرۆپۆزەڵی پرۆژەکە دەبوو کارەکانی نۆژەنکردنەوەکە ڕۆژی ٢٠١٣/٦/١٨ کۆتایان پێبهاتایەو لە فێستیفاڵێکی وەرزشی کردنەوەی یاریگاکە ڕابگەیەندرایە، بەڵام لە دوای ٨ ساڵ بەسەر ئەو وادەیە، تا ئامادەکردنی ئەم بابەتە لە ٨٠٪ کارەکانی یاریگای ئۆڵۆمپی ئەنجامدراون، پێدەچێت هەندێك لەکارە ئەنجامدراوەکانیش سەر لە نوێ پێویستیان بە دووبارە نۆژەنکردنەوەبێت، جا بە هۆی نزمی کوالێتی بێ یا بەهۆی خراپی جۆری، باس لەوەشدەکرێ بڕگەیەکی گرنگی پرۆژەکە ئەنجام نەدرێ ئەویش شوێنی حەوانەی وەفدەکانە (ماڵی یاریزانان) بە بیانوی نەبوونی بڕە پارەی پیویست.

چوارەم کابینە ..... جیاوازی لە کاری یاریگاکان

کاتێك دەڕوانیتە پرۆژەکانی دیکەی وەزارەتی وەرزش و لاوان تایبەت بە دروستکردن و نۆژەنکردنەوەی یاریگا لە شارەکانی تری عێراق، بەڕوونی دەردەکەوێت دواکەوتنی یاریگاکەی کەرکوك لە خۆڕا نییە، چونکە لە ماوەی نزیکەی ١٤ ساڵ کارکردن لە پرۆژەی یاریگای ئۆڵۆمپی کەرکوك، چەندین یاریگا بونیادنران، ئەوەبوو ساڵی ٢٠٠٩ لە شاری بەسرە دەستکرا بە دروستکردنی یاریگای بەسرە(جذع النخلة) کە گەورەترین یاریگا لەسەر عێراق ساڵی ٢٠١٣ ڕادەستی لایەنی پەیوەندیدار کراو پاشان لە ساڵی ٢٠١٧ گەورەیش کرایەوە، ساڵی ٢٠١٣ لە شاری کەربەلا دەستکرا بە دروستکردنی یاریگای ئۆڵۆمپی کەربەلاو ساڵی ٢٠١٦ کۆتایی بە کارەکانی هێنرا، ساڵی ٢٠١١ یاریگای یانەی زەورا ڕۆخێندراو بڕیارە لە ئایندەیەکی نزیك ڕادەستی یانەکە بکرێتەوە، لە شاری عیمارەش ساڵی ٢٠١٥ دەست بە نۆژەنکردنەوەی یاریگای ئۆڵۆمپی میسان کراو لە ساڵی ٢٠١٧ کۆتایی بە پرۆژەکە هات، ئەگەر چارەسەری بنەڕەتی بۆ گرفت و کێشەکانی یاریگای ئۆڵۆمپی کەرکوك نەکرێت، ئەوە هەموو شارەکانی عیراق دەبنە خاوەن یاریگای مۆدێرن و خەونی وەرزشکارانی کەرکوکیش بەدی نایەت.

چوار کابینەو چوار بەڵێنی بڵقی سەر ئاو

کارکردن لە پرۆژەی نۆژەنکردنەوەی یاریگای ئۆڵۆمپی لە سەردەمی چوار کابینەی وەزارەتی تێدەپەڕێت و هەر چوار وەزیرەکەش بەڵێنی جێبەجێکردنی پرۆژەکەیان نەبردۆتەسەر، سەرەتا لە سەردەمی محەمەد جاسم جەعفەر دەستکرا بە کارەکانی پرۆژەکەو بەڵێنیدا یاریگایەکی مودێرن و سەردەمیانە پێشکەش بە وەرزشکارانی کەرکوك بکات، پاشان لە سەردەمی عەبدولحسێن عەبتان جموجۆڵێك دەستپێکردو بە تایبەت لە کۆتا ڕۆژەکانی کابینەکەیدا جەنابی وەزیر سەردانێکی مەیدانی ئەنجامداو لە دانیشتنێکدا لەگەڵ بەڵێندەرانی پرۆژەکە بڕیاری خەرجکردنی سلفەی پێدان و ئاڵوگۆڕکرا لە جۆری چەند کەرەستەیەك و لە بەردەم کەناڵەکانی ڕاگەیاندن وتی: لە کەرنەڤاڵێکی قەشەنگداو بە چالاکییەکی تۆپی پێی کچان کردنەوەی یاریگاکە ڕادەگەیەنن، دواتر دکتۆر ئەحمەد ریاز بە گوڕوتینێکی جیاوازەوە دەرکەوت و لە ماوەیەکی کورتدا چەند جارێك شاری کەرکوك و پرۆژە وەرزشییەکانی بەسەرکردەوەو بەهاری هێنایە ئەژنۆ و هیچی لێ نەهاتە بەر، ئەوجا عەدنان درجال-یش هاتە کەرکوك و یاریگاکەی بەسەرکردەوە و وەکو ئەوەی عەسای سحری پێبێت، وتی : بەمنزیکانە کۆتایی بە کاری نۆژەنکردنەوە دەهێنین و یاری کۆتایی جامی عێراق لە سەر ئەم یاریگایە ئەنجامدەدەین، یارییەکە لە سەر یاریگای شەعب ئەنجامدراو کارەکانی یاریگای ئۆڵۆمپیش وەکو کیسەڵەکە هەر بەڕێوەیەو سەرجەم بەڵێنەکانیش وەك بڵقی سەر ئاو بوون.

سێ ڕێیانەکە

بە درێژایی کاری ڕۆژنامەوانی وەرزشیم یەك سیناریۆ بەردەوام دووبارە دەبێتەوە، ئەویش ئەوەیە هەر بەڵێنێك لێپرسراوانی وەرزشی ناوەند بە شاری کەرکوکیان دابێ تەنها تا خاڵس بڕی کردووە، ئەوکات لە سێ ڕێیانەکەی دیالەو خاڵس کە بەرەو پایتەخت دەسوڕێتەوە سەرجەم بەڵێنەکان دەسڕێتەوە.

من رواد الرياضة في كركوك

الرائد الرياضي سامي هەورامی

* كركوك / رزكارشواني

خلال الثمانينيات من القرن المنصرم كان للرياضي المخضرم سامي هه ورامي ومعه عدد من الرياضيين الشباب من بيشمركة الاتحاد الوطني الكوردستاني الذين عملوا في سبيل الارتقاء بالرياضة حيث استطاعوا من تاسيس فريق لكرة القدم ايام النضال في الجبل ضد الدكتاتورية ، وفي العام ١٩٨٤ واثناء فترة المفاوضات بين الاتحاد الوطني الكردستاني والحكومة العراقية عادوا الى منطقة (گوبته په) وشكلوا هنالك فريق شعبي باسم فريق شباب قنديل و ان سامي هه ورامي كان رئيس الفريق انذاك واعضاء الفريق متكون من الشباب الهاربين من الخدمة العسكرية، وقد بادر بفتح بطولة لكرة القدم باسم (بطولة شهيدان چيمن) شارك فيها نحو (٣٠) فريقا من القرى الكردية التابعة لكركوك، وبعد عمليات الانفال السيئة الصيت توجه هؤلاء الرياضيين نحو المناطق الحدودية الايرانية، واستطاعوا من اعادة تاسيس فريق قنديل لكرة القدم وشاركوا في عدة بطولات هناك مع عدد من الفرق الايرانية، وفي منطقة سقز بايران قاموا بتنظيم بطولة كروية باسم (بطولة شهداء حلبجه) بمشاركة (١٢) فريقا من مناطق بوكان و سه قز، واستمرت هذه البطولة شهرا واحدا، و كان فقيد الامة الرئيس مام جلال الداعم الرئيسي للرياضة حيث دعم الفريق ماديا عندما كان في منطقة قاسمه ره ش، وكان مام جلال يحب الرياضة كثيرا، بحسب مايرويه الرياضي المخضرم سامي هه ورامي قائلا : اذكر حين كنا في الجبال ايام النضال كان هنالك تصفيات اولمبيات اسيا وكانت تجري مباراة بين سوريا والعراق، وامر مام جلال الحراس بتشغيل المولدة لكي نتابع معا المباراة رغم القصف العنيف لطيران النظام البائد للمنطقة ، مؤكدا ان الرئيس مام جلال كان الداعم الرئيسي للرياضين الكركوكيين في ايام النضال للاتحاد الوطني الكردستاني .. وكان للرائد الرياضي سامي هورامي دور كبير في عطاؤه الرياضي بخطى واثقة في مدينة كركوك عندما شغل منصب رئيس نادي خاك الرياضي بعد العام ٢٠٠٣ ودعم الفرق الرياضية المنضوية تحت لواء النادي .

الفنان نورالدين جاف :

مركز علي مردان للمقامات بحاجة الى دعم

كركوك / رزكارشواني

كركوك تلك المدينة العريقة التي لها تاريخ حافل بالمقامات عبر سنوات طوال، وان روادها استطاعوا ان يتركوا بصماتهم واضحة في هذه المدينة امثال علي مردان و شكور خياط وحسين علي وصلاح داوده وحمه دريژ ومقداد عمر واحمد داوده و عادل محمد سليمان و عمر دريژ و محمد اسماعيل وغيرهم من قراء المقام.

ولاتزال كركوك تحتضن اصوات جميلة في مجال المقامات الكوردية والعربية والتركمانية اغلبهم من مدرسة مركز علي مردان للمقامات، وحبذا ان يلقي هذا المركز المتواضع دعما ماديا و معنويا من قبل المعنيين في الفن والثقافة لكي يواصل حضوره الفاعل في مدينة كركوك.

مجلة TV كانت في ضيافة مركز علي مردان للمقامات والتقت مسؤوله الفنان نورالدين جاف في هذا الحوار.

*** نبذة عن البدايات التاسيسية لمركز علي مردان؟**

- تاسس مركز علي مردان للمقام في سنة ٢٠٠٦ وعلى يد مجموعة من فنانين اكفاء وذوي الخبرة، وقد سمي المركز باسم الفنان الكبير الراحل (علي مردان) تخليدا لاسم هذا الفنان المبدع.

*** منذ انبثاق المركز ماذا كان دوره؟**

- منذ تاسيس مركز علي مردان كان له دور فعال في تطوير مستوى الوعي الفني والثقافي للمقام بين مختلف شرائح اهل كركوك، مدينة التاخي، وتم فتح عدة دورات لتعليم المقام وباللغات الثلاث (العربية والكوردية والتركمانية)

*** وماذا عن المشاركات الفنية للمركز ؟**

- شاركنا في اكثر المناسبات و المهرجانات المقامية على مستوى كوردستان والعراق، وكذلك على نطاق دولي ايضا لدينا مشاركات واقمنا امسيات مقامية باسم (ليلة عراقية في دار الاوبرا الدولية) في القاهرة عاصمة جمهورية مصر العربية وحصلنا على عدة شهادات ودروع.

*** وماذا عن الدورات التي اقامها مركز علي مردان؟**

- اقمنا دورات مقامية رغم ظروف جائحة كورونا اللعينة وبرعاية مؤسسة مام الانسانية للمرة الثانية، وحاليا هناك دورة للمقامات للمطربين الشباب حيث نتواصل معهم لحين تعليمهم بصورة خاصة حتى يصلون الى مستوى قراء مقامات محترفين.

*** مامدى استفادة طلاب المقام من تلك الدورات؟**

- نعم هناك مجموعات كبيرة من طلاب المقام استفادوا من الدورات التي يقيمها مركز علي مردان تحت اشراف اساتذة اكفاء.

*** امنياتكم بغية تطوير هذا المركز؟**

- نطالب الجهات المعنية اهتمامها الجاد لكي يصبح مركز علي مردان للمقام كمؤسسة فنية لتعليم الموسيقى والمقامات.. وتخصيص نثرية خاصة لهذا المركز وذلك لاستمرارية فتح دورات للمقامات.

وێبوون لەگەردەلولدا

مەهدی زریان

ژنەڕاڵ تۆلەڕەگەزی کام یەك لەدرەختە نەبینراوەکانی دۆزەخ بوویت
وابەعشقەوە باوەشت بەئاگردا کرد و بەهەورەکاندا خۆت هەڵواسی؟
تۆلەکوێوە هاتی و بەرەو کام لا
قەراربوو هەنگاوبنێت هاوڕێ،
تۆبە بەشێوازێك چیرۆکەکانت دەگێڕایەوە
هیچ شەهریارێك لێی حاڵینەدەبوو
هەربۆیە شەوەکانی تۆنەگەیشتن بەهەزارویەك!
تۆبەشێوەیەك باوەشت بەپایزداکردبوو
هەموو ساڵێك لەگەڵ گەڵای درەختەکاندا هەڵدەورایت
وەرزێك نەبوو سەوزت بکاتەوە،
هەر بەهەناسە سەردەکەتدا..
من دەمزانی
تەمەنی پایز بریتینیە لەژمارە و
میوانێکە بۆهەمیشە لەلامان دەمێنێتەوە،
لەنێۆ ژوورەکەی تۆدا بەردەوام بۆنی پایز هەڵیدەکرد و خەبەرێك نەبوو لەوەرزەکانی تر،
ژەنەڕاڵ..
تۆ نەلەهاتن مۆڵەتت لە ئێمە وەرگرت و نەلەڕۆیشتن ئاگادارت کردینەوە!
تۆ بەسەر پشتی ئەسپی زینکراوی پایزەوە لەغوربەتێکەوە دەڕۆیشتی
بۆغوربەتێکی غەریبتر،
ژنەڕاڵ تۆ وەکو منداڵێکی لاسار
لەنێو پێچی گەردەلولەوە لەدایك دەبوویت و
بەردت بەشوشەی پەنجەرە داخراوەکانی
ئەم ژیانەدا دەکێشا
بەردەوام لەخەمی گەلا وەریوەکاندابوویت
بەئێمەت دەگوت پەنجەرەکانتان بۆ ئەوگەلاوەریوانە والاکەن
کەلەدەستی غوبار هەلاتوون!
تۆ هەمیشە دڵنەوایی ئەو پیرەدرەختانت ئەکرد
کە مەرگ دواموڵەتی پێبەخشیبوون و
چەند هەنگاوێك لەتۆوە دووربوون
بەوانیشت دەگوتن بۆچی لەمردن دەترسن
مەرگ یەك وەرزی پایزی هەیە
بەلام ژیان پایزێکە و هەمیشە نابڕێتەوە!
ژنەڕاڵ ئەوبەیانییەی کەتۆ لەگەڵ غوباردا ونبوویت
هەموو ژنەکانی شار پەنجەرەی ژووری نوستنەکانیان والاکرد
پیاوەکان بەبێ ترس پێیان بەڕوخساری گەلاهەڵوەریوەکاندا دەنا
ئەوبەیانیە پایز و درەختەکان دەیان زانی ئیدی بێکەسی دەیانکوژێت
هەروەکو لەشکرێکی بێ ژەنەڕاڵ و
سەرگەردان تێکەڵی ژاوەژاوی ئەم خەڵکەهیچ و پوچە ببوون
ئەوخەڵکەی هەرگیز بیری لەخەمەکانی تۆنەکردەوە و
لەسیحری درەختێکی ڕووت
تێنەگەیشتن!

GOLDEN TIME

RESTAURANT & CAFE

كركوك - طريق اربيل | شوراو

Golden-Time-Cafe-Restaurant-kirkuk

0772 504 7384